سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست:

١- کاک خالید عەزیزی: فەلسەفەی خەباتی چەکداریی ئێمە بۆ بەرگری لە خۆمان بووە ........ ٤
٢- یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی بزووتنەوەی کوردستان جێکەوتنی ڕێکخستن و کولتووری حیزبایەتییە ........ خالید عەزیزی ..... ٨
٣- لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەنگ لەگەڵ ئێران، ڕۆژانی چارەنووسسازی ئیسرائیل بەڕێوەن ........ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٣
٤- هێرشی مووشەکیی ئێران ئامانجە سەرەکییەکەی ڕووشاند ........ دارسمە ..... ١٧
٥- ڕزگار ئەمین‌نژاد: یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی خەبات لەدژی ئاسیمیلەکردن، هێژمونیی گوتار و هێماسازییەکانی ناوەندە ........ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٢٠
٦- پۆرترەیەک لە ئەوینی نیشتمان (شەهید سەدیق فیرووزی) ........ برایم چووکەڵی ..... ٢٨
٧- خەڵک و ڕێژیم لە دوو بەرەی دژبەیەکدا ........ عەلی بداغی ..... ٣١
٨- عەلی زەندی، هونەرمەندێک لە ڕەگەزی کوردبوون ........ شەریف فەلاح .... ٣٥
٩- ترس لە زانایی ........ ئاسۆ مینبەری ..... ٤٠
١٠- لە سەرە مەنجەڵەوە هەتا چەکی ناوکی، وەهمەکانی دیکتاتۆرێکی خۆپەرست ........ ڕەزا دانشجوو ..... ٤٣
١١- کورد لە سێ دەیەی ڕابردوودا و ئاسۆکانی بەردەمی ........ زانیار حوسێنی ..... ٤٨
١٢- لە نێوان چاوەڕوانی و دروستکردنی دەرفەتدا ........ ئەلبورز ڕووبین‌تەن ...... ٥٣
١٣- شەڕێکی ترسەنۆکانە دژبە ژنان ........ سمایل شەرەفی ..... ٥٦
١٤- قووتی خەڵک بۆ "خەرج"ی مووشەک و بۆمب ........ عەلی بداغی ..... ٥٩
١٥- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی خوێندکاری کورد ........ کوردستان میدیا ..... ٦٣
١٦- شەهید سمایل شەریفزادە، سیمای ١٨ مانگ خۆڕاگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........ ناسر ساڵحی‌ئەسڵ ..... ٦٧
١٧- گەڵاڵەی زەبر و زۆر ........ ئاسۆ مینبەری ..... ٧٠

١٨- وردە بزووتنەوەی خوێندکاری لەژێر سێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا .......... د. ئازاد محەممەدیانی ..... ٧٣
١٩- خالید عەزیزی: بۆ هەموو شتێک دەمانەوێ بە شوناسی کوردی و کوردستانیبوونی خۆمان بەرەوڕووی پرسەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران ببینەوە ........................................................ دیمانە: نوردەدین سۆفیزادە ..... ٧٨
٢٠- ڕۆژهەلاتی ناوەند، مەرگی پەراوێز ........................................................ سمکۆ سەقزی ..... ٨٤
٢١- شەنگەسوارەکەی میراتگری حەماسەتی ماد و سەکاکان (شەهید خەلیل مرادی) ............... برایم چووکەڵی ..... ٨٧
٢٢- سووڕێنی کوردستان: سووتاندنی دارستانەکان پرسێکی گشتییە و بۆ ڕێژیم فەرق ناکات کام بەش لە ژینگەی کوردستان بێت ........................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٩٠
٢٣- زایەڵەی دروشمی "کرێکارانی جیهان یەکگرن" ........................................................ دارسمە ..... ٩٥
٢٤- کورتەیەک لە پێناسەی ڕێکخستن ........................................................ سەلام سەدیقی ..... ٩٨
٢٥- قەیرانخوڵقێنی بۆ تێپەڕین لە قەیران ........................................................ عومەر باڵەکی ..... ١٠١
٢٦- ئاشکراکردنی ڕاستی لەنێوان سانسۆر و دەمارگرژیدا ........................................ ئازاد مستۆفی ..... ١٠٦
٢٧- دووانەی خەڵک و دەسەلات، هەنگاوێک هەتا دارمان ........................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١٠٩
٢٨- شۆڕشێکی دیکە ........................................................ ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ١١٣
٢٩- "پرۆژەی نور" و نەگۆڕیی دیکتاتۆر ........................................................ ئەلبورز ڕووپینتەن ..... ١١٨
٣٠- لێدان لە کەرامەتی مرۆڤ ........................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٢٠
٣١- شێعراندنی ژینا و ڕازاندنەوەی ژین ........................................................ د. هاشم ئەحمەدزادە ..... ١٢٣
٣٢- دووهەم جامی ژەهر بۆ وەلی فەقیهی ئێران ........................................ عەبدولڕەحمان گەورکی ..... ١٢٨
٣٣- قووتدانی جیهان بە شێوازی چینی! ........................................................ حەسەن قارەمانی ..... ١٣١
٣٤- دەرفەتدان بە کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی گۆڕینی ڕەفتاردا ................................ عەلی بداغی ..... ١٤٠
٣٥- سەرکوتکارییەکی تاقیکراوەی بێئاکام ........................................................ سمایل شەرەفی ..... ١٤٣
٣٦- تاک و تەنیا لەنێو ئاڵقەی بەناو دۆستەکانیدا ........................................ عەلی بداغی ..... ١٤٦
٣٧- ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب: حەق وابوو ڕەئیسی لە مەحکەمەی خەڵکیدا دادگایی و بە سزای کردەوەکانی گەیشتبا ........................................................ کوردستان میدیا ..... ١٥٠

## کاک خالید عەزیزی: فەلسەفەی خەباتی چەکداریی ئێمە بۆ بەرگری لە خۆمان بووە




کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ دۆیچەوڵە لە ١٨ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا سەبارەت بە گوشارەکانی دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ سەر حیزبی دێموکرات لە ماوەی ڕابردوودا باسی لەوە کرد کە لەم پرسە ئەمنییەتییەدا کە ڕێژیمی ئێران پێداگریی لەسەر دەکرد، داوای لە حکوومەتی عێراق کردووە کە هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە خاکی عێراق بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران کەڵک وەرنەگرن. ئێمە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەمەمان نەکردووە.

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی وەکوو پاکێجێکی ئەمنییەتی لەگەڵ عێراق باسی کردووە دەگەڕێتەوە بۆ خودی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران و کوردستان، هەر کاتێ لە نێوخۆی کوردستانی ئێران خەباتی خەڵک یان بزووتنەوەی مافخوازانە دەگاتە لووتکە، کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات بیری گشتیی خەڵکانی ئێران بەلاڕێدا ببات و بڵێت لە دەرەوەی سنوورەکان هەڕەشە لەسەر ئەمنییەتیی وڵات هەیە.

ئێمەش بە دەیان جار وتوومانە، هەم لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هەم لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشادا ئەمەمان

باس کردووە کە ئێمە دەستێووەردان لە کاروباری نێوخۆیی عێراقدا ناکەین و دژی کۆماری ئیسلامیش چالاکیی نیزامی ناکەین.

کاتێ لە نێوخۆ خەڵکی کوردستان بە بۆنەگەلی جیاواز وەک نەورۆزی ئەمساڵ خەریکی خەباتکردنن و داوای مافەکانی خۆیان ئەکەن، پێویست نییە کە ئێمە چالاکیی چەکداریمان هەبێ. ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، حکوومەتی بەغداد، حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی وتوویژ و دانوستانین و ستراتێژیی ئێمە ئەوەیە کە ڕێز بۆ کاروباری نێوخۆیی عێراق دادەنێین بەڵام پرسی هەبوون و نەبوون و چەندی و چۆنیی هەبوونی ئێمە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بابەتێکە کە پێوەندیی بە دەوڵەتی عێراق و کاروباری نێوخۆیی عێراقەوە هەیە، نەک ئێران!

لەو بابەتانەدا کە پێوەندییان بە ئێرانەوە هەیە هەوڵمان داوە ڕێککەوتن بکەین لەگەڵ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم و بە جۆرێک مودیریيەتی بکەین کە بە قازانجی هەمووومان بێ.

کاک خالید سەبارەت بە زۆربوونی گوشارەکان بۆ سەر حیزب بە مەبەستی چەککرانی حیزبی دێموکرات باسی لەوە کرد کە پرسەکە چەک کردن یا نەکردن نییە، دۆخی عێراق بە جۆرێکە کە هەموو چەکیان پێیە، چەکداربوونی ئێمەش لەوێ هەڕەشەیەکی نیزامی یان ئەمنییەتی بۆ سەر ئێران بە ئەژمار نایەت، هەروا کە ئاماژەم پێ کرد ئەمە بابەتێکە کە دەبێ لە نێوان حیزبی دێموکرات و دەوڵەتی عیراق و هەرێمی کوردستاندا ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆمەڵگەی نائەمنی عیراقدا دەبێ ئەمنییەتی هەبێ و ئەم ئەمنییەتیە چۆن دابین دەکرێ، ئەوە پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە بەشێک لەم ئەمنییەتەن.

بەڕێز عەزیزی سەبارەت بە ڕوانگەی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش سەبارەت بە مەترسیداربوونی چەکداربوونی حیزبی دێموکرات لە ئێرانی داهاتوودا وتی، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بەشێک لە بەرگریی خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی کوردستانە لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر کوردستان، کەوابوو فەلسەفەی بوونی ئەم بزووتنەوەیە هەمیشە بەرگری لە خۆی بووە، ئێمە هەرگیز لە شارەکانی دەرەوەی کوردستانی ئێران چالاکیی نیزامییمان نەبووە، فەلسەفەی خەباتی چەکداریی ئێمە بەسەرماندا سەپاوە و بۆ بەرگری لە خۆمان بووە و ئەم بیانوویە کە کۆماری ئیسلامی باسی دەکا کە گوایە ئێمە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتیی ئێران و سەرەوەریی خاکی ئێرانین بە هیچ شێوازێک دروست نییە.

سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی کە جەخت لەسەر مافی نەتەوەیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانە و خەباتی بۆ کردووە و بەم هۆیەشیوە دامەزراوە ئەوەیە کە ئێمە لە هاواهانەگی و هاوکاری لەگەڵ باقی ڕێکخراوەکان و حیزبەکانی ئێران بتوانین بەرەیەکمان هەبێ و گوتاری هاوبەشمان هەبێ و بزووتنەوەی ژیناش ئەمەی نیشان دا کە بەختەوەرانە ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، لە ئێراندا پرسی کورد لایەنێکی دیکەی بە خۆیەوە بینیوە و تا ڕادەیەکی باش لەگەڵ ئەم بابەتە ئاشنا بوونەتەوە و دەتوانم بڵێم بەردەنگێکی زۆرمان هەیە، ستراتێژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە بیری گشتیی خەڵک بەلاڕێدا ببات کە لە کوردستانی ئێران دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێران هەڕەشە هەیە و هۆکاری هێرش بۆ سەر کوردستان و هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات بە مووشەک و درۆن ڕێک ئەوە بووە کە بەگشتی نادرووستە و ستراتێژییەکەیان بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران سەبارەت بە پرسی کوردستانە.

کاک خالید سەبارەت بە پرسی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتی لە سیاسەتدا، لە خەباتی نەتەوەیەکدا یان لە تاکتیک و ستراتێژیی هەر حیزبێکدا پرسی وتوویژ هەیە، لە ئێستادا هیچ وتوویژێک لە نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا بوونی نییە و لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیش پێشنیار بکات هۆکارێکی نییە کە لەگەڵیان دابنیشین.

کاک خالید سەبارەت بە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی ژینا و ڕوانگەی حیزب سەبارەت بە وتوێژ و دانیشتن لەگەڵ لایەنگرانی سیستەمی پاشایەتی، وتی: ئێمە نیزامی پاشایەتی و سەڵتەنەتیمان ئەزموون کردووە، بۆیە حیزبی دێموکرات لەگەڵ نیزامێک کە ئەزموونی کردووە ناتوانێ بچێتە قۆناغی وتوویژەوە. هەروا کە کۆماری ئیسلامی و نیزامی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیمان ئەزمون کردووە.

ئەمە بە مانای دوژمنی لەگەڵ ئەو لایەنانە نییە، ئێمە هیچ وتوێژێکی ڕاستەوخۆمان لەگەڵیان نەبووە بۆ داهاتووی ئێران چونکە لە ڕوانگەی ئێمەوە، ئەم سیستەمە ڕەت کراوەتەوە.

سەبارەت بە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وتی لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا و دوای ئەوەش لە قۆناغی دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دژی کۆماری ئیسلامیدا، ئەمە هەقیقەتە کە ئێمە جیاوازیی بۆچوونمان هەبوو، زیاتریش پێوەندیی بە ڕێککەوتنی جۆرج تاونەوە هەبوو، ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا دژی ئەم ڕێککەوتنە بەم شێوازە بووین، دژی مەنشوورەکە بووین بەو پێکهاتەوە، بۆیە ئەم ناوەندە کارایی وەکوو ڕابردوو نەما و ئێستا چالاک نییە، سەرەڕای ئەمەش دانیشتمان هەبووە پێکەوە تاکوو سەرلەنوێ ئەم ناوەندە چالاک بکەینەوە و بزانین چۆن پێناسەی

بکەینەوە.

کاک خالید سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی ڕایگەیاند: بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی ڕەوتێکی سیاسی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەگشتی لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕاستیدا دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ. پێویستە سەرنجی لایەنە جیاوازەکانی ئەم بزووتنەوەیە بدەین. ئەم بزووتنەوەیە کۆمەڵێ تایبەتمەندیی دیاری بوو، ژنان لە ئێران لەڕاستیدا بەم ئاکامە گەیشتن کە زیاتر لە ڕابردوودا دەبێ نافەرمانیی مەدەنییان هەبێ و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە نێوخۆی ئێران، کوردستان و تەنانەت دەرەوەش پشتیوانییەکی بەربڵاوی لێ کرا. لایەنی دیکەی ئەوە بوو کە بە سەرنجدان بە دۆخی کوردستان ئەم بزووتنەوەیە بوو بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و لەڕاستیدا جۆرێک نافەرمانیی مەدەنیی کوردی دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی بوو کە دێموکراتیکیش بوو.

لایەنی دیکەی ئەوە بوو کە ئەم بزووتنەوەیە توانیی کەڵکی باش لە سۆشیاڵ میدیا وەربگرێ و لە کۆتاییدا نەبوونی یەکگرتوویی بوو، کە لەم بزووتنەوەیەدا دیار بوو، خەڵک تێچوویان دا بەڵام ڕێکخراو سازمانە ئێرانییەکان نەیانتوانی بچنە فازێکی نوێوە و ئەم بزووتنەوەیە وەکوو ئاڵترناتیڤ بۆ دوای کۆماری ئیسلامی ببینن.

٢٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

# خالید عەزیزی: یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامیی بزووتنەوەی کوردستان جێکەوتنی ڕێکخستن و کولتووری حیزبایەتییە



**(دەقی وتاری وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی "پێکەوە هەنگاونان بەرەو کۆمارێکی سێکۆلار دێموکراتیک لە ئێراندا - ئاڵمان)**

سپاس و پێزانین بۆ ئێوە کە ئەو کۆنفرانسەی ئەمڕۆتان ساز کردوە و دەرفەتتان بۆ ئێمە ڕەخساندوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەتا لەهەمبەر ئێران، بەتایبەت ڕەوتی چێکردنی ئالتێرناتیڤ کە گرنگایەتیی تایبەتی هەیە، بتوانین لێرە دەگەڵ ئێوە هاوڕێیان بیروڕا و بۆچوونەکانمان بگۆڕینەوە و باس لە ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی خۆشمان بکەین.

سەرەتا دەتوانین بە ڕوانینی جۆربەجۆرەوە گۆڕانکارییەکانی دوو ساڵی ڕابردوو تاوتوێ بکەین. ئەوەندەی بۆ خەڵک دەگەڕێتەوە، خەڵک لە شەقامەکاندا خەبات بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان برەو پێدا. بە ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە ئەمە دەبێ هەم وەک خەباتێکی شێلگیر سەیر بکرێ و هەمیش هەست بە بەرپرسیارەتی و بەدیل درووستکردن. بەڵام وەک شێوازی کاروچالاکی و تێکۆشان ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ئێران بەتایبەت لە کوردستان خەڵک تێچووی زۆریان داوە، بەڵام ناکرێ

ڕێژیمێکی سیاسی تەنیا بە خۆپێشاندان بڕووخێت. گۆڕینی نیزامێکی سیاسی تەنیا دەبێ بە شێوازی بەدیل درووستکردنێکی سیاسی کاری بۆ بکرێ. واتە لەو چالاکییانەی یەک ساڵی ڕابردوودا ئێمەی ئۆپۆزیسیۆن سەرکەوتنێکی ئەوتۆمان تێیدا وەدەست نەهێنا. ئەم هەڵبژاردنەی دواییش ئەوەی سەلماند کە زۆرینەی خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامیی ناوێ، بەڵام ئایا هەرتەنیا ئەوەیکە خەڵک دژبەر بن، تەواوە؟

لانیکەم لێرەدا دەبێت ئەرکی حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان و هەموو ئەو ڕێکخراوانەی بەدوای گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین دەبێ ڕوون بکەینەوە. دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، لە کوردستان و باقی جوغرافیای ئێران لە ڕەوتی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" یان "ژینا"دا گوتاری خەڵک هەتا ڕادەیەکی زۆر دەگەڵ ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ئێران، جیاوازیی هەبوو. لەناوخۆی وڵات باس لە "تەجزیەتەڵەبی" و "تەمامییەتی ئەرزی" نەدەکرا و ئەمە کەڵکەڵەی خەڵک نەبوو بەڵکوو ئەمانە باسگەلێک بوون کە لەنێو بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە و کۆماری ئیسلامیدا پەرەیان پێدەدرا.

بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەمبەر درووستکردنی جێگرەوە یان ئاڵتێرناتیڤسازی لەمپەڕ و کۆسپەکان لە کوێدا دەبینین؟ ئەوەی دیارە ئەوەیە کە،ئێران وڵاتێکە بە تایبەتمەندیی جیاواز و هەستیار لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەند وێڕای جۆراوجۆری زۆر بەربڵاو و ڕابردووی مێژووی فرە مەزن. ئێران، عێراق و سوریە نییە، دەی کەواتا پەیامەکە ئەوەیە کە، کۆمەڵگەی جیهانی بەلەبەرچاوگرتنی جێگەوپێگە و هەڵکەوتەی ئێران دەگەڵی هەڵسوکەوت دەکات و دەبێ لە نێوخۆی ئێران لەنێو ئۆپۆزیسیۆنیشدا فاکتەرێکی دیکە بەو مژارانە بلکێنین.

کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوەیە، کۆمەڵگەیەکی جۆراوجۆرە و، ئەگەر بنچینەی پرسەکە ئەمە بێت چارەسەری پرسەکەش دەبێ بۆ بنچینەی بابەتەکە بگەڕێتەوە. بەدڵنیاییەوە کۆماریخوازی جێگرەوەیەک لە بەرامبەر نیزامی موتڵەقەی پاشایەتییە. بەڵام ئەوەیکە ئێمە ئێستا لە ئێران ڕێژیمێکی کۆماریمان هەیە، بە هۆی ناوەکەی کە کۆمارییە، نیزامێکی دێمۆکراتیکمان نییە و تەنانەت ئەگە ببێتە فێدراڵیش ئەو ڕێژیمە نابێتە سیستەمێکی دێمۆکراتیک. ئێمە لە ئێراندا هەتا ئاستێکی زۆر لە شەڕی چەمکەکان داین و ئەم چەمکانەش یەکێک لە لەمپەڕەکانی سەرەکین کە ئێمە دەبێ لە پرۆسەی ئاڵتێرناتیڤ سازی بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بین، چوونکە ئەو پێناسەیەی ئێمە هەمانە زۆرجاران دژوازییان دەگەڵ یەکتر هەیە.

لە ڕوانگەی ئێمەوە ئێران یەکەیەکی جوغرافیاییە و لەنێو ئەم وڵاتە نەتەوەی جۆراوجۆر پێکەوە دەژین و یەکێک لەو کێشانەی لە چۆنیەتی تێگەیشتن بەو بابەتانەی پێکەوە هەمانە و لە ڕابردوو و ئیستاش ڕاکردن لە ناوەند بوونی هەیە، هۆکارەکەی ڕێک ئەو دانپێدانەنانە بەو ڕاستیانەیە. لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوییشدا ناوەند بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان سەرنجڕاکێش نەبوو. بۆ کوردێک، بۆ نەتەوە و ئۆل و ئایینە جۆراوجۆرەکانی دیکەش و، لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا هیچکات ناوەند دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش نەبووە و نییە. جێگرەوەیەک کە ئێمە خوازیارین وەک کۆماریخوازی، دەبێ وەک ئالتێرناتیڤ سەیر بکرێ کە ناوەندیش سەرنجڕاکێش بکات. کاتێکیش ناوەند ڕاکێشەر دەبێ کە ببێتە مەکۆی ئەو جۆراوجۆریانە، جا ئەوکات ئیدی ئێمە باس لە بەشداری دەکەین. ئەگە بڕیار بێ ئێران لەسەر بنەمای ئەو ڕاستیانە دابمەزرێ، بە بڕوای ئێمە فێدرالیزم دەتوانێ ڕێکارێک بێ، بەڵام ئەو فێدرالیزمەش دەکرێ قسەی زیاتری لەسەر بکرێ و بەو هەمووە جۆراوجۆرییە سیاسی، نەتەوەیی، ئاینییە لە ئێران قسەوباس و کێشەی بەدوای دا دێت. چوونکە ئێمە بەکردەوە ئەزموونی ڕاکردن لە ناوەندمان دیتووە، دۆستانی ناوەندگەرا یان ئەگە بەڕاشکاوی بڵێم ئەو دۆستانەی نێوەڕۆک و چالاکییەکانیان لەسەر بنەما یان پێناسەی ئەتنیکیان نییە، ئەوان پتر ئەرکدارن کە ناوەند بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکان دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش و جێ متمانە بکەن.

لە ڕەوتی بزووتنەوە ژینا و بۆنە و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەم دواییانەی کوردستاندا دیتمان کە سیاسەتەکانی ڕێژیم بەردەوام لەسەر بنەمای سازکردنی پەراوێز و ناوەندە ڕۆنراوە. بەو پێناسەیە، پەراوێز لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن وەک هەڕەشە سەیر دەکرێ و بە ڕوانینی بەشێک لە ڕەوتە ئەتنیکییەکانیش ڕادیکالیزمێک بە دژی ناوەند تەوەری دەگوورێت و ئەم دوو ڕوانگەیە لە بەرامبەر یەکتر ڕادەوەستن. لە ڕوانگەی ئێمە ئەرکی کۆماریخوازەکان نووسینەوە و ڕوونکردنەوەی گوتارێکی هاوسەنگە، گوتارێک بتوانێ ئەو باڵانسە ڕابگرێت و نوێنەرایەتیی هەموولایەک بکات، چوونکە ناوەندتەوەری دەبێتە هۆی شەقڵگرتنی توندئاژۆیی پەراوێز و، ناوەندیش هەوڵی زۆرتری ئەو پەراوێزخستنە بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆریی پیلان و تەوتەئە دەدا.

بە نیسبەت کوردستانی ئێران دەبێ ئەوە بڵێم کە، ئەو ناوچەیە بەردەوام بە ڕوانینێکی ئەمنییەتی لە ژووره داخراوەکانی سپای پاسدارانەوە ئیدارە کراوە. لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژیناشدا ڕێژیم لەو تیۆرییە یان لە ترساندنی هەڵوەشانەوەی ئێران بە باشترین شێوە کەلکی وەرگرت و ئەو پەیامەی بەردەوام بڵاو دەکردەوە، ئەو بزووتنەوەیەی کە لە کوردستان هەیە بزاڤێکی تەجزیەتەوەریی سەر بە وڵاتانی دەرەکییە و، بۆ ئەوان گەلێک هاسان بوو ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە وەبەر مووشەک بدەن. بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین پێش بەو چەواشەکاری و پیلانانە بگرین؟ ئەو ئامانجە کاتێک دێتە دی کە لە

دەرەوەی کوردستان و لە شارەمەزنەکانی دیکەی ئێراندا دان بەو ڕاستییە دابنێن، ئەو خەباتەی کە لێرە هەیە و بەجوانیش بەڕێوە دەچێ دەبێ بە هاوئاهەنگی و هاوکاری باقی نەتەوەکانی دیکەی وەک فارس، عەرەب، بەلووچ، ئازەری و تەنانەت ئایینە جۆراوجۆرەکانیش ببێتە کردەیەکی ڕاستەقینە. ئەوەیکە چۆن ببێتە ئەمرێکی ڕاستەقینە بە دانپێدانان بەو ڕاستیانەیە. زۆر بەڕوونی دیارە ئەگە قەرار بێ نەهێڵن ئێمە بەشداری لە چۆنیەتیی ئیدارە و دەستەڵاتدا نەبین، بەدوای کام ڕێگەچارە دەچین؟ ڕوونە بەدوای دەربازبوون لە ناوەند. دەی کەوایە پێویستە تاران وەک ناوەند بۆ هەمووڵایەکمان سەرنجڕاکێش بێ هەتا لەلایەن پەراوێزەوە هیچ مەترسی و هەڕەشەیەک بوونی نەبێ. ڕێگەچارەی ئەمە چییە؟ ڕێک ئەوەیەکە، ئێمە بتوانین هەموو ئەو جۆراوجۆریانە لەسەر بنەمای ساز کردنی جێگرەوە دابنێین، با ئەوەش بڵێمەوە کوردستان دەرفەتە و هەڕەشە نییە.

لە هەموو مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا ئێمە هەمیشە بەدوای چارەسەر کردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بووین. باشە بۆ دەبێ کە باس لە چۆنیەتی ئیدارەی وڵات لەداهاتوودا بکەین وا بەهاسانی شتگەلی وەک تەواویەتی ئەرزی و تەجزیەتەلەبی باس بکرێ؟

دەبێ ئەو پرسیارەش بکرێ کە ئاخۆ مەبەست لە نەتەوە چییە؟ مەبەست لە پێناسەی زمانەکانی کوردی یان فارسی چییە کە تێیدا کێشەمان بۆ ساز دەبێ؟ ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا دەبێ هەموو ئەو چەمک و گوتارانە ڕوون بکەینەوە. زۆربەی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان کە لانیکەم بە پرسی کوردستان و نەتەوەکان و مێژووی سیاسی حیزبی دێموکرات ئاشنان دەبێ ئەو ڕاستییە قبوڵ بکەن کە کوردستانی ئێران و جۆراوجۆرییەکانی نەتەوەیی هەڕەشە نین بەڵکوو دەرفەتێکن بۆ سازکردنەوە و ڕۆنانی دوارۆژی ئێران، لە هەموو ئەم بزووتنەوانە ئێمە ئەوەمان سەلماندوە.

بەشی کۆتایی قسەکانی من ئەوەیە، لە ڕەوتی پرۆسەی گووران یان نەگووران و سەرنەکەوتن لە درووستکردنی جێگرەوەدا، دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێ، بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێران هەتا ئێستا دێموکراسی ئەزموون نەکردوە. دێموکراسی هێشتا وەک هەبوونی دامەزراوەی کردەیی لە کۆمەڵگای ئێران بوونی نەبووە، جا ئەگە دێموکراسی ئەزموون نەکراوە، کێ دەتوانێ ئەوە مسۆگەر بکات و بیچەسپێنێت؟ دامەزراوەکان کامانەن؟ وڵامەکەی ڕۆڵ و دەوری حیزبەکانە کە لە کوردستانی ئێران ئەو ئەزموونە بە شێوازی جۆراوجۆر تاقی کراوە و هەبووە، ئەو بزووتنەوەیەی نەورۆزیش ڕێک ئەم بابەتەی سەلماند.

بانەمەڕی: ٢٧٢٤

کەواتە ڕێکخستن و حیزبایەتی و دامەزراندنی دامەزراوەکان یەکێک لە مەرجەکانی سەرەکی گووڕانی دێموکراسی لە کۆمەڵگەیە. ئێمە بۆ سەرجەم چالاکییەکانی، چالاکانی مەدەنی، تاکەکەسی، سێلێبریتییەکان و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان ڕێز دادەنێین بەڵام نابێ بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ئەگە چۆنیەتیی شەقڵگرتنی کۆمەڵگەی دوارۆژ لەسەر تاکتەوەری دابنێین، دەبینین ترامپی میلیاردێر کە دێتە نێو سیاسەت، حیزبێک هەڵدەبژێرێت. ئەو دژایەتییە دەگەڵ حیزب هەتا ڕادەیەکی زۆر لە نێو دۆستان و کۆمەڵگەی دەرەوەی ئێران بوونی هەیە و ئەمە هیچ یارمەتییەکمان پێ ناکات. پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە، تەنانەت دژبەرانی حیزبی دێموکراتیش کە لەتەک حیزبەکەمان جیاوازیی بۆچوونیان هەیە، لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە و حیزب و ڕەوتی سیاسی دابمەزرێنن، ئەوکات بۆ ئێمە و ئەوانیش هاسانترە کە بزانین بەردەنگی کورد کێیە؟ ئەمە ئەزموونێکە کە لە کوردستانی ئێران هەمانبووە و یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان بە هاسانی تەسلیم نابێ و نەبووە، وێرای هەموو تێچوو و قوربانیدانێک بەڵام لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بە دژی ڕێژیمی ئیسلامی ماوەتەوە کە هەمووی بۆ ڕابردووی ڕێکخستن و تەشکیلاتەکەی، هەروەها بۆ نەزم و نیزامی حیزبایەتی دەگەڕێتەوە.

بۆ هەموو دۆستان هیوای سەرکەوتن دەخوازم و هیوادارم ئەمە دەرفەتێک بێ کە ئێمە باشتر و زیاتر لە ڕەوتی پرۆسەی بەدیل سازکردن بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژە بە کاروچالاکییەکانمان بدەین، نیزامی ئیسلامی ئێران دەبێ جێگرەوەی هەبێ و ئەو بەدیلەش دەبێ نوێنگەی ڕاستییەکانی جۆراوجۆریی کۆمەڵگەی ئێران بێ.

٣١ی خاکەلێوەی ٢٠٢٤

# لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەنگ لەگەڵ ئێران، ڕۆژانی چارەنووسسازی ئیسرائیل بەڕێوەن



نورشەلیم پۆست – یاکۆڤ کاتز

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

ئێستا ڕۆژانی چارەنوسسازی دەوڵەتی ئیسرائیلن. کاتێک ئەو وتارە دەخوێنیەوە ڕەنگبێ ئیسرائیل لەلایەن ئێران هێرشی کرابێتە سەر، یان ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە یان بە هۆی بەکرێگیراوانی ئەو وڵاتە و، ڕەنگبێ ئیسرائیل وەڵامی دابێتەوە. ڕەنگبێ دۆخەکە بۆ ئاستی جەنگی هەمەلایەنە لەگەڵ ئێران، حیزبوڵڵا یان هەردووکیان گۆڕابێ، کە شەڕی غەززە بە بەراورد لەگەڵ ئەو جەنگە لە تەنیا چەند ڕۆژدا ببێتە بیرەوەرییەکی لەبیرکراو.

دۆخەکە لە هەموو پلەکانی نێو دەوڵەت و هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیلدا ئاڵۆزە. لە لایەکەوە، لێکدانەوەی گشتی ئەوەیە ئێران نایهەوێ جەنگێکی بەتەواو مانای هەبێ و ئەوە بەو لێکدانەوەیە بوو کە هێزی بەرگریی ئیسرائیل چوو بۆ کۆبوونەوەی کابینەی ئەمنییەتی، کاتێک پێشنیاری هێرشی هاژەکیی بۆ سەر خانووەکەی دیمەشقی کرد کە لەوێ ژەنراڵی ئێرانی، موحەممەد ڕەزا زەندیی کوشت.

ئیسرائیل گریمانەی ئەوە دەکات ئێران سنووردارکردنی دۆخەکەی پێ باشتر بێ لە کاتێکدا کە زاهیدی پلەبەرزترین کاربەدەستی سەربازیی ئێران بوو کە بکوژرێ، دوای کوشتنی فەرماندەی سوپای قدس، قاسم سولەیمانی کە لە جانیوەری ٢٠٢٠، لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بە ئامانج گیرا. گریمانەکە لە ئیسرائیل ئەوە بوو ئێران وای پێ باش دەبێ دۆخەکە سنووردار بکات. بەڵێ، ئێران وەڵام دەداتەوە، بەڵام ئیسرائیل پێی وایە ئەوە نابێتە هۆی شەڕێکی هەمە لایەنە.

هۆی ناچاربوونی ئێران بە وەڵامدانەوە، پلەی بەرز و دەوری گرینگی زاهیدییە. ئەو فەرماندەیەکی پلەبەرزی سوپای قودس بوو، بەرپرسی یەکینەکانی لوبنان و سووریە و وێدەچێ دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە هاوپەیمانیی سوپای پاسدارانی ئێران، حیزبوڵڵای لوبنان و سەرۆککۆمار بەشار ئەلئەسەد دا هەبووبێ.

سێناریۆکانی شێوەی وەڵامدانەوەی ئێران جیاوازن و، هەر کامیان مەترسیی جۆراجۆر لە خۆ دەگرن. لە سەرووی هەموویانەوە ئەگەری هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران لە خاکی خۆیەوەیە. لەو دۆخەدا، بۆ ئیسرائیل دژوار دەبێ لە تۆڵەی ئەو هێرشە هێندێک شوێن لە نێوخۆی ئێران نەکاتە ئامانج، ئەوە بژاردەیەکە کە مەترسییەکی زۆری هەیە ببێتە هێرشی تۆڵەئەستێنانەی دیکە لەلایەن هەردوو لا و بەرفراوانتر بوونەوەی کێشەکە.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەری تۆڵە ئەستاندنەوە لەلایەن بەکرێگیراوانی ئێران هەیە. لێرە ئەوە بەستراوەتەوە بە کام بەکرێگیراو و چۆنیەتیی هێرشەکە. ئەگەر، بۆ وێنە، حیزبوڵڵا بە هاژەک هێرش بکاتە سەر حەیفا و تێلئاڤیڤ، ئەوسا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین ئیسرائیل ناچار دەبێ بە هێرش بۆ سەر بەیروت وەڵام بداتەوە، کە لەو حاڵەتەدا ڕێگا بەرەو جەنگ کورت دەبێ. بەڵام، بێتوو حیزبوڵڵا یان بەکرێگیراوێکی دیکە، وەکوو حوسییەکانی یەمەن یان میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق، هێرش بکەنە سەر پێگەیەکی سەربازی، ئەوسا پرسەکە زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە چ شوێنێک هەنگێوتراوە یان کێ کوژراوە. هەروەها هەمیشە ئەگەری هێرش بۆ سەر کۆنسولخانەیەک یان باڵوێزخانەیەکی ئیسرائیل لەودیوی دەریاکانەوە هەیە.

ئەوە سروشتییە کە ئیسرائیل لە ئەگەری ڕوودانی هەرکام لەو هێرشانەدا، ناچارە وەڵام بداتەوە، بەڵام کاتێک هێرشەکە بۆ سەر پێگەیەکی سەربازی بێ و هیچ زەرەرێکی ڕاستەقینە لەئارادا نەبێ و کەس نەکوژرێ، ئیتر وەڵامەکەش تەنیا سیمبۆلیک دەبێ تا کۆتایی بە کۆی ئەو دۆخە بێندرێ.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئاستی جیددیبوونی دۆخەکە لە هەڕەشەی ڕۆژی چوارشەممە لە لایەن سەرۆک کۆمار جۆ بایدن ئاشکرا دەبێ، کە پشوویەکمان لە هێرشی بەردەوامی ناوبراو بۆ سەر سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهوو، چاو پێکەوت کە هەر ئەو حەوتوویە گوتی سەرۆکی ئیسرائیل لە شەڕی غەززەدا "هەڵەیە". بایدن ڕۆژی چارشەممە لە جیاتان هەڕەشەی لە ئێران کرد کە بێتوو ئیسرائیل هێرشی بکرێتە سەر، ئەمریکا پشتگیریی لە ئیسرائیل دەکات.

سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن، فومیۆ کیشیدا، لە ڕۆژی چوارشەممە گوتی، " هەر وەکوو بە سەرۆک وەزیران نەتانیاهووم گوتوە، پابەندبوونمان بە ئاسایشی ئیسرائیلەوە، دژی ئەو هەڕەشانەی ئێران و بەکرێگیراوانی فرە بەهێزە. ئیزن بدەن با دووپاتی بکەمەوە: فرە بەهێزە. ئێمە ئەوەی لە توانامانداا بێ بۆ ئەمنییەتی ئیسرائیل دەیکەین." چەند کاتژمێر دواتر، وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئانتۆنی بلینکن، لێدوانێکی هاوشێوەی بڵاو کردەوە و بە وەزیری بەرگریی ئیسرائیل، یواڤ گالانتی گوت کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە دژی هەڕەشەکانی ئێران، پشتگیریی لە ئیسرائیل دەکات".

لە کاتێکدا کە ڕەنگبێ ئەوە وەک وەرسووڕانێکی مەزن لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بێتە بەرچاو، بەڵام بەو شێوەیە نییە. لە سەرەتای شەڕەکەوە، ئەمریکاییەکان نیگەرانی دوورەدیمەنی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرفراوانتر لە ناوچە بوون. ئەوە هۆی سەرەکیی وتاری "وا مەکەی" سەرۆک کۆمار بوو، کاتێک ماوەیەکی کورت دوای هێرشی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبر، هەڕەشەی لە ئێران و حیزبوڵڵا کرد. نیگەرانیی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکان، درێژەی هەمان سیاسەتە، کە هەموو شتێک دەکات تا پێش بە کێشەیەکی بەرفراوانی ناوچەیی بگرێ.

ئیسرائیلیش لەو هەڵا و هەنگامە جەماوەرییەی حەوتووی ڕابردوو کە هەموو وڵاتی گرتەوە، وانەی وەرگرتوە، بۆیە کاربەدەستانی ئیسرائیل بەئاشکرا شتێک ناڵێن. ئەوکاتی، دوابەدوای بانگکردنی هێزی یەدەگ و هەڕەشەکانی ئێران، خەڵک دەستیان بە ڕاکێشانی دراو لە بانکەکان کرد و دەستیان کرد بە پاشەکەوتکردنی ئاو و کڕینی هەرچی مەکینەی کارەبای بەردەست.

دەوڵەت نایهەوێ بەرەو ڕووی هەمان کاردانەوە بێتەوە، لە کاتێکدا ڕەنگبێ هەموو ئەو بەزمە بە چەند تەقینەوان کۆتایی بێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیسرائیل دەبێ ئامادە بێ. لەبەر ئەو هۆیە، لە کۆتایی ئەم حەوتوویەدا هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل مانۆڕێکی ئاسمانیی درێژمەودای بەرەو ئاسمانی قوبرس بەڕێوە برد و لە ئامادەباشیی تەواودایە، هەموو ئەوە بەو مەبەستەیە کە بە ئێران نیشان بدەن کە ئیسرائیل ئامادەیە لە کاتی پێویستدا هێرش بکاتە سەر تاران.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە دەبێ بەگوێرەی دۆخەکە ڕێژەیی بێ. ئێران ناتوانی ئیسرائیل لەنێو ببات و حیزبوڵڵا ناتوانی ئیسرائیل وێران بکات.

هەر دوو لا دەتوانن زیان بە ژێرخانی مەدەنیی ئیسرائیل بگەیەنن و خەڵکی سیڤیلی ئیسرائیل بکوژن، بەڵام ئەوان هەڕەشەیەکی کوشندە بۆ سەر ئیسرائیل نین. ئیسرائیل دەتوانێ بەسەریاندا زاڵ بێ و ئەو کارەش دەکات.

ئەوەی کە دەبێ لەبیرمان بێ ئەوەیە کە ئەو ڕاستییەی ئێستا بەرەوڕووی بووینەوە، ئاسایی نییە. ئەوە ئاسایی نییە کە ئیسرائیل لە ژێر هەڕەشەی ١٥٠ هەزار تۆپ و هاژەکی لوبنان، دروست لە سنووری باکووری خۆی بێ و ئەوە ئاسایی نییە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەردەوام داوای لەنێوبردنی دەوڵەتی جوولەکە دەکات.


ئەگەر ٧ی ئۆکتۆبر شتێکی فێر کردبین ئەوەیە کە لە کاتێکدا کە ئێمە، ئیسرائیل، ڕەنگبێ حەز بکەین هەڕەشەکە سنووردار بکەین و بیشارینەوە، ئەو هەڕەشەیە هەمیشە بە کردەیی ناکرێ. کاتێک ئەو تاقمە تێرۆریستییانە حەز دەکەن هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل و ئامرازی ئەو کارەشیان هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا ئیسرائیل سەر دەکەوێ.

ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە شەڕ لەگەڵ حیزبوڵڵا حەتمییە؟ ڕەنگبێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە پێویستە هەر ئێستا ڕوو بدا. بە لەبەرچاوگرتنی شەش مانگی ڕابردوو، هەم ئیسرائیل و هەروەها ئێران نیشانیان داوە خوازیاری سنووردارکردنی کێشەکەن و ئیزن نادەن ببێتە کێشەیەکی بەرفراوانتر.

بەو زووانە بۆمان ئاشکرا دەبێ ئاخۆ ئەوە دەتوانێ درێژەی هەبێ.

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# هێرشی مووشەکیی ئێران ئامانجە سەرەکییەکەی ڕووشاند



**دارسمە**

هێزی بێڕکابەری سوپای پاسدارانی ئێران لە کۆتایی شەوی شەممە و چرکەی یەکەمی ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤ی کوردان هێرشێکی گەورە و مێژوویی و نازانم کێترێنی کردە سەر ئیسرائیل. گەورەیی و مێژوویی‌بوونی ئەم هێرشە وەک مانۆڕی چەکوچۆڵ لەنێو ئێراندا بە هیچ جۆرێک نابێت گومانی لێبکرێت. هەرکەس گومان لە گەورەیی و مێژوویی‌بوونی ئەم هێرشە بکات، بێ سێ‌ودوو لێکردن حوکمی بێدین‌بوونی دەدرێت و پێویستە وەک ئەوانە سەیری بکرێت بە هۆی فرێدانی لەچکە و خواردنەوەی شەڕاب و داکۆکیکاری مافی ئایینی و بیروباوەڕی جودا و خوازیارانی ئازادی و مازادی بەرەو سێدارە دەبرێن.

بۆ ئەوەی بیسەلمێنین هێرشی ئێران بەرەو نازانم کوێ زۆر گەورە بووە، ئەوەندە بەسە ئاماژە بە لێدوانی گوتەبێژی دوژمن واتە لێدوانی "دانیال هاگاری"، گوتەبێژی سوپای ئسیرائیل بکەین. دانیال هاگاری دوای هێرشەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوە ئیسرائیل گوتی: ئێران زیاتر لە ١٧٠ "دوورەفڕە" (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان)، ٣٠ مووشەکی کرووز و ١٢٠ مووشەکی

دوورهاوێژی بالستیکی لە جێوە هەڵداوە و ئەمەش گۆرانیی "لەجێوە هەی لەجێوە"ی بیر هێنایینەوە.

باشترە لەم نێوەندەدا وەک نێوبڕیش بێت، ئاوڕێکی کورت و سنووردار لەم "دانیال هاگاری"یە بدەینەوە و بۆ خوێنەر دەربب خەین ئەوەی جێگەی گومانە پاشناوی ئەم دانیالە واتا "هاگاری"یەکەیەتی. "دانیال" ناوێکی سەیرو سەمەرە نییە و زۆر کەسی دیکەش بە تایبەت لەنێو ئایینەکانی دیکەدا خاوەنی ئەم ناوەن. بەڵام کێشەی ئێمە دەگەڵ پاشناوی "هاگاری"یە. ئەم هاگارییە گومانی لێدەکرێت لەبنەڕەتدا "هەکاری" بووبێت و بەدووریشی مەزانن لە "هەکاری"ی باکووری کوردستانەوە چووبێتە ئێسرائیلی ئاوەدانکراو و لە وڵاتی جوولەکاندا پەروەردە کرابێتەوە. ئەگەر ئەم شیمانەیە ڕاست بێت، "ڕێژیمی سەهیۆنیستی" دوو جاران مەترسیدارە.

لێرەدا نێوبڕی سەبارەت بە "دانیال هەکاری" دادەخەین و ئەم بەشەیان لەمە زیاتر دوو لە ڕووی تۆی خوێنەر بۆ خوێنەرانی گەمژە شی ناکەینەوە.

بێگومان هێرشەکە زۆر گەورە بوو. ئەم دوورەفڕە و موشەکانەی لە نێوەند و خۆرئاوای ئێرانەوە هەڵدران و پانتاییەکی بەرینیان گرتەوە و لە دوو ئامانجی سەرەکیی ئامانجیی نێوخۆییان بەتەواوی پێکا و وەک جوولەکە دەڵێن لە کۆی ئەم سێسەد و نازانم چە فڕۆکە و مووشەکە تەنیا یەک لە سەدیان گەیشتوونەتە خاکی ئسیرائیل" ببوورن دەبوایە بڵێم "فەلەستینی داگیرکراو."

بۆ پێکانی ئامانجی نێوخۆیی دەکرێت بڵێین بەشی هەرەزۆری ئەم دوورەفڕە و مووشەکانە لە ناوچەی باڵەکایەتیی ئەودیو سنووری دەستکرد و دەشتی سەرسەوزی مەرگەوەڕی پارێزگای ورمێ و تەنانەت هێندێکیان لە شاری شیراز کەوتوونە و لەنێو مێشکی هاووڵاتیاندا ئامانجی سەرەکییان پێکاوە و زۆربەی دانیشتووانی ئێران هەستیان بە دەستەڵاتی زل و قەبەی کۆماری ئیسلامی کرد و تێیگەیاندن ئێران چەندە چەک و تەقەمەنیی پێشکەوتووی هەیە و چۆن دەتوانێت ئاگربارانێک ساز بکات. ئەم شەوە بەهۆی گرموهۆڕی زۆرەوە خەوی هەموو لایەک زڕا و سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسیەوە. لەبەر ئەمەش بوو دوورەفڕە و مووشەکەکان بۆ هاویشتن لە زۆربەی شار و شارۆچکان دامەزرێنەدران و ئەوانەی دوای فڕاندن توانیان وەک مەلی تازە فێرەفڕین لە شەقەی باڵان بدەن و بگەنە بەرزایی، خۆیان بەگژ مووشەکی پاتریۆیت و هێزی بەرگریی فەرەنسە و ئامریکا و بریاتانیا و ئیسرائیل داکرد و بە تەقاندنەوەی خۆیان زیانێکی مادیی زۆریان بە مووشکی ئەم وڵاتانە گەیاند.

وەک نێوەندکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و تۆڕ و مۆڕی کۆمەڵایەتی لە زمان بەرپرسانی جوولەکەوە بڵاویان کردووەتەوە، لەم هێرشەی ئێران بۆ نێو خاکی ئیسرائیلدا بە مەبەستی پێشگیریکردن لە خەیانەت کچێکی ٧ ساڵانی موسوڵمان لەنێو دڵی خاکی جوولەکەدا پێکرا. ئەمەش پەیامێکی زۆر گەورەی بۆ خائینان پێبوو. پێکانی ئەم کچە بەرەچەڵەک موسوڵمانە لە لێکدانەوەیەکی سیاسیی زۆر قووڵدا پێمان دەڵێت کۆماری ئیسلامی دەست لەو موسوڵمانە منداڵانەش ناپارێزت شیمانەی ئەوەیان لێدکرێت دوای گەورەبوون ببن بە لایەنگری دوژمن و خەیانەت بە دین و ئایین بکەن؛ ئەمە پێی دەڵێن سزادانی خائینان.

پێشتر کۆماری ئیسلامی لە نزیک هەولێریش کچێکی دایک و باوک موسوڵمانی تەمەن ١١ مانگیی خاوەنی ناسنامەی هولەندیی پێکا و بە سزای خەیانەتی خۆی گەیاند. ئەم کچەش شیمانەی ئەوەی لێدەکرا دوای گەورە بوون ببێتە سەهیۆنیست و خەیانەت بە موسوڵمانان بکات.

بۆ تێگەیشتنی قووڵ قووڵ قووڵ یانی زۆر قووڵ لەم بابەتە پێویستە بگەڕێینەوە سەر ناوی "دانیال هاگاری" یان "دانیال هەکاری". خۆ ئەگەر دانیال، هەکاری بێت و ڕەچەڵەکی بۆ کوردان بگەڕێتەوە، هیچ گومانێک لە پێوەندیی نێوان کچە یازدە مانگییە مووشەکباران کراوەکەی هەولێر و کچە برینداەرکەی نێو خاکی ئیسرائیل و ئەو کچە سەقزییە ناکرێت دووساڵێک لەمەوبەر هەڵلای گەورەی لە ئێران نایەوە و ئەوەی زۆر لە جوولەکە و ئەمریکا و هەموو دوژمنان مەترسیدارترە "ژن، ژیان، ئازادی" یە.

ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

بانەمەڕی: ٢٧٢٤

# **ڕزگار ئەمین‌نژاد: یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی خەبات لەدژی ئاسێمیلەکردن، هێژمونیی گوتار و هێماسازییەکانی ناوەندە**



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**هەموو هەوڵی داگیرکەرانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو ئەوە بووە بە هەموو مێتۆدێک بەر بە گەشەکردنی شوناس و هەوێتیی کورد بگرن و دەسەڵات و هەژمۆنیی سیاسی و کولتووریی خۆیان بە هەموو هێزەوە بەسەر کورددا بسەپێنن. ژێنۆساید، سەرکوتی بزووتنەوە سیاسییە و فەرهەنگییەکان، سیاسەتی نەرمی تواندنەوە و دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردی تەنیا بەشێک لە سیاسەتی داگیرکاریی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە. بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا ناسیۆنالیزمی مەدەنی و مرۆڤتەوەر و ئاشتی‌تەوەری کوردیش بەردەوام ڕوو لە گەشە و هەڵکشاندا بووە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئاشتیخوازیی کورد لە بەرانبەر دژمنانیدا نەبووتە هۆی خولْقاندنی ئەو دۆخەی مەجالی زیاتر بە نەیارانی بدا لە سەر سیاسەتی داگیرکاریی خۆیان بەردەوام بن؟ کۆماری ئیسلامی لە درێژەی خولْقاندنی قەیرانی شوناسدا بۆچی دەیهەوێ کوردەکانی لەک، لوڕ، هەورامی لە باوەشی میللەتی کورد جیا بکاتەوە؟ ڕێکارەکانی پێویست بۆ**

بەرەنگاربوونەوە و خەبات لە بەرانبەر سیاسەتی داگیرکەری و ئاسێمیلاسیۆنی کورد لە کوردستان چییە؟ ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک باس و بابەتی دیکەی پێوەندیدار بەو باسەمان لەگەڵ ڕزگار ئەمینئژاد، کارناسی باڵای کۆمەڵناسیی پەروەردە تاوتوێ کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک ڕزگار پێش هەموو شتێک و بۆ بەرچاوڕوونی پتر دەمەوێ بپرسم لە ڕوانگەی ئێوەوە ئایا کوردستان داگیرکراو و مۆستەعمەرەیە؟ ئایا سیاسەتەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییش لە چوارچێوەی سیاسەتگەلێ ئێستعماریدا جێ دەگرن؟

**ڕزگار ئەمینئژاد**: خوێندنەوەی کارناسانە لەمەڕ کۆلۆنیالیزم، ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیکراوە و هەروەها پێیان وایە هەڵسوکەوتی تاران لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران کۆلۆنیالیستییانەیە. هەڵبەت خوێندنەوەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم چەند لقی لێ دەبێتەوە و هەر کام لەم لقانە بە تێرم و خوێندنەوەی جیاوازەوە توێژینەوەیان لەسەر مێژووی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە کردوە. بۆ نموونە «کۆ - کۆلۆنیالیزم»، «کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی» و هەروەها «کۆلۆنیالیزمی نێوان بندەستان» بەشێکن لەو خوێندنەوانە. بەڵام لەم توێژینەوانەدا بەگشتی سیاسەتی سەنتراڵیزەکردنی ئابووری-ئیداری لە ئێران و هەروەها بەفەرمیکردن و سەپاندنی کولتوور و زمانی ئێتنیکی فارس بە بنەما وەردەگرن. لە گشت لقەکانی خوێندنەوەی پۆستکۆلۆنالیستیدا پرۆسەیەکی مانادار بەدی دەکرێت لە نێوان ڕەوتی گەشەسەندوویی لە ناوچە فارسنشینەکان و هەژارکردن و بە کەمینەکردنی نەتەوە بێدەوڵەتەکانی نێو ئێران. لە سەدەکانی نۆزدە و هەژدەهەمدا ئەم ڕەوتە پێچەوانە بوو، بۆ نموونە کوردستان میرنشینی خۆی هەبوو، زۆر سەربەخۆتر و لە باری ئابوورییشەوە سەقامگیرتر بووە. خوێندنەوەی پۆستکۆلۆنالیستی هاوچەرخن و بەرهەمی کۆمەڵێک ئاکادێمیسیەن و هەروەها کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ئۆرگانیکن کە زۆر کاری باش و توێژینەوەی بەنرخیان بە زمانەکانی ئینگلیسی، فارسی، کوردی و زمانەکانی دیکە کردوە و لە ژۆرناڵی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهانیشدا چاپ و بڵاو کراونەتەوە. تەنانەت پێشبینی ئەوەش دەکرێت کە لقێکی تایبەت بە خوێندنەوەی پۆستکۆلۆنیالسیتی سەبارەت بە نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە کالێج یا زانکۆکاندا بکرێتەوە. هیوادارم ئەم هەوڵانە بگات بە ئامانج چونکە پرسی کورد دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە و ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا تووشی ئاڵەنگارییەکی جیددی دەکات. بەڵام نابێ دیسیپلینی ئاکادێمیکیش لەبەرچاو نەگرین چونکە ئەم توێژینەوانە لەمەڕ پرسی کۆلۆنیالیزم بە گشت لقەکانیەوە، لە ئێستادا هەر پێشمەرجێکی تیۆریکە و دەبێ چاوەڕوان بین لە کۆمەڵگەی ئاکادێمیکدا چۆن دەسەلمێندرێن.

بەڵام گوتاری دژەکۆلۆنالیستی لە سەردەمانی پێش ئەم توێژینەوانەش هەبووە، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو کراوەتەوە؛ لە زۆر شوێندا ئاماژە بە «ئیستعمار» کراوە، لە شێعری شاعیراندا و بۆ نموونە مامۆستا هەژار لە دژی ئیستعمار هەڵوێست دەگرن و تەنانەت دوکتور قاسملووش سیاسەتی داگیرکردنی کوردستان وەک سیاسەتێکی نیمچە ئیستعماری شرۆڤە دەکات. کەوایە هەڵسوکەوتی کۆلۆنالیستیانەی ڕێژیمەکانی ئێران لە هەست و نەستی تاکی کورددا وەها بیچمی گرتوە کە قەت لەبیری ناچێتەوە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەکۆلۆنی کراوە و، وەچە لە دوای وەچە زیاتر پەرە بە خوێندنەوەی دژە کۆلۆنالیستی دەدەن. بەڵام کاتێ حیزبێکی سیاسی و بەرپرس بەتەما بێت خوێندنەوەی دژە کۆلۆنیالیستی لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا بە بنەما وەربگرێت ناچارە ستراتیژییەکەشی بگۆڕێت. وابزانم دەرکەوتەی تێۆریی دژە کۆلۆنیالیستی لە سەربەخۆیی کەمتر نەبێت و لە ئێستادا ئەم پارادایم شیفتە بۆ حیزبەکانی کوردستان مومکین نییە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە حیزبەکان لە ڕووماڵکردنی وەها تێۆریگەلێک خۆیان نەبان بکەن، بە دڵنیاییەوە زۆر پێویستە گرنگی بەم تێۆریانە بدرێت و لە ڕاگەیاندنەکانیشدا ڕەنگ بداتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: زۆر لە نوخبە و ئیلیتی کورد لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوردستان بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاری و گەیشتن بە ئازادی لەپێشدا پێویستی بە فەرهەنگسازییە، ئەم فەرهەنگسازییە بە چ شێوەیەک دەتوانێ دۆخەکە لە بەرژەوەندیی کورد بگۆڕێ؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: وابزانم زۆربەی کۆمەڵناسان لەسەر ئەم پێناسەیە کۆک بن کە کولتوور پرۆگرامێکی زەینی-دەروونییە بۆ خۆڕێالیزەکردن و هەروەها پێناسەکردنی تاک و تەنانەت کۆمەڵگەش. بەڵام زۆر زەحمەتە برِوا بەوە بکەم کە کولتوور وەک پەکەیج بەر لە چالاکییەکانی مرۆڤ ساز و ئامادە کرابێت. کولتوور ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤە و پێوانەکانی ئێمەش بۆ داوەری کردن لەسەر کولتووری باش و خراپ، شێوازی تەعاملی تاک و کۆمەڵگەیە. هەڵبەت کولتوور یەک لەو ئێلێمانانەیە کە لە نێو گشت دیاردەکان و هەروەها لە گشت کات و فەزایەکی کۆمەڵایەتیدا حوزووری هەیە و خۆیمان بیر دەهێنێتەوە. هۆکارەکەش ڕوونە؛ چونکە کولتوور دیاریکەرە لە شێوازی تەعامول لەگەڵ خۆمانەکان و ئەوانەی دیکەش. کەوایە خەبات لەپێناوی ئازادیدا پراکتیکی کولتووری هزر و بەیانی ئازادییش هەموار دەکات. لە سیستەمێکی دژ بە ئازادیدا کولتوورسازی گرنگە بەڵام مومکین نییە، چونکە ڕێگا بە پراکتیکی ئازاد نادرێت. کەوایە بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی دەبێ کار بۆ ناساندنی بەربەستەکانی ئازادی بکات و لەهەمان کاتدا بیری کۆمەڵگە بهێنێتەوە کە ژیانی ئازاد تا چەند پێوەندیی بە کەرامەت و بەختیاریی مرۆڤەوە هەیە. ئەگەر سەیری گشت ئایدیالۆژییەکان بکەین، بەر لەوەی کولتوورسازیی بکەن، وێنەسازیان کردوە. واتە دروستکردنی وێنەیەکی گەورە کە مرۆڤ بیکات بە نموونە، خۆی لەگەڵدا

تەتبیق بدات و خەبات بۆ ڕیالیزەكردنی ئەو وێنەیە بكات. كولتوور لە ڕەوتی خەباتەكەدا خۆی بەرهەم دەهێنێت و تەنانەت دەبێت بە نموونەی ڕەفتاری بۆ ئایدیالۆژی یان بزاڤەكە. وابزانم ئەو شتەی كە بۆ خەبات لە پێناو ئازادیدا پێویست بێت پەرەدان بە كولتووری ڕێكخراوەیی بێت، واتە بیری خەڵك بێنینەوە كە بە تەنیا لە ڕێگای ڕێكخستن، هەماهەنگی و پرۆژە و بەرنامە دانانەوە دەتوانین شانسی گۆڕان لە كۆمەڵگەدا ببەینە سەر، كە ئازادییش یەک لەو ئامانجانەیە.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ناسیۆنالیزمی مەدەنی و ئاشتیخوازی كورد لە بەرانبەر دژمنانیدا نەبووتە هۆی خولّقاندنی ئەو دۆخەی مەجالی زیاتر بە دژمنانی بدا پێداگرتر بن لە سەر سیاسەتی داگیركاری و كۆلۆنیالیستیی خۆیان؟ بە بڕوای بەڕێزتان كاتی ئەوە نەهاتووە كە حیزبەكانی كوردستان سیاسەتەكانی خۆیان لە چوارچێوەی كاردانەوەكانی دوژمنانیان دابڕێژن؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: سەرەتا ئەوە بڵێم كە پرسی ئاشتی و ئامانجی ئاشتیخوازانە یەكێكە لە فەزیلەتە بەرزەكانی مرۆڤ. كەوایە ئاشتیخوازیی كێشەسازكەر نییە و قەتیش نابێتە هۆكار بۆ لاوازبوونی هێزە سیاسییەكان. بەڵام كاتێ باس لە ئاشتی دێتە ئاراوە دەبێ پێناسەی ئەجێنت و ئامانجی ئاشتیخوازانە ڕوون بێتەوە. ڕێگەم بدەن یەكیەتیی سۆڤییەتی پێشوو بە نموونە بهێنمەوە. ئێمە لەبیرمانە كە خەباتی ئاشتیخوازانە یەک لە چەكە هەرە گرنگەكانی بلۆكی سۆسیالیستی بوو لە دژی بلۆكی كاپیتالیستی. ئاشتیخوازیی لە ساڵانی شەست و حەفتا و تەنانەت هەشتای زایینیدا و لە ئاستی ئورووپا و ئامریكاش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەكی مەزنی كۆمەڵایەتی. بە بۆچوونی زۆر یەک لە كارناسانی سیاسی، ئەگەر بزووتنەوەی ئاشتیخوازانە نەبوایە، لەوانەیە شەڕی ڤیەتنام و ئامریكا درێژخایەنتر بوایە و ئامریكا لەژێر زەختی وەها بزووتنەوەیەكدا ناچار بە كشانەوە لە ڤیەتنام كرا. كەوایە ئەجێنتەكە لێرەدا بلۆكی سۆسیالیستییە و ئامانجەكەش شكستی بلوكی كاپیتالیستی بوو. پرسیارێک كە قەت بزاڤە ئاشتیخوازەكانی ئەوكات وڵامیان نەدایەوە ئەوە بوو كە بلۆكی سۆسیالیستی تا چەند پابەند بە ئاشتییە؟ ئەمە لە كاتێكدا بوو كە یەكیەتیی سۆڤییەت لە ڕێگای شەڕەوە لایەكی ئورووپای داگیر كردبوو، لە ئەفغانستان شەڕی دەكرد، پرۆژەی چەكی ناوكیی سۆڤییەت هەڕەشەیەكی جیددی بوو لەسەر جیهان و ... هتد. بەڵام لە سۆنگەی خەباتی كورد لە كوردستان، دەبێ عەرزتان بكەم كە خەباتەكە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بڕوای بە چارەسەركردنی ئاشتییانەی پرسی كوردە. هۆكارەكەش ڕوونە، چونكە ماهییەتی خەباتەكە و داواكانی كورد ئاشتیخوازانەن. كورد لە ئێران لەسەر كێشەی سنوور یا لە پێناو كورسیی دەسەڵات و لەبەر كودیتا دەستی بۆ چەک نەبردووە، داوایەكی هەیە و داواكانیشی سیاسی - مەدەنین، كەوایە پێناسەی ئەجێنت و ئامانجی ئاشتییەكەش ڕوونە. بەڵام

ڕێژیمەکانی ئێران نەک پێشوازیان لە هەوڵی ئاشتیخوازانەی کورد نەکرد بەڵکوو بە هەڵایسانی شەڕ لە دژی کوردستان هەوڵیان داوە سیمای بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد شەڕەنگێز پیشان بدەن، لە ڕێگای زەبر و زەنگ و سەرکوتەوە ئارامییەک بۆ کوردستان بگەڕێنێتەوە و بە جیهانیش بڵێن ئاشتی لە کوردستاندا جێگیرە و ئەوانەش کە مل بەو ئاشتییە نادەن؛ گرووپێکی چەکدارن، ناو و مۆرکی خراپی سیاسیشیان لێ دەدات. کەوایە ماهییەت و داواکانی کورد لە کونتێکستی ئاشتی نزیکترە و ئەگەر بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانە لە ئێراندا هەبێت کە خەباتی کورد و داواکانی بە هەند بگرێت و وەک پێشمەرجی ئاشتییەکی نەتەوەیی سەیری بکات، ئەوا کورد شانسی سەرکەوتنی زیاتر دەبوو. بەڵام ئەو تێرمە سانتیمێنتاڵیانەی ئەمڕۆ لە ڕێتۆریکی چالاکانی سیاسی و مەدەنی ئێراندا دەبینین، وەک مافی شارومەندی، ئاشتی، ئازادیخوازی، دێموکراسی، خەباتی ناتوندوتیژیانە و .... هتد، بەرهەمی هێژمونسازیی چینی "بروژوا - بروکراتی" ئێرانە و بە مەبەستی پەراوێز خستنی یەک لە باڵەکانی ڕێژیم سوودی لێ وەردەگرن نەک سیستەمە سیاسییەکە. بەداخەوە چەمک و پێناسەی خەباتی کورد لە نێو ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە زۆر نەگەتیڤە چونکە لە بنەڕەتدا بڕوایان بە پرسی فرە نەتەوەیی نییە و هەر پێکهاتە و بزاڤێک بەناوی نەتەوەخوازیی سەرهەڵبدات وەک هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی ئێرانی دەبینین. بەڵام سەرەڕای ئەو بەربەستانە کە لەبەردەم خەباتی کورددا هەن، حیزبەکانی کوردستان نابێ سیاسەتەکانیان کاردانەوەیی بێت. حیزب خوێندنەوەی خۆی لەسەر دۆخی کوردستان و ئێران و تەنانەت جیهانیش هەیە، کەوایە سیاسەت و ستراتیژی خەباتەکەی دەبێ ڕەنگدانەوەی خوێندنەوە و عەقڵیەتی سیاسی خۆشی بێت. حیزبەکانی کوردستان بۆ شەڕکردن لەگەڵ ڕێژیمەکانی ئێران دانەمەزراون کە تاکتیکەکانی بەپێی ڕەفتاری ڕێژیمەکان تەکووز بکات، بەپێچەوانەوە حیزبەکانی کوردستان نوێنەرایەتی داوایەکی نەتەوەیی دەکەن، خەبات بۆ بەختیاریی، سەربەرزی و ژیانێکی باش بۆ نەتەوەکەیان دەکەن و سروشتییە کە دەبێ سیاسەت هەم لە پراکتیکدا و هەم لە ڕێتۆریکدا، بەپێی نێوەرۆکی ئەو ئامانجانەش داڕێژرێن. بەڵێ، ڕاستە کورد ئاشتیخوازە، بەڵام ڕوانگەی سیاسیی ئێمە بۆ ئاشتیخوازی دەبێ لەسەر بنەمای تاواناسی بێت، واتە نەهێشتنی تاوان بە بنەما بگرین نەک سزادانی تاوانبار. کەوایە ڕێژیمی ئێران خۆی شەڕە، نەک لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی کورد، بەڵکوو بۆ ناوچەکە و تەنانەت بۆ جیهانیش ئەم ڕێژیمە شەڕە. کەوایە ئاشتی لە ئێراندا بەبێ نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نایەتە دی.

**شەهرام سوبحانی**: یەکێک لە پرۆژە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەمینەکردنی نەتەوەی کورد و دروستکردنی دابڕانی زیاتر لەنێو ئەو نەتەوەیە لە ئێراندا بووە، بۆ نموونە دابڕاندنی لوڕەکان لە کورد و ئەتومیزەکردنی کورد. بۆ؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: سیاسەتی بە کەمینەکردنی نەتەوەکانی ئێران مێژوویەکی کۆنی هەیە و هی ئێستا نییە. ئەم پرۆژەیە لە

ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ئەماراتەکانەوە دەست پێ دەکات و دواتر لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە هۆی سیاسەتی نیشتەجێکردنی زۆرەملێ و چەککردنی خێڵەکان و هەروەها دوورخستنەوەی بەشێک لە خێڵەکان لە ژینگەی سروشتیی و ئێتنۆ - جۆغرافیای خۆیان، پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکە. بەڵام کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و لە دەستپێکی سەدەی بیستەمدا تەوژمی بە کەمینەکردنی نەتەوەکان لە ڕێگای ژینۆسایدی ئەتنیکی، زمانی و ژینگەییەوە وەها دراماتیک بوو کە نەتەوەکانی ئێران وەک ڕۆژانی ڕەش یادی لێ دەکەنەوە. ژینۆسایدی لوڕەکان بە دوای ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە تورکیە، گەورەترین ژینۆسایدە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بە دوای لوڕ کووژیشدا، بلوچکووژی و کوردکووژی و قڕکردنی عەرەبەکانیش بە پلەی چەندەم دێن. لە یادداشت و بیرەوەریی ئێلیتی نەتەوەکانی ئێران کە بە شێوەی فۆتۆبیۆگرافی چاپ کراون، قوڵایی ئەم جینایەتانە بە باشی پیشان دەدەن. ڕەوەندی ڕووداوەکان لەو سەردەمەدا نییەتی دەسەڵاتدارانی ئێرانمان بۆ ڕوون دەکەنەوە واتە؛ مەبەستەکە دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوەی ئێران بوو لەسەر بنەمای ئەتنیکی - زمانی کە فارس پێناسەکەی بێت. ئەم پرۆژەیە لە سەردەمی پەهلەویی دووهەمەوە بە ژینۆسایدی کۆبیرەوەریی دەست پێ دەکا، واتە شێواندنی بیرەوەری و «تایمۆس». کوشتنی ڕۆح و سۆزی نەتەوەیی کە بڕوایەکی بەهێزی ئەخلاقییە و لە هەستی نەتەوەییدا دەبووژێتەوە ئامانجی ئەم پرۆژەیە بوو کە بە ئامێری سانسۆر، مێژووسازی، کۆنترۆڵ و سووکایەتی دەچووە پێش بەڵکوو نەتەوەکان وەها لە یەکتر نامۆ بکەن کە مەجالی هەستی هاو چارەنووسییان نەمێنێ و تەنانەت بە هۆی جیاوازیی مەزەبی و بنزارییەوە دەگژ یەکتریشان بکاتەوە. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە حاند لەک و هەورامییەکان، لە ڕاستیدا درێژەدانی سیاسەتی بەکەمینەکردنی نەتەوەکانە کە بە چەند پرۆژەی وەک هەژارسازی، لێکدابڕان و کەم کردنەوەی حەشیمەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان دەچێتە پێشەوە بەڵکوو باشتر کۆنترۆڵیان بکات و خێراتر ئاسیمیلە ببن. تەنانەت دەکارکردنی تێرمی «کوردنشین» ئەگەرچی یەک لەو سیاسەتە گوتارییانەیە کە ڕێخۆشکەرە بۆ نامۆکردنی تاکی کورد بە نیشتمانەکەی خۆی، بەڵام بە بۆچوونی زۆر یەک لە ڕووناکبیرانی کورد ئاماژەیەکیشە بە نیشتەجێ بوونی کاتی. واتە ئەم پێکهاتانە نیشتمانێکیان نییە کە خەسڵەتی ئێتنۆ-جۆغرافیکی هەبێت، ئەمانە کۆچەرن، هاتوون و لەوانەیە لە داهاتووشدا بڕۆن.

**شەهرام سوبحانی**: بەپێی ئەزموون و ئەزموونکراوەکان و لە دۆخی ئیستادا ڕێکارەکانی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوە و خەبات لە بەرانبەر سیاسەتی داگیرکاری و ئاسێمیلاسیۆنی کورد لە کوردستان چییە؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: سەرەتا دەبێ بزانین ئامێرەکانی ئاسێمیلەکردن چین و چۆن کار دەکەن، کەوایە هەر بەو ئامێرانە و بەو مێتۆدانەش دەکرێ خێرایی ئاسێمیلەکردن خاو بکرێتەوە. بەڵام پرۆسەی ئاسێمیلەکردن لە ئێران خسڵەتێکی تایبەت بە خۆی

هەیە و دەکرێ لە سۆنگەی مێتۆدۆلۆژیای ئەندازیارانی کولتووری ئێرانیدا لێی تێبگەین. ئەو دیاردەیەی بە ناوی کولتووری ئێرانی پێناسە دەکرێت بەرهەمی سووژەسازیی کۆلۆنیالیزمی ئوورووپاییە. بەدوای ئینقلابی پیشەسازی لە ئۆرووپا، پێناسەی مودێرنیزم بەپێی داواودانی (عرضە و تقاضا) کاپیتالیزم و هەروەها خوێندنەوەیەکی کولتووریی لەمەڕ سیڤیلیزاسیۆن تیۆریزە کراوە. سیڤیلیزاسیۆن لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا مانایەکی دیکەی هەبوو، واتە دیاریکردنی چارەنووسی تاک، قوتاربوون لە چەمکی ئۆمەتی مەسیحی و بنیاتنانی چەمکی سیڤیل بە ناسنامەیەکی سیاسییەوە کە بنەماکانی مافی سیڤیل دەستەبەر بکات. بەڵام کۆلۆنیالیزمی ئوورووپایی مۆدێرنیزمیان لە بەرامبەر نەریتدا پێناسە کرد. کەوایە سیڤیلیزاسیۆن لە سەردەمی کاپیتالیزمدا یانی سڕینەوەی هێما و پێناسەکانی نەریت. بەڵام نەریت چی بوو؟ نەریت هاوواتای دواکەوتوویی و خورافە دەهاتە ئەژمار، نەریت بە مانای فرە ڕەنگی و فرە چەشنییەکی مزاحێم بوو لەبەردەم زێدەبایبخوازییەکانی کاپیتالیزمدا، بۆیە کۆلۆنیالیزمی ئوورووپایی بە چەکی سیڤیلیزاسیۆنەوە هەڵمەتی سڕینەوەی فرە کولتووری، فرە زمانی، فرە چەشنی و گشت فرەکانی دیکەی دەست پێکرد و دەوڵەت نەتەوەکانی ئۆرووپاش بەرهەمی وەها پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی - ئابووری بوون. ئێستا لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا ئێمە تێدەگەین ئەم سیاسەتە تا چەند زەبری لە کەرامەتی مرۆیی داوە، بەڵام ئەو کات نۆرمێکی سیاسی بوو چوونکە سەنتراڵیزمی بروکراتیک وای دەخواست. وابزانم ئەو پێناسە کورتە لەمەڕ مۆدێرنیزم و سیڤیلیزاسیۆن یارمەتیمان بدات بەڵکوو لە دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی ئێران تێبگەین.

کولتووری ئێرانی وەک شمشێرێکی دوو سەر وایە: سەرێکی ئەم شمشێرە زمانی فارسییە و سەرەکەی دیکە کولتوورێکی هاوردەی مۆدێرنە کە لە خزمەت جێگیرکردنی سیستەمی سەنتراڵ - بروکراتیکی ئێرانی و هەروەها لە قازانجی کەڵەکەبوونی سەرمایە و دەسەڵات لە دەست ئەتنیکێکی تایبەت دایە. ئەم ڕوانگەیە لە شێوەی پێناسەکردنی فۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا بە جوانی دەردەکەوێت، بۆ نموونە: موزیک و زمانی مەحەلی، جلوبەرگی قەومی و .... هتد. بەرهەمەکانی ئەوان فەرمی و مۆدێرنن، بەڵام وەبەرنانی ئێمە مەحەلی و قەومین و هەر ئەم پۆلێنبەندییە کولتوورییە لە دیبەیت و توێژینەوەی زانکۆکانی ئێرانیشدا دەبینین کاتێ خەسارناسیی بۆ هۆکارەکانی گەشە نەسەندوویی پەراوێزەکان دەکەن. ئەمە نموونەیەکی سادەیە، بەڵام ئەم نموونانە باس لە ئالیاسیۆن و هێژمون دەکەن. یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی خەبات لەدژی ئاسیمیلەکردن، هێژمونیی گوتار و هێماسازییەکانی ناوەندە. ئەم هێژمونە ئێمە دەکات بە کەمینە، وێنەیەکی مەحەلیمان لێ ساز دەکات و پێناسەیەکی قەومیمان پێ دەبەخشێت بەڵکوو قەت خۆ لە قەرەی هێژمونی کولتووریی و گوتاریی ئەوان نەدەین، لەنێو کولتووری بەرزی ئەواندا بتوێینەوە و هەرگیز خەون بە ئیرادەی ئازاد و نەتەوەسازیی خۆمانەوە نەبینین.

**شەهرام سوبحانی**: واتا مەبەستتان بەهێزکردنی بزاڤی کۆمەڵایەتی - سیاسیی و گوتاری سەربەخۆیە؟


**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: بزاڤی کۆمەڵایەتی - سیاسیی تەنیا میکانیزمێکە کە دەتوانێت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەها هێژمونێکدا گوتاری خۆی ساز بکات. بەڵام بزاڤە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکان نابێ تا ئاستی کۆمەڵێک پێڕفۆرمانسی کولتووریی - فۆلکلۆری دابەزن، ئەمە ئەو دۆخەیە کە "سیمۆن دۆبوڤار" پێی دەڵێت: ئێمانێنس واتە پووکانەوە بەنێو قاپووری خۆیدا. بزاڤێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی دەبێ تا ئاستی ترانسێندەنتاڵ بەرز بێتەوە بەڵکوو هێژمونیای ئەو مێژووە کولتوورییە بشکێنێت کە ڕێگرە لە ئازادی و بووژاندنەوەی تایمۆسی خۆی و لە ئەنجامدا؛ پێناسەیەکی کولتووریی بە بنەما بگرێت بەڵکوو بە ئیرادەیەکی ئازاد خۆی پێناسە بکاتەوە. کەوایە کولتوور لەم سۆنگەوە کردەوەی سیاسییە، چونکە هۆکارەکانی ئاسیمیلەکردن سیاسین و سیاسەتیش دەبێ هێندە بوێر بێت کە سیلە لە ئایدیالۆژیی دەسەڵاتی سەنتراڵ - بروکراتی ئێرانی بگرێت. واتە خەبات لە دژی ئەو ئایدیالۆژییەی کە بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی ناسراوە و مەعریفەیەکی کاپیتالیستی - کۆلۆنالیستی پاراو کراوە.

**شەهرام سوبحانی**: سپاس بۆ ئەوەی کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا.

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: زۆر سپاس ئێوەش ماندوو نەبن.

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# پۆرترەیەک لە ئەوینی نیشتمان (شەهید سەدیق فیرووزی)




**برایم چووکەڵی**

زۆر سەختە لە توانای قەڵەمدا بێ بە وشەیەک، ڕەستەیەک، پاراگرافێک و تەنانەت چەند لاپەڕەش لەسەر شەهیدێکی نیشتمان بنووسرێ. شەهید "باڵای بەقەت باڵای کوردستان"ە و بوونەکەی تەعبیر لە مێژووی خەبات و خوێنی کوردستان دەکات. نەتەوەی کورد باش دەزانێ لە دوای گەورەیی ناوی پیرۆزی کوردستان کە هەموو خەڵکی بەئەمەگ و نیشتمانپەرەست دڵەکانیان بۆ خۆشەویستیی ئەو لێ دەدا و هەموو سەرەکان بۆ ئەو نەوی دەبن، ناو و یادی شەهیدان پیرۆزترین و گەورەترین بەرهەمی شۆڕشی کوردستانە کە سۆز و خۆشەویستی لە دەروونی هەر تاکێکی کورددا دەجووڵێنن. لە هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا باس لە شۆڕەسوارێکی شامیانی مەریوان دەکەین، شەهید سەدیق فیرووزی.

شەهید سەدیق فیرووزی ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە ئاوایی نسڵ لە ناوچەی شامیانی مەریوان لەدایک بوو. ژیانی سدیق هەر لە منداڵییەوە ئاوێتەی ڕەنج و کوێرەوەری بوو. ئەو لە هەموو ساڵانی خوێندنیدا ناچار بوو کاتەکانی پشوودانی بۆ کارکردن تەرخان بکا، بۆ ئەوەی خەرجی خوێندنی خۆی پەیدا بکا و لە هەمان کاتدا بتوانێ یارمەتییەکی بنەماڵە

هەژارەکەی دابێت. ئەو بەمجۆرە خوێندنی هەتا وەرگرتنی دیپلۆم لە شارەکانی مەریوان و سنە درێژە پێدا.

ژیانی سیاسیی کاک سەدیق لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە دەستی پێ کرد. ئەو کە پێشتریش لە خۆپێشاندانەکان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی لە سنە و مەریوان بەشداریی کردبوو، سەرەتا وەک ئەندامی جەمعییەتی قوتابیانی سنە بۆ ڕێکوپێککردنی خەباتی قوتابیان تێکۆشا. پاشان پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و لاوی تازە خەباتکار وەک بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاواییەکانی نسڵ و گۆشخانی دیاری کرا. هەر لەو کاتەدا سەرەڕای کەمیی تەمەن بەڵام بەهۆی لێهاتوویی لەلایەن خەڵکی ئاواییەکەیانەوە وەک شورای ئاوایی "نسڵ"یش هەڵبژێردرا.

سەدیقی لاو لە دەسپێکی ژیانی سیاسیی خۆیدا باوکی لەدەست دا، بۆیە لەو کاتەدا دەبوایە لە دوو ڕێگا یەکیان هەڵبژێری، یا دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵبگرێ و پێوشوێنی پێڕاگەیشتن بە ژیانی بنەماڵە هەژارەکەی بکەوێ؛ یا لە سەنگەری شۆڕشگێڕیدا بمێنێتەوە. بەڵام ئەو کە کەسێکی سیاسی و تێگەیشتوو بوو، دەیزانی قازانجی بنەماڵەکەی بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەکەی، بۆیە بەردەوامی لە تێکۆشانی سیاسیی هەڵبژارد و هەموو شتێکی وەلا نا و گشت کات و ژیانی خۆی بۆ خەبات لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەکەی تەرخان کرد .

شەهید سەدیق ژیانی سیاسیی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە پێشمەرگایەتیەوە دەست پێ کرد. بەهۆی ئازایەتی لە مەیدانی شەڕ و ژیری و پێگەیشتوویی سیاسی وەک کادری سیاسیی لک دیاری کرا و پاشان لە کۆنفرانسدا بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەریوان هەڵبژێردرا و دواتریش بە بەرپرسی کۆمیتە لە ناوچەکانی شامیان و سەرشیو دیاری کرا. لە درێژەی پێشکەوتنە سیاسی و نیزامییەکاندا و بە هۆی لێوەشاوەیی بەرپرسایەتیی لکی کەوتە سەرشان. بەڵام ئەوەش کۆتایی کار نەبوو، و سەدیق بەهۆی پێگەیشتوویی سیاسی وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی مەریوان و لە سازماندەیی نوێدا بە ئەندامی مەڵبەندی یەکی جنووب هەڵبژێردرا و لە قۆناغی دواتر بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی مەریوانیشی پێئەسپێردرا.

شەهید سەدیق فیرووزی لە کۆنگرەی ٨ ی حیزبدا وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و دوای کۆنگرە ئەندامەتیی مەڵبەندی یەک و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی کرماشانی وەرگرت. کوڕی شۆڕشگێڕی دێموکرات بەردەوام هەوڵی دەدا پتر خۆی پێ بگەیەنێ و پلەی تێگەیشتوویی و زانیاریی خۆی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی خەبات و

خوێندنەوە، بەشداربوون لە دەورە سیاسی و نیزامییەکاندا بەڕێتە سەر. سەختی و دژواری خەبات زیاتر هانی دەدا بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی ئەرکەکانی و جیا لە کاروباری سیاسی و پێشمەرگانە بە کاری هونەرییشەوە خەریک دەبوو. هۆگریی زۆری بە نیگارکێشی و فیلمهەڵگرتن هەبوو، و دووربین لەشان، بن بەرد و ڕەوەزو دەوەن، لەگەڵ پێشمەرگەکان دەگەڕا و لە جەریانی ژیانی خەڵک و خەباتی پێشمەرگەکان وێنەی هەڵدەگرت و وەک بەڵگە بۆ داهاتوو تۆماری دەکرد.

شەهید سەدیق فیرووزی لە دوایین بەرپرسایەتیشدا نیشانی دا کە بەدڵ و گیان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حیزب ئامادەیە و بۆ خەبات لە ڕێگای ئازادی و وەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەکەی لە هەموو کات سوورترە. مخابن ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ لە ڕەوتی شەڕێکی قارەمانانە لەدژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی کامیاران شەهید بوو. ئەو ئەگەرچی گوڵی تەمەنی زوو هەڵپڕووکا، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەی ژیاندا پێشانی دا شۆڕشگێرێکی کەموێنە و خەباتگێڕێکی بەئیمان و وەفادار بە ئامانجی بەرزی گەلەکەیەتی. بۆیەش ناو و یادی بۆ هەمیشە لە دڵ و زەینی خەڵکی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

ڕوحی شاد و سەنگەری خەباتی بەردەوام.

ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# خەڵک و ڕێژیم لە دوو بەرەی دژبەیەکدا




**عەلی بداغی**

لە هیچ بڕگەیەکی مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هیندە کەلێن و دابڕان نەکەوتووەتە نێوان خەڵک و دەسەڵات، تا ئەو ڕادەیەی هیچ سیاسەتێکی ئەم ڕێژیمە نییە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانیی لێ بکرێت. هەروەها لە هیچ قۆناغێکی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیم هیندە لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا تەریک نەکەوتووەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی جیا لە میلیشیاکانی کە بە سامانی گشتیی وڵات پۆشتە و تەیاریان دەکات هیچ وڵاتێک دۆست و هاوپەیمانی نەبێت. تەنانەت بۆ کەس شاراوە نییە چین و ڕووسیەش کە بەڕواڵەت ئێران خۆی ڕەگەڵ خستوون وەک کارتێکی ئابووری و سیاسی لەو وڵاتە دەڕوانن و لە خێروبێری بازرگانیی ئێرانی پەراوێزخراو و تەریککەوتوو بە میلیارد میلیارد دۆلار داهاتی مفتێیان دەست دەکەوێت. خۆ چەندی کەشی سیاسیی ئێران داخراوتر و ئەو وڵاتە دابڕاوتر لە کۆمەڵگەی جیهانی بێت، قازانجە ئابوورییەکانی چین و ڕووسیەش زیاتر و بەستراوەیی ئێران بەوان پتر دەبێت و هەردوو وڵاتەکەش ڕێک ئەمەیان دەوێت.

کۆمەڵگەی ئێران لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە ئەکتی سیاسیی خۆی دەریخستووە کێشەی زۆر بنچینەیی لەگەڵ ڕوانگە و خوێندنەوەی ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵات لە تاران هەیە. لە ئاستی نێوخۆییدا کۆمەڵگە بەرهەڵستی هەموو ئەو بایەخانە بۆتەوە کۆماری ئیسلامی سەروەری و حاکمییەتی خۆی بەوان پێناسە دەکات، بۆ نموونە حیجابی ئیسلامی و ئایدۆلۆژیی دینی کە ئەمڕۆکە سێکۆلاربوونی کۆمەڵگەی ئێران و خەباتی گشتگیر لەدژی حیجابی زۆرەملێی ئیسلامی تەواو پێچەوانەی بەها و باوەڕ و بایەخەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیین. ڕەفتاری سیاسیی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانیشدا کە لە تازەترین هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەشدا بینیمان، تەعبیر لە تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی و ئەستاندنەوەی هەموو شەرعییەتێکی سیاسی و خەڵکی لەو ڕێژیمە دەکات کە لە ئێستادا تەنیا بە زەبری چەک و سەرکوت هەیمەنەی خۆی هەتا ئێستا ڕاگرتوە. هەروەها هەموو دۆستەکانی ڕێژیم لە میلیشیاکانی لە یەمەن، عێراق، سووریە، لوبنان و فەلەستین بە وڵاتانی چین و ڕووسیەشەوە لەلای خەڵک بێزراون، بێزراو تا ئەو ڕادەیە لە هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیە و ئۆکراینیشدا بیروڕای گشتیی ئێران سەرەڕای سیاسەتی حکوومەت لە پشتی ئۆکراین و لەدژی ڕووسیە بوو و هەیە. هەروەها هیچ سۆزێکیان بۆ خەڵکی غەززەش سەرەڕای هەموو تاوان و جینایەتەکانی ئیسرائیل نییە و لۆمەی ئەوەیان دەکەن بۆچی بوونەتە داڵدەدەری حەماس وەک باسکی چەکداری کۆماری ئیسلامی و ئاوا قومار بە گیان و ژیانی خۆیان دەکەن!

دابڕانی خەڵک و دەسەڵات لە ئێران هاوکێشەیەکی دوولایەنەیە. خەڵک هیچ کام لە سیاسەتەکانی حاکمییەت چ لە ئاستی دەرەکی و چ لە ئاستی نێوخۆیی لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نابینن. خەڵک نەکهەر متمانەیان بە هیچ کام لە ڕێکخراوە و دامودەزگا حکوومییەکان نییە، بەڵکوو بە جێبەجێکاری سیاسەتی ڕێژیمیان دەزانن و لە بەرەی دژبەخۆیانیان چاو لێ دەکەن. کۆمەڵگە نەک هەر هاوڕایی هیچ بڕیار و پرۆژەیەکی حکوومەت ناکات، بەڵکوو بە ئەکتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر لەدژیشی ڕادەوەستێ کە بە بەردەوامیی خۆی لە ناڕەزایەتیدەربڕین، مانگرتن و نافەرمانیی مەدەنی و لە بەفرانباری ١٣٩٦یشەوە لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقامدا دەردەخات. یان بۆ نموونە کاتێک قاسم سولەیمانی وەک گەورەترین سیمبولی نیزامیی ڕێژیم و فەخریزاد وەک دیارترین زانای ئەتومی و مووشەکیی ئێران کوژران؛ خەڵک شاییان لەدڵدا گەڕا. یان کاتێک لە مۆندیاڵی ٢٠٢٢ی قەتەردا تیمی تۆپانەی ئێران بە وڵاتانی ئینگلیز و ئەمریکا دۆڕا، خۆشیدەربڕین و جۆش و خرۆشێک کەوتە سەر شەقامەکانی ئێران کە دنیای تووشی شۆک و سەرسووڕمان کرد؛ ڕەوتێک کە ئێستاش لە دۆڕانەکانی تیمی حکوومەتیی ئێران بە وڵاتان لە یارییەکاندا درێژەی هەیە. هاتەریب لەگەڵ ئەوە لەنێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامییشدا دۆخەکە ڕێک بەوجۆرەیە و حاکمییەتی سیاسی دەرفەتی هیچ کرانەوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نادات. دەسەڵات حازر نییە گوێ بۆ هیچ بۆچوونێکی ڕەخنەگرانە و بیر و ڕوانگەیەکی ئەویتران، ئەویش لە کۆمەڵگەی فرەچەشنی سیاسیی ئێراندا بگرێت.

لە دۆخی ئێستای ئێراندا ئیرادەی دەسەڵات ڕەنگدانەوەی ویستی کۆمەڵگە و بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی خەڵک و وەڵامدانەوە بە کەڵکەڵە مادی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان نییە؛ پێچەوانە سامانی گشتیی وڵات پاوان و دەستی بەسەردا گیراوە و بۆ ئامانجە ئیدئۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم خەرج دەکرێت کە نەک هەر هیچ قازانج و بەرژەوەندییەکی خەڵکی ئێرانی تێدا ڕەچاو نەکراوە، بەڵکوو کۆمەڵگە و وڵاتیشی تووشی مەترسییەکانی شەڕێکی دەرەکی لەگەڵ وڵاتانی دی کردوە کە شەڕی خەڵک نییە. لێکەوتەی ئەو دۆخەش ئەوەیە حکوومەت هیچ شەرعییەتێکی لەنێو خەڵکدا نەماوە و لە سیاسەتی دەرەکی لە ئاستی ناوچە و جیهانییشدا لە پشتیوانیی هەراوی خەڵک وەک فاکتەرێکی بەرگێڕەوە بێبەش بووە. خەڵک و کۆمەڵگەش بۆ وەدیهێنان و دەستەبەری مافەکانیان و پێداگری لەسەر شوناسی تایبەتیی خۆیان قۆڵ لە ڕووخاندنی ڕێژیم و بەچۆکداهێنانی هەڵدەماڵن.

ئاماژە بە نموونەیەکی دیکەش لەجێی خۆیدایە: دەیان ساڵە کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێکی ئەوەیە بایەخ بە بەرگری لە قووڵایی ستراتیژیکی نیزام لە ناوچە و جیهان لە ڕێگەی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێ، پێکهێنانی هیلالی شیعی، دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی و خۆتەیارکردنی بە تێکنۆلۆژیی دڕۆن و مووشەکی بدات؛ بەڵام ئەوانە نەکهەر قەت نەبوونە ویست و داوا یان ئامانجی کۆمەڵگە؛ بەڵکوو خەڵک بەشمەینەتی و دۆخی کارەساتباری ژیان و مافەکانی خۆیان ڕێک لەسۆنگەی ئەو سیاسەتانەی ڕێژیم دەبینن و ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە کاتێک ڕێژیم دەیهەوێ لە قاسم سولەیمانی قارەمان ساز بکات، خەڵک لە هەرجێیەک بۆیان هەڵکەوێ وێنە و بنێرەکانی ئاگر دەدەن و پەیکەرەکەی دێننە خوارێ.

ناوکی دەسەڵات کە پووڵ و سامانی وڵات، چەک و ئامرازی سەرکوت و میدیاکانی پاوان کردوە و خەڵک و ژیان و گیانی ئەوانی بەبارمتە گرتوە، نایهەوێ لەو جەغزە بترازێ و ئەو هێز و دەسەڵات و ئیمکاناتە لەگەڵ ئەویدییەک هاوبەش بکات کە خەڵک بن. بۆیە پێکدژیی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خەڵک و دەسەڵات دۆخێک دەخوڵقێنێت کە هەموو ویست و داواکانی خەڵک دژی بەرژەوەندییەکانی حوکمڕانی وڵات و هەموو سیاسەت و بەرنامەکانی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامییش پێچەوانەی بەرژەوەندی و ئیرادەی خەڵک و کۆمەڵگە بن. لەم ڕووەوە خەڵک نەکهەر دژی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم لە ناوچەن کە هەڕەشە و مەترسیی شەڕێکی گەورەی لەسەر ئێران دروست کردوە؛ لە بنەڕەتڕا خوازیاری ڕووخانی ئەو ڕێژیمەن کە وەک دۆڵپا سواری شان و ملیان بووە.

ئێستاش پێوەندیدار بە شەڕی حەماس و ئیسرائیل، ڕوون و ئاشکرایە کە سیاسەتی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی نەک

لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خەڵک و کۆمەڵگە و وڵاتی ئێران، بەڵکوو کاردانە بەو گۆڕانکارییە سیاسییەیە کە لە یەک دەیەی ڕابردوودا لە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلدا پێک هاتوە و کۆماری ئیسلامی بەدژی بەرژەوەندییە ئیدئۆلۆژیکییەکانی خۆی دەزانێت. ئەگینا هیچ شتێکی نوێ لە ململانێ سیاسی و مێژووییەکانی ئیسرائیل و فەلەستین نەهاتبووە گۆڕێ کە هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیلی پێ پاساو بدرێتەوە؛ بەڵکوو ڕێک پێچەوانەی ئەمە بوو. وڵاتانی عەرەبی دوای ئەزموونکردنی دەیان ساڵ شەڕ و ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیل بەو ئاکامە گەیشتوون کە درێژەی ئەم دۆخە نە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەو وڵاتانە و تەنانەت لە بەرژەوەندیی فەلەستینیشدا نییە، بۆیە مەیلەو ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل هەنگاویان ناوە. بەڵام ئەوە تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە بەرژەوەندیی خەڵک و وڵاتەکەی خۆی ناوێ و کاتێک دەبینێ لە ڕەوتی سیاسی ناوچەیی و جیهانیدا تەریک کەوتووەتەوە و لە نێوخۆی وڵاتیشدا بەرەوڕووی دەیان قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆتەوە، ویستی بە هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە لە دەرەوەی سنوورەکانی و ناسەقامگیرییەک کە دروستی دەکات، قەیران و ناسەقامگیرییەکانی نێوخۆی پێ پەردەپۆش بکات و سەرنجەکانی لەسەر دوور بخاتەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە سەر خەڵک ئەوەیە. خەڵکی ئێران ئەوەندەی لە شەڕ و قەیرانە سیاسییەکانی ناوچە بێزارن، چەند هێندە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێزارن و ئەو ڕێژیمە بە هۆکار و سەرچاوەی زۆر لەو نائارامی و ناسەقامگیرییانەی ناوچە دەزانن. بۆیەش هیچ شەرعییەتێک بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی نادەن کە شەڕ وەک نێعمەتێک بۆ هێشتنەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا دەبینن. هەروەها بەرپرسایەتیی ئەگەری هەر تێکهەڵچوون و پەلهاویشتنی شەڕەکە بۆ ئێران دەخەنە ئەستۆی ڕێبەرانی ڕێژیم کە نەک هەر خەڵکی وڵاتی ئێران، بەڵکوو ئەمنییەت و سەقامگیریی هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان بەبارمتە گرتوە.

٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# عەلی زەندی، هونەرمەندێک لە ڕەگەزی کوردبوون



**شەریف فەلاح**

لە ڕەوتی پەروەردە و بارهێنان و پێگەیشتنی هەر کەسایەتییەکی نووسەر و هونەرمەندێدا، کۆمەڵێک هۆکار و فاکتەری جوغرافیایی، زەمەن و شوێن دەور دەگێڕن. عەلی زەندی، هونەرمەندی ڕەسەن و گەرووزێڕین لە ڕەگەزی ئەو هونەرمەندانەی کوردە کە لە ڕەوتی ژیانی هونەرییدا ئەو هۆکارانە دەوریان گێڕاوە.

یەکەم، لەدایکبووی ناوچەی لەیلاخە، ئەم ناوچەیە ناوچەیکی دەوڵەمەند، زەنگینە و لەڕووی فەرهەنگ، زمان و نەخاسمە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکییەوە  خاوەنی پاشخانێکی ئێجگار هەراوە. لەیلاخ مەکۆی هەوا و چریکە ڕەسەنەکانە، کە تێیدا کەسانێکی وەک: حەیبەڵڵا ملەیی، عەبدوڵڵا قەسری (عەودڵڵا ماچکەیی)، ئیبراهیم زەندی (ماچکەیی)، ڕەمەزان کولیایی، فەتحوڵڵا هەمرۆڵە، مەحموود وەتەنخا، عارف شەکیبا، ناسر کەڕەونانی، مەڵک محەمەد محەمەدی (مەڵێ دۆم)، ئیبراهیم شامەلەکی، حەمەحوسێن بەهمەنی و چەندانی دیکە سەریان هەڵداوە کە خزمەتێکی بەرچاویان بە گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەن و فۆلکلۆری کوردی کردووە. ئەم ناوانە دەنگگەلێکن کە لە بیرەوەریی خەڵکدا قەت ناسڕێنەوە، چونکە لە شایی و

خۆشی و شیندا لەگەڵیان ژیاون و دەنگیان ئاوێتەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە. بۆیە هونەرمەند عەلی زەندی هەڵقوڵاوی ئەو دەڤەرە پڕ لە چریکە ڕەسەنەیە و دەنگی خاراوی ناوچەی لەیلاخی ڕەنگینە. کەواتە یەکەم هەنگاو و ڕێچکەی هونەریی پتەو و قایمە و پشتی بە پاشخانێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆر و مۆسیقایک بەستوە کە سەدان ساڵە ئاوێزەی گوێی خەڵک و میوانی زەینی مرۆڤی کوردە و کاریگەریی چریکەی ڕەسەنی لەیلاخ، لەسەر زۆر ناوچەی وەک: سنە، چەمشار، دیواندەرە، کامێران، قوروە، سونقوڕ و کولیایی، بیجاڕی گەڕووس و هەوشاریش بەرچاو و دیارە.

دووەم هۆکاری کاریگەر لەسەر هونەر و دەنگی عەلی زەندی، شاری سنەیە. شاری سنە وەک ناوەندێکی گرنگ و هەراوی هونەر، بەتایبەتی بواری مۆسیقا، عەلی زەندی لە ئامێز دەگرێت. بۆیە بەو پاشخانە زەینییە فۆلکلۆرەی لەیلاخەوە دێتە دنیایەکی بەرین و دەوڵەمەندترەوە. هەوا و چریکەی لەیلاخ لەگەڵ گەریان و پادیواریی سنە پێکەوە گرێ دەدات و بەرەبەرە هەنگاو هەڵدێنێتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زانیاری و شارەزایی لەسەر ئاواز، گۆرانی و مۆسیقای کوردی پتر دەبێت. سەرەتا لەلای هونەرمەند حەسەن کامکار، نۆتەکانیی سۆڵفێژ فێر دەبێت و هاوکات هونەرمەند گریشا شێوازەکانی ئاهەنگدانانی فێر دەکات. هونەرمەندان مرۆڤگەلێکی هەستیار، کونجکۆڵ و وردبینن، ژیانی دەوروبەر و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەریان دادەنێت و هەم بە کردەوە و هەم بە هونەر گەرەکیانە بەشداری ئەو ژیانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بن. بەتایبەتی ئەو هونەرمەندانەی کورد کە لە هەمبەر دۆزی ڕەوای گەلەکەیان و ئەو ستەمانەی داگیرکەرانی کوردستان لە نیشتمان و کوردی دەکەن، کەسانێکی دەروەست بوون و بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەبوون. عەلی زەندی-ش لە ڕەگەزی ئەو هونەرمەندە دەروەست و نیشتمانپەروەرانەیە کە هەر لە سەرەتای دەستپێکی کاری هونەرییدا شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەردا هاتوە و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەڕپێفرۆشتنی کۆماری ئیسلامی بە کوردی پێ قەبووڵ نەکراوە. تێکەڵی خەباتی سیاسی بووە و بەکردەوە و لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتدا دەستی بە خەبات کردوە و لە گرتنی پادگانی مەهاباد، شەڕ و بەرگریی خوێناویی سنە و شەڕی نەغەدەدا بەشدار بووە.

ئەم قۆناغە کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لەسەر فکر، بیروباوەڕ و تەنانەت دەنگ و گۆرانیی عەلی زەندی هەبووە. بۆیە دەکرێ بێژین نیشتمان، کوردبوون، هاواری ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەگژداچوونەوەی ستەم کرۆکی ئاواز و گۆرانی و چریکەی ئەم هونەرمەندە بەهەڵوێستەن. هەرچەند لەم پێناوەشدا تووشی گیران، زیندان، ئاوارەیی و چەرمەسەرێی زۆر بووە، بەڵام هەتا دوا چرکەی ژیانی لەسەر ئەو ڕێبازە هونەرییەی کە هەڵوێست و بەرگری شادەماری بوو، سوور و پێداگر بوو.

قۆناغێکی دیکەی ژیانی هونەریی عەلی زەندی تێکەڵاوی و هاتوچۆ و پێوەندیی قووڵی بوو لەگەڵ هونەرمەند و ئاوازدانەرانی کورد لە باشووری کوردستان، چونکە لە دوو کاتی جیاوازدا بەهۆی زەخت و گوشاری دەزگا ئەمنییەکانی ئێران پەڕیوەی باشووری کوردستان بووە. یەکەمجار لە دەیەی حەفتای هەتاوی و دووەم جاریش لە دەی هەشتای هەتاوی. هەرچەند ئاوارە و دوور لە زێد و نیشتمان بوو، بەڵام لەو ساڵانەشدا لەوپەڕی بێدەرەتانیدا هەر خەریکی بەرهەمهێنان و خوڵقاندنی ئاواز و گۆرانیی کوردی بوو. کە گۆرانیی بەناوبانگی (مامەکوڕنۆ) و چەند گۆرانیی دیکەش بەرهەمی خەباتی هونەریی ئەو قۆناغەی ژیانی ئەو هونەرمەندەن لە باشووری کوردستاندا.

عەلی زەندی جیاواز لەوەی هەموو گۆرانی و ئاوازێکی لەپێناو گەشەی هونەر و بەرەوپێشبردنی مۆسیقای کوردیدا بوو، هاوکات بۆ خۆشی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر، بێخەوش، دڵپاک، خاکەڕا و هەتا سەر ئێسقان کورد و پابەندی ڕێبازی کوردایەتی بوو. خەم و ئاواتی ڕزگاریی نیشتمان و ژیانی پڕ لە کەرامەتی بەردوور لە ستەم و چەوسانەوە بوو بۆ نەتەوەی کورد. هونەر و ژیانی خۆی بۆ کورد و کوردستان تەرخان کردبوو، مرۆڤێکی هەستیار و ناسکخەیاڵ بوو. دایم بیری لای ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و خەون و بیرەوەرییەکانی ڕابردووی بوو، ئاوارەیی و تاراوگەی بە حەزی خۆی هەڵنەبژاردبوو، بۆیە دووری لە زێد و نیشتمان کاریگەریی زۆری لەسەر ڕۆح و ڕەوانی دانابوو. لە تاراوگەش بە ئەشقی نیشتمان و ئازادییەوە دەژیا و بە شۆر و شەوق و هەستێکی بێخەوشی کوردانە و بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک بەشداریی بۆنە و ڕێوڕەسمە نیشتمانییەکانی دەکرد. ئەم تایبەتمەندییە هونەری و ئەخلاقییانە وایان کردبوو عەلی زەندی لای هەموو خەڵکی کوردستان ببێتە هونەرمەندێکی خۆشەویست، خەڵکی و خاکەڕا کە هەتاهەتایە ئاواز و دەنگی بە نەمری و هەرمانی لە زەین و بیرەوەریی خەڵکدا دەمێنێتەوە. لە تایبەتمەندیی بەرهەمەکانی هونەرمەند عەلی زەندی دەکرێ ئاماژە بەم چەند خاڵە بکەین:

- ڕەسەنایەتی و زاڵبوونی ئاهەنگ و هەوای فۆلکلۆری ناوچەی لەیلاخ و سنە لە دووتوێی بەرهەمەکانیدا کە لەم بوارەدا ئێجگار بەتوانا بوو.

- خەمێکی خەست و قووڵ لە دووتوێی دەنگ و مێلۆدیی گۆرانییەکانیدا قوڵپ دەدەن کە ئاوێنەی ژیانی خۆی و گەلەکەی بوو، کە ئەویش هاواری کوردبوون، ڕزگاری و نیشتماندۆستیی بوو.

- شارەزایی لە ئاوازدانان، شارەزا لە ژەنینی چەند ئامێرێکی مۆسیقا، وەک دیوان و دەف، هاوکات شارەزایەکی باشی

دەزگاکانی ئاواز و میلۆدیی کوردی بوو.

- شارەزایی لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی وەک: لەیلاخی، ئەردەڵانی، سۆرانی، کەلهوڕی، هەورامی کە لە گۆرانییەکانیدا دەنگیان داوەتەوە، بەتایبەتی چەند گۆرانییەک بە شێوەزاری کەلهوڕی و فەیلی وەک (وە باوەیاڵ دیم) وتووە.

- کەسێکی وردبین بوو و لە هەڵبژاردنی شیعری گۆرانیدا کە هەم لە شاعیرانی کلاسیکی هەورامی، سۆرانیوێژ و شاعیرانی نوێخوازیش وەک جەلال مەلەکشا کەڵکی وەرگرتوە.

- شارەزای بواری بەستە، مەقام و تەبەقە دەنگییەکانی مۆسیقای کوردی بوو.

## کورتەیەک لە ژیانی هونەرمەند عەلی زەندی:

- ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە ئاوایی "سیاسەران"ی ناوچەی لەیلاخی سنە لەدایک بووە.
- پاشان بە بنەماڵەوە چوونەتە ئاوایی "ئاڵوڵاخ"ی دیواندەرە و تا پۆلی شەشی سەرەتایی لەوێ خوێندوە. خۆی دەڵێت: باوکم وێژەر و خوێنەوارێکی باش و شارەزای بەیتە کوردییەکان بوو، بۆیە بۆ کاری هونەری کاریگەریی زۆری لەسەرم هەبوو.
- پاشانماڵیان دێتە سنە و قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی لەو شارە دەخوێنێت و هەر لەوێ بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرتوە.
- بە فەرمی و لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە واتە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە دەستی بە کاری هونەری کردوە.
- بۆ خۆی لە دیمانەیکدا دەڵێت: بێجگە لە باوکم، شێعرەکانی کەسێک بەناوی خالید ناسراو بە (حامید ئاڵیجانی) و میرزا محەمەدئەمین، هەروەها دەنگی هونەرمەندان عەودڵڵا ماچکەیی و ئیبراهیم ماچکەیی ناسراو بە (ئیبراهیم زەندی) کاریگەرییان لەسەرم هەبووە.
- لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران، تێکەڵ بە خەبات و چالاکیی سیاسی بووە بۆ ماوەیەک وەک پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات لە ڕووداوەکانی گیرانی پادگانی مەهاباد، شەڕ و بەرگریی خوێناویی ٢٤ ڕۆژەی سنە و شەڕی نەغەدەدا بەشداریی کردوە.
- ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە مەهاباد ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە و خاوەنی سێ کچ و کوڕێکە بە ناوەکانی: بەهارە، دیمەن، بەفرین و زانیار.

بانەمەڕی: ٢٧٢٤

- ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە سنە یەکەم گۆرانیی خۆی بەناوی (گوڵی ئەرخەوان) بە هاوکاریی هونەرمەند ڕەشید فەیزنژاد تۆمار کردوە.

- بەهۆی ئاواز و گۆرانیی شۆڕشگێڕانە و چالاکیی سیاسییەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چوار جار دەستگیر کراوە و یەک ساڵیش بەند کراوە.

- بە فەرمی خاوەنی ١٣ ئالبۆمی گۆرانییە و کۆمەڵێک گۆرانیی زۆر بەناوبانگی هەیە، وەک: مامە کوڕنۆ، وە باوەیاڵ دیم، بەجێت دێڵم، یاران، گوڵی ئەرخەوان، کۆترەباریکە، ئەو کەژاڵە، گەردوون ئەی گەردان، ئەڵێم ئەو شارە جێ بێڵم، دارەپیرەیە.

- ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی بۆ جاری دووەم ئاوارەی باشووری کوردستان بووە، دوای چەند ساڵ مانەوە و ئاوارەیی لە تورکیە، سەرەنجام وەک پەنابەر لە کانادا گیرسایەوە.

- سەرەنجام پاش نزیکەی ٥٠ ساڵ خزمەت بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی، ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە کانادا کۆچی دوایی کرد.

٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# ترس لە زانایی




**ئاسۆ مینبەری**

لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دەسەڵاتی حاکم، دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و دیکتاتۆر بێت، هەموو ڕێگاکان بۆ زانین بەسەر تاکەکاندا دەبەسترێت و ناهێڵن هیچ تیشکێکی هیوا لەمبارەوە بگاتە کۆمەڵگەکە؛ لەم کاتەدایە کە تاکی ڕووناکبیری کۆمەڵگە ئەرکی قورستری دەکەوێتە سەر شانی و هەموو هەوڵەکانی لەپێناو تێگەیاندنی کۆمەڵگە دەخاتە گەڕ و ئەرکی پێشەنگایەتی دەگرێتە ئەستۆ. ئەم بابەتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە دەسەڵاتی حاکم، هاوکات هەم دیکتاتۆر و هەم تۆتالیتەرە و دەستێوەردان لە هەموو کاروباری تاکەکان و تەنانەت ژیانی تاکەکەسیشیاندا دەکات، بابەتێکی گرینگترە.

کۆمەڵگەی کوردستان بە هۆی ژێردەستەبوون لە زۆر بوارەوە دواکەتوویی بەسەردا سەپاوە و ئەم دواکەوتووییە ئەگەر بە زانست و تێگەیشتنێکی ئەمڕۆییانە نەبێ هەر بەردەوام دەبێت و نەوەکانی داهاتووش تووشی خەساری قووڵ بەتایبەت لە بواری شوناسەوە دەکات. هاوکات لەگەڵ دەستێوەردان و خۆسەپاندنی دەسەڵاتی حاکم، هەوڵی کەسانی ڕووناکبیر لە کۆمەڵگەی کوردستان بۆ گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان بەردەوام بووە، لەم نێوانەدا کەم نین ئەو ژنانەی کە ئەرکی پێشەنگایەتییان لە ئەستۆ گرتوە و بە کردەوەی خۆیان توانیویانە کۆمەڵگە وە جووڵە بخەن تاکوو بەرەنگاری دەسەڵات و

داگیرکاری ببێتەوە. نموونە بۆ ئەم بابەتە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرە و کەسانێکی وەک موژگان کاوسی، زارا محەممەدی، فەریدە وەیسی، ژینا مودەڕس گورجی تەنیا چەند نموونە لەو کەسانەن.

هاوکات لەگەڵ پێداگریی زارا محەممەدی لەسەر پەروەردە بە زمانی دایکی، شەپۆلێکی بەرین لە پشتگیری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا سەری هەڵدا، نادادپەروەرانەبوونی یاساکان و سەپاندنی سزای چەند ساڵ بەندکران بە سەر زارادا وای کرد بەشێکی دیکەی کۆمەڵگەش کە ڕەنگە تاکوو ئەو کات گرینگییان بە پرسی زمان و شوناسی نەتەوەیی نەدابێ، پاڵپشتی زارایان کرد و بە بەخشینی نازناوی زارای نیشتمان بەم ژنە کوردە، وێڕای پشتیوانی لە خواستی تاکی کورد بۆ لانیکەمی مافی پەروەردە بە زمانی دایکی، پێداگرییان لەسەر شوناسێک بکردەوە کە پاراستنی زمان یەکێک لە کۆڵەکە گرینگەکانیەتی. ئەم بوون بە سیمبولە، لای دەسەڵاتی تۆتالیتەر مەترسیدارە هەر بۆیە هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە تاکوو بە هەر جۆرێک بووە لێی بدات و نەهێڵێ پرسی نەتەوەیی بەتایبەت لە نێو توێژی ژناندا گەشە بکات.

لە ڕاستیدا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر هێزێک لەو کۆمەڵگەیەدا لە هێزی ژنان دەترسێت، چونکە زیاتر لە ٤٥ ساڵە هەوڵی چەوساندنەوەی داون و تێکۆشاوە لە ڕێگەی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکەوە لە سووچی ماڵەوە دایانبنێت و لە هەموو کاروبارێکی کۆمەڵگە دووریان بخاتەوە. هۆکارەکەش ڕوونە، دوورخستنەوەی ژنان لە کۆمەڵگە بە قازانجی دەسەڵاتە چونکە لانیکەم نیوەی هێزی کۆمەڵگە تووشی ناچالاک بوون دەکات و ئەمەش وا دەکا هێزی بەرەنگاربوونەوە لەم نیوەیەدا بمرێ. هەر بۆیە خودی دەسەلات باشتر دەزانێ ئەگەر هێزی ژنان یەک بگرێت دەتوانێ کۆڵەکەکانی بوونی لەرزۆک بکا، هەروا کە لە درێژەی شۆڕشی ژینادا بەڕوونی بینیمان.

هەر لەم ڕاستایەدا هەبوونی هەندێک لە ژنان دەتوانێ کاتالیزۆرێکی باش بۆ وەجووڵەخستنی باقی توێژەکە و کۆمەڵگە بێت، چونکە هەبوونی ژنی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو دەتوانێ ئاقاری ڕووداوەکان بگۆڕێ و دەسەڵات تووشی دەستەوەستانی بکات. لێرەدایە کە دەسەڵات هەوڵ دەدات ناوەندەکانی گەشەی بیر و تێگەیشتنی ژنان بکاتە ئامانج، لەلایەکەوە زارای مامۆستا دەخاتە بەندیخانە تاکوو قوتابییەکانی چیدیکە بە زمانی خۆیان نەخوێنن و لەلایەکی دیکەوە کتێبفرۆشیی ژیرا دادەخات تاکوو ژینا مودەڕس گورجی وەکوو کچێکی چالاک لە بواری ژنان، نەتوانێ بە کەلکوەرگرتن لەم ناوەندە ئەرکی تێگەیاندنی ژنان لە جیهانی مودێرن و داخوازە ڕەواکانیان بەجێ بگەینێ.

بە سەرنجدان بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەتایبەت بەرانبەر بە ژنان دەتوانین لەم ڕاستییە تێبگەین کە

ئەوەی کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێ ژنی زانایە! لە ڕاستیدا دەسەڵات باش تێگەیشتوە کە ژنی زانا دەتوانێ چەندە کاریگەریی لەسەر دەوروبەری خۆی هەبێت و لە گەشەی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕێ.

ڕێژیم پێی وایە بە بەندکردنی ژنان و داخستنی کتێبفرۆشییەکان و قەدەغەکردنی چالاکییە مەدەنی و فەرهەنگییەکان دەتوانێ کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە قەت لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕوو نادات.

هەوڵەکانی ڕێژیم لە هەموو ماوەی دەسەڵاتداریێتی خۆیدا بۆ سەرکوتی ژنان، هاوارێکی پەنگخواردووی لەگەڵ بوو کە ئەم هاوارە لە دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا گەیشتە گوێی جیهانییان و کۆماری ئیسلامیی تووشی نسکۆیەکی گەورە کرد.

بە چاوخشاندنێک بەسەر ڕووداوەکانی ساڵەکانی ڕابردوودا کە بە دەیان نموونە لە دەسبەسەرکران و سزادرانی ژنانی کوردی تێدا بەدی دەکرێ، ڕەنگە یەکێک لە وانەکان بۆ فێربوون هەر ئەمە بێت کە هێزی ژنان دەتوانێ هێزی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بێت و هیچ هێزێک ناتوانێت لە بەرانبەر هێزی زانست و تێگەیشتن بەردەوام بێ.

گرینگە لەم سەردەمەدا کە سەردەمی زانیاری و زانستە، ژنان زیاتر لە ڕابردوو هەوڵ بۆ پێگەیاندنی خۆیان لە بواری زانست و تێگەیشتن لە کۆمەڵگە و ڕووداوەکانی دەوروبەریان بدەن، تاکوو لەم ڕاستایەشدا بتوانن هەنگاوی کردەیی و باشتر و سەرکەوتووتر هەڵبگرن.

٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# لە سەرە مەنجەڵەوە هەتا چەکی ناوەکی، وەهمەکانی دیکتاتۆرێکی خۆپەرست



**ڕەزا دانشجوو**

خۆپەرستی و خۆبەزۆرزانین تا ڕادەیەک لە پێناو بەهێزکردنی کەسایەتی تایبەتمەندیی هەموو مرۆڤێکە و وەک یەکەم بەردی بناغەی گەشەکردنی کەسایەتیی سەیر دەکردرێت، بەڵام ئەم خۆپەرەستییە هەندێک جار لە حاڵەتی نۆرماڵ لا دەدات و دەبێتە دەسپێکی نەخۆشییەکی دەروونی مەترسیدار بە ناوت نارسیسیتیک .(narcissitic) ئەو کەسانەی تووشی کێشەی دەروونیی خۆپەرستیی یا نارسیسیتین هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوشێوەن. ئەو کەسانە تێڕوانینێکی ناڕاستەقینە و درۆینەیان سەبارەت بە گرنگیدان بە خۆیان و تواناییەکانیان هەیە، وەک ئەوەی لە شانازییەکی ناسروشتیدا نوقم بووبن، ئەمەش سیفەتێکە کە بە خۆپەرەستیی لەڕادەبەدەر (personality narcissistic disorder) ناسراوە. ناوی ئەم تێکچوونە دەروونییە لە ئەفسانەی یۆنانی نێرگزەوە وەرگیراوە، گەنجێک کە عاشقی ڕەنگدانەوەی وێنەی خۆی لە گۆمێکدا بووە.

هەرچەندە ئەو کەسانەی ئەم نەخۆشییەیان هەیە چاوەڕێی ئەوە دەکەن کەسانی دیکە ستایشیان بکەن و هەموو خواست و

داواکارییەکانیان بەدی بهێنن، بەڵام خۆیان هیچ گرینگییەک بە پێداویستییەکانی ئەوانی دیکە نادەن.

دیکتاتۆرەکان بەبێ گوێدان بەوەی لە کوێی جیهاندا دەژین یان هەڵگری چ جۆرە بیرکردنەوەی سیاسین، هەموویان تووشی جۆرێک لەم تێکچوونە دەروونییەن و کات و زەمان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەم بابەتەدا نییە. خۆپەرەستی یا نارسیسم تایبەتمەندیی هاوشێوەی زۆرێک لە دیکتاتۆرە خۆسەپێنەکانە. هەستکردن بەوەی کە ئەوەی ئەوان دەیزانن و دەیکەن هەمیشە ڕاست و دروستە و دوورە لە هەر چەشنە هەڵە و کەموکوڕییەک، لە زۆر لایەنی ژیانیاندا دەبینرێت. دیکتاتۆرەکان خۆیان بە هەموو شتێکزان دەزانن و پێویستیان بە هیچ ڕاوێژ و هاوکاری و هاوفکرییەک نییە. لە چاوی دیکتاتۆرە خۆسەپێنەکاندا ئەوە کۆمەڵگەیە پێویستیی بە ئەوان هەیە نەک ئەوان بە کۆمەڵگە. دیکتاتۆرە خۆپەرەستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن ئەوان بەبێ گوێدان بە بیروبۆچوونی کۆمەڵگە ئەرکێکی مێژووییان لەسەر شانە و بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی هەڵبژێردراون. بەداخەوە دەبێ بگوترێ کۆمەڵگەی چەوساوە و سەرکوتکراو زۆر زیاتر ئامادەی قبوڵکردنی دیکتاتۆرە خۆپەرەستەکانە. لێکۆڵینەوەیان دەریانخستوە کە گەڕان بەدوای قارەمان و ڕزگارکەرێک وەک ڕێبەر بۆ دەرچوون لە دۆخە سەختەکاندا بە گشتی دەبێتە هۆی هاتنەسەرکاری دیکتاتۆرێکی خۆسەپێن. بۆ وێنە سەبارەت بە هۆکاری هاتنەسەر دەسەڵاتی هیتلێر لە ئاڵمان دەتوانین ئاماژە بە بارودۆخی نالەباری ئابووریی ئاڵمان و شانازی نیشتیمانیی لەدەستچوو دوای شکستی ئەو وڵاتە لە جەنگی جیهانیی یەکەم و داگیرکردنی ناڕاستەوخۆی ئەم وڵاتە بکەین کە لە ڕاستیدا بەدوای فریادڕەس و پاڵەوانێکدا بۆ دەرچوون لەم دۆخی نالەبارە دەگەڕان! ئەو فریادڕەسەی کە بڕیار بوو ئاڵمان لەم نەهامەتییە ڕزگار بکات لە کۆتاییدا بەرەو کارەساتێکی برد کە نەتەنیا ئاڵمان بەڵکوو دونیا تا دەیان ساڵ خەریکی قەرەبووکردنەوەی بەشێک لە کاریگەرییەکانی بوو .

نابێت ئەوە لە بیر بکرێت کە زۆربەی دیکتاتۆرەکان بە گشتی لە سەرەتاوە کەسایەتییەکی جیاوازن هەبووە و بە تێپەڕبوونی کات و هەندێک جاریش لە ئەنجامی هاندانی کۆمەڵگەدا تووشی ئەم نەخۆشییە بوون. بەدوور لە گەڕان بۆ دیتنەوەی هۆکاری ئەم پرسە، ئاکامی خۆپەرەستیی دیکتاتۆرەکان، بەداخەوە بەگشتی پەیوەستە بە لەنێوبردنی سەرچاوە مرۆیی و داراییەکانی وڵاتانەوە، کە هەندێک جار زۆر قورسە و قەرەبووکردنەوەی مەحاڵە.

دیکتاتۆری ئاڵبانی "ئەنوەر خوجە" لە کاتێکدا فەرمانی دروستکردنی ٧٠٠ هەزار سەنگەری لە بێتۆن لە سەرتاسەری ئاڵبانی بۆ شەڕی خەیاڵی دژبە ئیمپریالیزم دا کە ژمارەی دانیشتووانی ئەم وەڵاتە نزیکەی سێ میلیۆن کەس بوو! واتە بۆ هەر چوار کەس یەک سەنگەر! ئەم سەنگەرانە جۆری جیاوازیان هەبوو و بۆ هەموو بارودۆخە ئەگەرییەکان دیزاین کرابوون.

دروستكردنی ئەم سەنگەرانە نیزیكەی بیست ساڵی خایاند. ڕێک لە کاتێکدا کە هەژاری و سەختیی ژیان هەموو ئاڵبانی داگرتبوو، دیکتاتۆری خۆپەرەست دڵخۆش بە ئامادەکردنی سەنگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی ئیمپریالیزم بوو. ئەنوەر خوجە مرد و دوای چەند ساڵێک کۆمۆنیزم لە ئاڵبانی هەڵوەشایەوە، بەبێ ئەوەی سەنگەرە بێتۆنییەکانی خۆجە هیچ سوودێکیان هەبێت و هیچ هێرشێک ڕوو بدات! میراتی دیکتاتۆری نارسیست و خۆپەرەستی ئاڵبانی هەژاری، نەداری، بەدبەختی و هەزاران سەنگەری بەکارنەهێنراو و لە ڕاستیدا بەفیڕۆدانی سەرمایە و ملک و توانای خەڵکی ئاڵبانی بوو!

سەدام حوسێن یەکێک بوو لە گەورەترین کڕیارانی چەک لە دونیا و سوپاکەی بە یەکێک لە سوپا کۆک و پۆشتە و تەیارەکانی جیهان دادەنرا. کاتێک دوای کۆتاییهاتنی شەڕ لەگەڵ ئێران، بە تەماحی تالانکردنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی کوەیت هێرشی کردە سەر ئەم وڵاتە و تەنها لە چەند کاتژمێرێکدا ئەم وڵاتەی داگیرکرد، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێک بێت سوپای بەهێزەکەی بەبێ چووکترین خۆڕاگرییەک خۆی ڕادەستی ئامریکاییەکان بکات و زۆر سووک و زەبوون لە چاڵێکدا لەلایەن هێزەکانی ئامریکاوە دەستگیر بکرێت. ئەوەی دیکتاتۆری نارسیست و خۆپەرەستی عێراق خەیاڵی بۆ دەکرد، سوپایەکی بەهێز بوو کە دەیتوانی بەرگری لە هەر هێرشێکی ئەگەری بکات، بەڵام هێزەکانی ئەمریکا بەبێ ئەوەی هیچ هێزێک بەرەنگاریان بێتەوە، چوونە نێو کۆشکی سەدام حوسێن! دەرئەنجامی وەهمەکانی دیکتاتۆری خۆسەپێن عێراق ساڵانێکی زۆر وێرانیی شەڕ، نائارامی، هەژاری و بەدبەختی بۆ عێراق و خەڵکەکەی بوو!

کۆماری ئیسلامی لە دەسپێکی قەیرانی پەتای کۆرۆنا تا کۆتاییەکەی بە پشتگوێخستنی هەموو ڕاستییە زانستییەکان بووە هۆی گیانلەدەستدانی هەزاران کەس لە ئێران. ڕێژیم لە سەرەتادا بە ئامانجی باش بەڕێوەچوونی ڕێپێوانی حکوومەتیی ٢٢ی ڕێبەندان و پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنی مەجلیس لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی 98دا، بوونی هەر حاڵەتێکی تووشبوون بە پەتای کۆرۆنای لە ئێران ڕەت کردەوە و هەر ئەوەش بوو هۆی لەدەستدانی کاتی زێڕین بۆ قەرەنتینەکردنی خەڵک و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە. تەلەڤیزیۆنی فەرمیی ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک ڕایگەیاند کە کۆرۆنا نەخۆشییەکی سادە وەک ئەنفلۆنزای وەرزییە و جێی هیچ نیگەرانییەک نییە! ماوەیەک دواتر و لە چاوپێکەوتنێکی کورتدا خامنەیی بە دووبارەکردنەوەی ئەم مەسەلەیە کە ئەمە نەخۆشییەکی تەواو چاوەڕوانکراوە و خەڵک نابێ نیگەران بن، دوای لە خەڵک کرد لە کاتی تووشبوون بەم نەخۆشییە دەتوانین نزایەکی دیاریکراو بخوێنن! لە کاتێکیشدا بە پشتبەستن بە سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە زیادبووندا بوو، لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەی 1399دا ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسداران لە نمایشێکی گاڵتەجاڕانەدا، بە نیشاندانی ژمارەیەک سەرە مەنجەڵ! و بانگەشەی ئەوەی گوایە ئامێرێکی دیاریکردنی ڤایرۆسی دروست کردووە کە دەتوانێت لە دوورەوە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستنیشان

بکات، باسی له دەستکەوتێکی گەورە کرد! فەرماندە تێرۆریستەکانی سوپای پاسداران، کە پێیانوابوو ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤ پرۆسەیەکی سادە و دەستکەوتووە وەک تێرۆر و ئینسان کوشتنە، ئامادەیی خۆیان بۆ پێدانی ئەم تەکنەلۆژییە پێشکەوتووە بە وڵاتانی دیکە ڕاگەیاند! تێپەڕبوونی کات نیشانی دا کە وەک هەمیشە ئەوەش بەشێک بوو لە وەهمی دیکتاتۆری وەلی فەقیه و سەرە مەنجەڵەکان زوو گەڕانەوە بۆ شوێنی ئەسڵیی خۆیان، واتە بڵاوکردنەوەی نەزری و خواردن، تاکەشوێنێک کە تێرۆریستانی سوپای پاسداران لێی شارەزان! بەڵام بەداخەوە ئەمە کۆتایی چێرۆکی دڵتەزێنی کۆرۆنا نەبوو. دواتر دیکتاتۆری خۆپەرست و خۆسەپێن بە بیانووی سازکردنی واکسەنی نێوخۆیی و خۆماڵی و بە ڕاگەیاندنی ئەوەی ئیزنی هێنانی واکسەنی وڵاتی ئورووپایی و ئامریکا نادات بوو بە هۆی گیانلەدەستدانی هەزاران کەسی بێتاوان.

دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیه کە لەسەر بنەمای تیۆریی "اقتصاد مال خر است/ئابووری ئی کەرانە" و بە داخستنی زانکۆکان لەژێر ناوی "انقلاب فرهنگی/ شۆڕشی کولتووری" هەر لە سەرەتاوە نیشانی دا هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ بیرکردنەوە و عەقڵانییەتدا نییە، و تاکەشت کە لە کۆماری ئیسلامیدا حوکم دەکات عەقڵی ناتەواوی وەلی فەقیهە! خومەینی کە بە دروشمی "نه شرقی نه غربی جمهوری اسلامی" بوو بە هۆی گۆشەگیریی ڕێژیم و پچڕانی پێوەندی لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، دواتر بە دژایەتیکردنی عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانی ناوچە بازنەی گۆشەگیرییەکەی تەسکتر و تەسکتر کرد!

لەگەڵ هاتنەسەرکاری خامنەیی، سەردەمی تاکەدەنگی و خۆبەڕاست زانین چووە قۆناغێکی نوێ. ئەگەر خومەینی لانیکەم لە هەندێک بابەتدا لەگەڵ تاقمێک لە کەسانی نزیکی خۆی ڕاوێژی دەکرد، خامنەیی ئاراستەی دیسپۆتیزمی ڕەهای گرتەبەر. دروستکردنی گرژی، گرینگترین سیمای سەردەمی خامنەییە، ڕێکخستنی هێزی بەکرێگیراو لە سەرانسەری جوغرافیای ناوچە بگرە هەتا ئافریقا بەشێکی سەرەکییە لە پرۆسەی دروستکردنی گرژیی خامنەیی. دیکتاتۆری خۆپەرەستی کۆماری ئیسلامی بەبێ هیچ پێویستییەک بە لێپرسینەوە و وەڵامدانەوە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو لەنێوبردنی ڕابردوو و داهاتووی ئێران دەڕوات. هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەتوانرێت بە گەورەترین تەحەدای سەردەمی سەرکردایەتیی خامنەیی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا دابندرێت کە لە ساتەوەختی هاتنەسەرکاریەوە دەستی پێ کردووە. تەماحی دیکتاتۆری نارسیست بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بۆ نیشاندانی دەسەڵاتی خەیاڵی دیکتاتۆرییەکەی، ئێرانی گەیاندۆتە دۆخێک و قەیرانێک کە ساڵانێکە کەرتی ئابووری و سیاسیی وڵاتی تێوەگلاوە. لە سایەی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان بەهای دراوی نەتەوەیی ئێران گەیشتووەتە نزمترین بەها، ئابووریی دەستووریی کۆماری ئیسلامی بەئاشکرا لە لێواری داڕماندایە. هەژاری، نەداری و ململانێی چینایەتی گەیشتۆتە لوتکە و، گەندەڵی سیستماتیکی وڵاتی داگرتوە، بەڵام دیکتاتۆر سەرخۆش لە دابەشکردنی فیشەک لە ناو بەکرێگیراوەکانی و پەرەپێدانی گرژی لە ناوچە و جیهان خۆی وەک ڕزگارکەرێک دەبینێت!

دیکتاتۆری پیری کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی هەموو دیکتاتۆرە خۆپەرستەکان هەنگاو دەنێت، وەهمی هەڵقولاو لە خۆپەرستی تا ڕادەی لەنێوبردنی هەموو شتێک، نەخۆشیی باوی هەموو دیکتاتۆرەکانە! خۆپەرەستی و ئەو باوەڕەی کە ئەوەی دەیڵێت و دەیکات هەموو ڕاستە و خۆی و بیرکردنەوەکانی دوورن لە هەر کەموکوڕی و ئیرادێک.

لە سەرە مەنجەڵەوە تا چەکی ناوکی، بەشێکە لە وەهمی دیکتاتۆرێکی خۆپەرست کە باوەڕی بە بیستن و گوێگرتن نییە. لە ڕوانگەی ئەودا ئەمە باشترین بژاردە و ڕێگایە، تەنانەت ئەگەر تێچووی مەرگی هەزاران کەس و وێرانبوون و دارمانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتێک بێ. کۆتایی ئەم شێتییە بێسنوورە بێگومان خاپوورکردن و وێرانکردنی ماڵ و سامانی وڵاتێکە کە قەرەبووکردنەوەی زۆر مەحاڵ و ئەستەمە. دەبێ هیوادار بین پێش ئەوەی دیکتاتۆری نارسیست و خۆپەرەست، ئێران بەرەو هەڵدێر و کاوڵ بوون ببات، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران سەربکەوێت و چیرۆکی دیکتاتۆر کۆتایی پێ بێت.

٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# کورد لە سێ دەیەی ڕابردوودا و ئاسۆکانی بەردەمی



زانیار حوسێنی

نەتەوەی کورد تەنیا نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینە کە لە گۆڕانکارییەکانی دواى شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی هیچی پێ نەبڕا و بچووکترین دەسکەوتی لەدوای ئەو شەڕانە دەست نەکەوت؛ بەپێچەوانەی گەلانی دیکەی ئەو ناوچەیە کە زۆریان بوون بە خاوەن خاک و وڵات و دەوڵەت.

هەوڵەکانی کورد لە باشوور، باکوور و ڕۆژهەڵات بەر لە شەڕی جیهانیی دووهەمیش و لەدوای ئەو شەڕەش، بەداخەوە بە ئاکام نەگەیشت و بڕیارە نەنووسراوەکان وەها داڕێژرابوون کە کورد هەر بە زۆرلێکراوی و لەژێر سێبەری نەگریسی زوڵم و زۆریدا بمێنێتەوە. بەڵام کورد هیچ کات تەنانەت بۆ یەک قۆناغی دیاریکراو و بەرچاویش وازی لە هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو وەدیهێنانی ئامانج و ئاواتە ڕاستەقینەکانی خۆی نەهێنا و بە هەر شێوەیەک بووە و هەر چۆنێک بۆی لوابێ، نەیهێشتوە قەتاری ویستەکانی لە ئاهەنگی ڕۆیشتن بکەوێ؛ هەرچەندە تووشی هەوراز و نشێویش بووبێ یان لەم ڕێیەدا لە کەمی و زۆریی دابێ؛ خەباتی بێوچان لە کوردستانی چوار پارچەکراو، ئەگەر بخرێتە تای کێشی تەمەنی تێکۆشانەوە،

زیاتر له سەدەیەک له خۆ دەگرێ و هاوشێوەی ئەمجۆره له خەبات و تێکۆشانه له مێژووی هیچ چوارگۆشەیەکی ئەو گۆی زەوییەدا بەدی ناکرێ و نابیندرێتەوه.

سێ دەیەی ڕابردوو بۆ کورد، خاڵی وەرچەرخانی چارەنووسی ئەو نەتەوەیه بووه له ململانه ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا؛ دوور له ڕاستی نییه ئەگەر بڵێین کورد به دەستی بەتاڵ و ئامراز و کەرەستەیەکی زۆر کەم و تەنیا به یەکگرتوویی و پێداگری لەسەر ئامانج و خەونەکانی و هەوڵدانی به بێوچان، توانیویەتی لەدوای چەند دەیه سەرکوت، قەڵتوبڕ و قڕکردن و ژێنۆساید و کاولکاری، سەر هەڵێنێ و به دەنگی بەرز و پڕ له شانازییەوه بڵێ "هەتا کوردێک بمێنێ، کوردستانیش دەمێنێ!"

لەو سێ دەیەی ڕابردوودا، ڕووخانی سەدام له باشووری کوردستان دەسەڵاتی فیدراڵیی بۆ کورد ڕەخساند؛ ئاکامی ئاڵۆزی و بشێوی جوغرافیای ژێردەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد، به لەسەرخەتبوون و تێگەیشتوویی سیاسی کورد و قۆستنەوەی هەلەکان، هەتا ئێستا بۆ کورد له ڕۆژاوا ئاکامی دەسەڵاتێکی خۆجێیی و کانتۆنی بەدواوه بووه. کێشەکانی نێوان کورد و تورکەکان له باکووری کوردستان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قووڵتر دەبنەوه و نیزیک سەد ساڵ جینایەت و کارەسات و سەرکوتی دڕەندانه نەبۆته هۆی کپبوونی ویستی کوردەکان لەم بەشەی کوردستان؛ بەتایبەتی دواهەڵبژاردنەکانی شارەوانیی ئەمدواییانه له باکووری کوردستان زۆر بەڕوونی دەرکەوت که کورد پێچەوانەی دەزگای پڕۆپاگەندەی دوژمنان، بەباشی له هەوڵی تێکۆشان و لەسەرڕێ مانەوه بووه.

تێکۆشان له پێناو بەرزڕاگرتنی مەشخەڵی مافویستی و ڕزگاری له ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، زیاتر له هەموو کاتەکان له لووتکەدایه و زیاتر له چوار دەیەیه سەرەڕای کوشت و کوشتار و زەبروزەنگی بێبڕانەوه خۆڕاگر لەدژی دەسەڵاتدارانی تاران له سەنگەری خەباتخوازیدا ماوەتەوه. شەڕی داعش له باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، گوشارە سیاسی-ئابووری و سیاسی-ئەمنی داگیرکەرانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستان و هەرێمی ڕۆژاوای کوردستان له لایەک و له لایەکی دیکەوه گوشاری بەغدا و هێندێک جار ئی دەمیشق له درێژەی گوشارەکانی ئەو دوو داگیرکەرەی دیکەدا، زەختێکی زۆری خستۆته سەر دەسەڵاتی ناوچەیی کورد لەو دوو بەشەدا به گشتی و له باشووری کوردستان بەتایبەتی. پێکانی ژێرخانه ئابوورییەکانی ڕۆژاوای کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی تورکەوه و هێرشی ئاسمانیی نێوه نێوەی مەلاکانی تاران و کراواتییەکانی ئانکارا بۆ سەر باشووری کوردستان و بەردەوامبوون له پیلان و دروستکردنی بەربەست بۆ دوو ناوچەی نیوەڕزگارکراو له کوردستان، هەروەها دەیان و سەدان هەوڵی ناحەز و دژەمرۆیی به شێوەی ئاشکرا یان نادیار بۆ

لاواز و کزکردنی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان و لەهەمان کاتدا هەوڵدان بۆ ڕاگرتن یان پاسیڤکردنی ڕەوتی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان، تەنیا چەند نموونەی زەق و بەرچاوی پیلان و سیاسەتە داگیرکارانەکەی داگیرکەرانی کوردە لە چوارگۆشەی کوردستاندا. کۆی ئەوانەش لە کاتێکدایە کە کورد وەک سەد یان پەنجا ساڵ لەمەوبەر نییە و لەهەمان کاتدا، دوژمنانی کوردیش وەکوو پێشوو توانایی و دەرفەتی خوڵقاندنی کارەسات و جینایەت لە ئاست و شێوەی بەرچاو و بەربەرینی وەکوو پێشوویان نەماوە کە بەشێکی هەر بەرچاوی ئەو مەسەلەیە، ئاکامی تێکۆشان و تێچووی بێوچانی گەلی کوردە لە بەرامبەر ئەو داگیرکەرانەدا؛ بەشێوەیەک کە ئیتر هیچ یەک لە داگیرکەرەکانی کوردستان، ناتوانن بەئاشکرا ئیدیعا بکەن گەلێک بە ناوی کورد بوونی نییە یان بە بەڵگەی ساختە و هاوشێوەی ئیدیعاکانیان، یادگەی بەکۆمەڵی کورد بشێوێنن.

لە کەس شاراوە نییە هەتا کورد ئامانجەکانی بەتەواوی مسۆگەر نەکات، داگیرکەرانی کورد دەست ناگێڕنەوە لە وەسەریەکخستن و بەڕێوەبردنی هەموو چەشنە پیلانێک بۆ وەدواخستن یان ڕاگرتنی وزەی سەرکەوتن و بە ئاکامگەیشتنی نەتەوەکەمان لە مەڕ ویستە ڕەواکانی.

پێشهاتەنەخوازراوەکان ئەگەر چی بۆ داگیرکەرانی کورد زۆر جاران سەرسووڕهێنەرە، بەڵام بۆ کورد دەرفەتێکی خوازراو و گونجاوە بۆ بڕینی قۆناغە نوێیەکانی سەر ڕێی تێکۆشان. ڕاپەڕینی ژینا و نەورۆزی کوردەواری وەک ئاوردووی ئاگری بەتینی شۆڕشی کوردی، ئەو نەتەوەیەی خستۆتە قۆناغ و دۆخێکی نوێ لە ژیانی سیاسیدا. کوشتنی بەئانقەستی ژینا بوو بە هێمای ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێوی گەلەکەی و سەرلەنوێ ئەو باوەڕەی هێنا ئاراوە کە ڕاستی ئەگەر بە دەیان و سەدان ساڵ لەژێر ژیلەمۆی ئاگری درۆیینی داگیرکەر حەشار بدرێ یان هەوڵی سڕینەوە و لەنێوبردنی بدرێ، لەکۆتاییدا هەموو کۆت و بەند و زنجیرەکان لا دەدات و بەربەستەکان تێکدەشکێنێ و بەتەواوی هێزەوە خۆی دەردەخات. ژینا تەواوکەری مۆرکی ژن، ژیان، ئازادییە لە چوار گۆشەی کوردستانی چوارپارچەکراو کە نیشاندەری هەژمۆنی ئەو دروشمەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ناخی لەمێژینەی کولتوور و نەریتی کوردەواری.

لەدوای ڕاپەڕینی ژینا، هاتنی نەورۆزی کوردان و کۆڕبەندی سەما و هەڵپەڕکێی ئازادی و یەکگرتووانەی ئەمساڵ بوو کە وەک کۆتا بزماری دارەمەیتی داگیرکەری کوردستان دەقەبڵێندرێ و ئەو پەیامەی بە هەموو جیهان ڕاگەیاندەوە کە کورد پارچە پارچە کراوە و هیچ جیاوازییەکی مێژوویی، نەتەوەیی، کولتووری و نیشتمانی لە نێوان کرماشان و ئاکرێ و دیاربەکر و قامیشلووی نییە و ئەو نەتەوەیە بە مێژوو و کولتوور و زمان و داهێنان و ویست و تاریفی خۆی کوردە، نەک بە

مێـژوو و کولتـوور و تـاریفە سـاختەکانی نێـو کتێب و بەنـاو لێکـۆڵینەوەی زانکۆکـانی تـاران کە لەسـەر دەسـتی شیکارانی داگیـرکەر ئەنجـام دراوە و دەدرێ؛ ڕاپەڕینـی مەزنـی ژینـا و شـکۆی نەورۆزی مەشـخەڵانی ڕزگـاری، دەمارەکـانی ڕاسـتەقینەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بناغەی ڕزگاری و مافویستی، پتەوتر لە جاران کردۆتەوە.

پیلانە هاوبەشـەکانی داگیرکەرانـی کـورد لە کوردسـتانی چـوار بەشـکراو، بەتـایبەتی پیلانـی دوو ڕۆڵگێـڕی سـەرەکیی ئەو سەردەمە یانی تاران و ئانکارا، کوردی لە هەموو بەشەکان خستۆتە نێو زەخت و گوشارێکی لە ڕادەبەدەر و دۆخێکی هەستیار و ناسک؛ ئەوەش بۆتە هۆی بڕینی قۆناغێکی نوێی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەران کوردستان لە درێژەی ڕێگەی خەبـات و تێکۆشانی مێژوویی گەلەکەمان.

ئەگەر هەتـا مـاوەیەک لەمەوبەر، کـورد بەتـایبەتی ڕێکخـراو و حیزبەکـان لە هەر چـوار بەشـە دابـڕاوەکەدا لە هەوڵـی نیزیکبوونەوە لە یەکتر و ڕێکخستنی پێوەندی نێوان یەکدی دابوون بـۆ دروستکردنی بەستێنێک لە مەڕ یەکگرتـوویی زیـاتری کـورد، لە ئێسـتادا وردە وردە کـورد گەیشـتۆتە ئاسـتێکی هەسـتیارتر لە ڕابـردوو کە بە لێکـدانەوەی وشـیارانە، هەسـتی بە پێویستیی بـوونی دامودەزگـایەکی پتەوتـر لە یەکگرتـوویی نێوەنێـوەی سیاسی کردووە کە ئەمجارەیـان پێویست دەکـات لەسـەر بنەمـای سـتراتیژیی نیشـتمانی داڕێـژرێ و قۆنـاغی پێشـووی پـڕ لە ئەزمـوونی خـۆی کە هەوڵـدان بـۆ یەکگرتـوویی سیاسـی-کۆمەڵایەتی بوو، ببـڕێ و لە هەوڵـی ئامـادەکردنی بەسـتێن بـۆ یەکگرتـوویی سـتراتیژی لە ئاسـتێکی سەرتر، بەرفراوانتر و گشتی تر دابێ.

بۆ ئەوەی بە دیاریکردنی هێڵە سوور و کەسکەکان لە چوار دەورەی نیشـتمانی کـوردەواری، ئەزموونەکـانی ڕابـردوو بکـات بە بنەما و کۆڵەکە بـۆ سـەرکەوتن لە بەشـە دژوار و تـازە خوڵقاوەکـان؛ هەرچەنـد هـزری یەکگرتـوویی سـتراتیژی و نیشـتمانی دەمێـک سـاڵە لە یـادگەی سیاسـی نەتەوەی کـورد چانـدراوە و مێژووەکەشـی دەگەڕێـتەوە بـۆ هـزری کۆمـاری کوردسـتان کە لە ئێسـتادا ڕەگـی داکوتـاوە، بەشێوەیەک کە کوردایەتی مانـایەکی زۆر بەربەرینتـر و بەرفراوانتـری بەخـۆیەوە گرتـوە. پەیـامی نەورۆز لە چوارگۆشەی کوردستانی چوار پارچەکراو بە دەرخستن و نیشاندانی هێما نەتەووییەکـان دەرخەری ئەو ڕاستییەن و باشترین بەڵگەن!

بێدەسـکەوت مـانەوەی کـورد لە دابەشـکارییە سیاسـییەکانی ئەو نـاوچەیە لەدوای شـەڕی جیهـانیی دووهەم، بەمانـای پاشەکشەکردنی کورد لە خواست و مافە ڕەواکانی نەبووە و نییە. بەڵکوو بە هەوڵ و تێکۆشان و لەسەریەک دانانی خشت بە

خشتی خەونەکانی لە هەر گۆشەیەکی ئەو وڵات و خاکە زەوتکراوە، بەو مانایەیە کە ئەو نەتەوەیە بە کۆی دەنگ عەوداڵی وەدیهێنانی خەونە مەزنەکانی خۆیەتی و وەک هەموو گەلانی جیهان و ئەو ناوچەیە بە مافی خۆی دەزانی لە مەڕ پاراستن و وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانی بە تەواوی تواناوە تێ بکۆشێ.

کورد بە ستراتیژی و تاکتیکی جیاوازی سیاسی لە هەر بەشێکی دابڕاوی نیشتمانەکەی، بەتەواوی هەستی بەم ڕاستییە کردوە کە پێویستە خۆی بۆ وەسەریەکخستنەوەی سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی لە بەشی ستراتیژیدا ئامادە بکات و بە کۆدی مافی چارەی خۆنووسین، ستراتیژییەکی یەکگرتووانە لە بەرامبەر دوژمنە یەکگرتووەکانی ڕەچاو بکات و بە ئامادەکاری تەواو بۆ یەکگرتوویەکی سیاسی لە بازنەی نیشتمانیدا، لەپێناو نیزیکتربوونەوە بە ئامانجەکانی هەوڵ بدات. یەکیەتیی ستراتیژیکی نیشتمانی لە کاتی گونجاوی خۆیدا پێویستییەکی ڕوون و بەرچاوە لە داهاتووی سیاسی کورد دا و قۆزتنەوەی هەلی دامەزراندنی یەکیەتییەکی نیشتمانی بۆ داڕشتنی چوارچێوەی تێکۆشانی هەمەڕەهەندی کورد بە شێوەی گشتگیر، وەها پێویستییەکی گرینگ و چارەنووسسازە کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەگەری بێ ماناکردنەوەی سنوورە دەسکردەکان بێنێتە ئاراوە!

٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# لە نێوان چاوەڕوانی و دروستکردنی دەرفەتدا



**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

لە گەرمەی ئەگەری دروستبوونی شەڕی گەورەی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا پێویستە دان بە هەندێک ڕاستیدا بنێین و لە پەنجەرەیەکی دیکەوە بڕوانینە ئەو دۆخەی کە هەیە.

بەر لە هەموو شتێک ئێران ناتوانێ بچێتە شەڕی تەواوعەیار لەگەڵ ئیسرائیل کە لە زۆر ڕووە بەهێزترە لە ئێران، چونکە هەر جۆرە شەڕ و تێکهەڵچوونێک دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی بەرانبەر، لە کاتی وەڵامدانەوەدا ئێران لە نێوخۆ بەرەو داڕووخانێکی بێوێنە دەڕوا، چونکە ئێران لە نێوخۆدا کلۆل بووە.

یەکێک لە بنەمایترین فاکتەری بەهێزی هەبوونی ئابوورییەکی بەهێزە کە لە ئێران نەک وجوودی نیە بەڵکوو یەکێک لە لاوازترین خاڵەکانی ئێرانە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە نرخی دراوی ئێران لە بەرانبەر دۆلار بکەین کە ئێستا لە ٦٦٠٠٠ تمەنی تێپەڕ کردوە و بەگوێرەی بۆچوونی کارناسانی ئابووری نرخی ڕاستیی دولار زیادتر لە سەد و بیست هەزار

تمەنە. واتە هەر جورە شەڕێک وا دەکات نرخی دۆلار بەرەو دووسەد هەزار بڕوات، لە کاتی وادا ئیتر پێویست بە هێرشی بیانی ناکات، بەڵکوو ئێران بەسەر خۆی و دەوروبەریدا دەڕووخێ. ئەوە تەنیا یەکێک لەو هەزاران قەیرانەیە ئێرانی تێکەوتوە.

ئەوەی تا ئێستا ئێران بە ناوی هێرش بۆ سەر ئیسرائیل کردوویەتی سیناریویەکی لە پێش دیاریکراوە و تەنانەت ئیسرائیل و ئەمریکای لێ ئاگادار کردۆتەوە. وتەبێژی حکوومەتی ئیسرائیل لە کاتێکدا هێشتا مووشەک و درۆنەکان نیزیکی ئیسرائیل نەبوونەوە بە کەناڵی ئەلعەرەبییەی ڕاگەیاند کە ناتوانم ڕابگەیەنم لە پێشدا ئاگاداری بەناو هێرشەکە نەبووین.

پێشتریش ئەو بابەتەمان لە هێرش بۆ سەر بنکەیەکی سەربازیی ئەمریکا - عەینولئەسەد - دوای کوشتنی قاسم سلێمانی بە ناوی توڵی سەخت بینی. دوناڵد ترامپ سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئەمریکا دواتر ئاشکرای کرد کە چۆن ئێرانییەکان ئەوانیان پێشتر ئاگادار کردۆتەوە کە بۆ پڕۆپاگەندە پێویستیان بە بابەتێکی وەها هەیە بۆیە ئاگادار بن کە شتێکی وا ڕوو دەدات. لێرەدا پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەینەوە ئەدی چۆن ئێران هەڕەشە دەکات؟

یەکەم ئەوەی هەڕەشە و پڕوپاگەندە چەکی دیکتاتورەکانە و ئەگەر ئەوە نەکەن هەر نامێنن. بۆیە پێویستە ئەو چەکە بە باشترین شێوە بەکار بێنێن. دووەم ئەوەی ئێران هیچ کات بەرنامەی شەڕی نەبووە و تەنانەت بەردەوامیش خۆی لێ دەپارێزێت، ئەگەر ڕووش بدات بە هەڵە و بە ناچاری دەیکات نەک لەسەر ویستی خۆی، چونکە ئێران تەنیا بە پشتیوانیی میلیشیا و گرووپە تێروریستەکانە دەیهەوێ نائارامی دروست بکات. تەنانەت ئەگەر ئەو پشتیوانییە بە هەر نرخێک بێ، چونکە تەنیا چەکی کاریگەری ئەوە و هەر لەو ڕێگەیەشەوە بەردەوام دەبێت.

یەکێک لە گەورەترین هۆکاری سەرکەوتنی ئێران لەو بوارەدا گرتنەبەری سیاسەتی هەڵەی ئیسرائیل و ئەورووپا و ئەمریکایە. چونکە ئەوان بەگوێرەی ئەو یارییەی ئێران دەجووڵێنەوە و شەڕ لەگەڵ گرووپەکانی سەر بە ئێران دەکەن و ئێرانیش ئەوەی دەوێ، هەر بۆیە بە هەمان ئەندازەی ئێران بەرپرسیارە لە نائارامی و تێرۆر و جینایەت ڕۆژئاواش بەرپرسە کە بە سیاسەتی هەڵە لە جیاتی پاراستی ئیسرائیل و ئارامیی ناوچە و جیهان بوونە بەشێک لە یاری و بە قازانجی ئێران تەواو دەبێت. تا ئەوکاتەی ئەوان سیاسەتی خۆیان نەگۆڕن بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت.

ئەو دۆخە بە جورێک لە ڕووی دەروونییەوە هەستی چاوەڕوانی لەنێو گەلانی ئێران و بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆن دروست دەکات و

تەنانەت کاریگەریی لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی چالاکی کوردیش هەبووە. واتە بزانین چی ڕوو دەدات و ئایا شەڕ دەبێ یا نابێ؟ لە کاتێکی وەهادا پێویستە لەجیاتی چاوەڕوانی بەرەو دروستکردنی دەرفەت هەنگاو هەڵگرین، چونکە تەنیا بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەرفەتە کە دەتوانین هەنگاوەکانی سەرکەوتن هەڵگرین. هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەرفەت بە هەموو سەختیەکانەوە مومکینە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە پوتانسیلێکی گەورەی تێدایە و دەبێ میکانیزمی کەلکوەرگرتن هەر ببینینەوە.

بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەرفەت ئامادەتر دەبین لەوەی کە چاوەڕوانی بکەین، یەکێک لە گەورەترین وانەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ئەوە بوو کە لە هەر چرکەیەکدا ئەگەری دروستبوونی گەورەترین ڕووداو هەیە، ئێمە چەند ئامادە بین ئەوەندە باشتر دەتوانین لە کاتی ڕوودانی ئەو گۆڕانکاری و دەرفەتانەدا بزووتنەوەکەمان ببەینە پێشێ.

لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ڕێژیم بە هەموو هێزی سەرکوتی نێوخۆی کە هەیەتی، خاڵی لاوازی زۆر گەورەشی هەیە. بە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەرفەت کەلک لەو خاڵە لاوازانەیە کە دەتوانێ کوردستان بەرەو ئازادی ببات، نموونەی هەرە گەورەی خاڵی لاوازی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوو بە چوکداهاتنی لە بەرانبەر شۆڕشی شەقامە و هەڵگریساندنی شۆڕشی شەقام کۆتایی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە لە دۆخی وەهادا لە جیاتی پەرەپێدان بە هەستی چاوەڕوانی بە دوای دروستکردنی دەرفەت بین، چونکە ئەگەر ئەوەی چاوەڕوانیمان دەکرد ڕووی نەدا، ئەوا ئێمە دەستەوەستان نین بەردەوام دەبین، ئەگەر ڕووشیان دا ئەوە ئێمە ئامادەین.

٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# شەڕێکی ترسەنۆکانە دژبە ژنان



**سمایل شەرەفی**

شەپۆلێکی دیکە لە پەلاماردانی ژنان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستی پێ کردوە. ئەم سەرکوتکارییە لە ئاستێکی بەرین و بەربڵاو و بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئارادایە. هەر لە هێرش بۆ سەر ژنان لەسەر شەقامەکان بە بیانووی "بێحیجابی"یەوە بگرە تا دەستدرێژی بۆ سەر ژنانی مافخواز لە بەندیخانەکان و هەوڵدان بۆ بێڕێزیکردن و بوختان بۆ هەڵبەستنیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن هێزی سەرکوتکەری سایبێریی ڕێژیم.

هێزەکانی گەشتی ئیرشاد لە هەڵمەتێکی نوێدا دیسان وەک هەمیشە و ئەمجارەیان زۆر توندوتیژ و دڕندانەتر لە جاران بە شەقامی شارەکانی ئێراندا بڵاو بوونەتەوە و بە بیانی "ڕەچاونەکردنی یاساکانی حیجاب" پەلاماری ژنان و کچان دەدەن و هاوکات لەگەڵ بێڕێزیپێکردنیان لێیان دەدرێ و بەزۆر ڕاپێچی گرتووخانەکان دەکرێن. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەفتارە سەرکوتکەرانەی هێزەکانی ئیرشاد، باس لەوە دەکرێ کە لە زیندانەکاندا گوشار بۆ سەر ژنانی بەندکراو پەرەی ئەستاندوە و تەنانەت دەستدرێژیی جنسی دەکرێتە سەر ژنان و سووکایەتییان پێ دەکرێ. لە تازەترین فایلی دەنگییدا، نەرگس

محەممەدی، ژنە بەندکراوی براوەی خەڵاتی نوبێل، لە بەندیخانەوە باس لەوە دەکات کە گوشار بۆ سەر ژنانی بەندکراو لە پەرەسەندنی زیاتردایە و تەنانەت باس لەوە دەکات ئاسەواری توندوتیژیی و دەستدرێژی جنسی بە هێندێک لە ژنانی زینیدانییەوە دیارە. هەر لەم پێوەندییەدا وەک لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زۆر باسی لێوە کرا، ڕێژیم لەلایەن کۆمەڵێک بەکرێگیراو و لە ڕێگای چەند کاناڵ و پەیجی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەئامانجگرتنی ژنان لە کوردستان و هەوڵدان بۆ بێڕێزی و بوختان بۆ هەڵبەستنیان و سووککردنیان لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا، کاری لەسەر دەکرێ.

ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژبە ژنانی وڵات کە هەر ئێستا و لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا ئاستێکی بەربڵاو و فراوانی بەخۆوە گرتوە، بە درێژایی هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە هەبووە و درێژەی هەیە. هەر لە یەکەم ڕۆژ و مانگەکانی هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە، ئەوە ژنان بوون کە ڕاست دژبە حیجابی زۆرە ملی و لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیاندا بە هەزاران کەسیان ڕژانە سەر شەقامەکانی تاران و بە درووشمی "نە ڕوسری، نە توسری، آزادی و برابری"، ڕاشکاوانە دژایەتیی خۆیان دژ بە نیزامی ئیدئۆلۆژیکی ئاخوندی ڕاگەیاند. لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا ژنان لە هەموو بەستێنەکانی خەبات و جووڵە جەماوەری و سیاسییەکانی نێوخۆی وڵاتدا، ئازایانە دەنگیان هەڵبڕیوە و لە ڕەفتاری ڕۆژانەیان لە بنەماڵە و شوێنە گشتییەکان و شەقامەکاندا سەلماندوویانە کە تەسلیمی یاساوڕێسای پڕ هەڵاواردن و کۆنەپەرستەکانی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییە دژە ژنانەکانی نەبوون و نابن.

بەتایبەت لە ڕەوتی نوێترین بزووتنەوەی بەرینی گەلانی ئێران (ژینا)دا کە "ژن" وەک تێمی سەرەکیی ئەم بزووتنەوە لە ژێر دروشمی "ژن.ژیان.ئازادی"دا وێنا و پشتیوانییەکی جیهانیی بۆ ئەم بزووتنەوە دەستەبەر کرد، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمیشە لەگەڵ ژنان کەوتە شەڕەوە. ژنان لە بزووتنەوەی ژینادا زیاتر لە ڕابردوو، بە شێوەی مەیدانی "بوون"ی خۆیان وەک بەشێکی هەرە ئەکتیڤ و چالاکی بزووتنەوە نیشان دا. ژنان بە هێزوەرگرتن لە ئەقڵییەت و تێفکرینێک کە لە پشت درووشمی ژن، ژیان، ئازادیەوە هەبوو و بەو پشتیوانییە جەماوەری و جیهانییەی لێی کرا، ڕۆڵی هەر بەرچاو و تەنانەت پێشەنگیان لە بزووتنەوەکەدا گێڕا. ژنان لەم شۆڕشەدا بە کۆمەڵێک ڕەفتاری نمادین و سەمبولیکی وەک پەچەلادان و برینی پرچیان، ڕاستەخۆ ماهییەتی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییان خستە ژێر پرسیار.

لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا کۆماری ئیسلامی زۆر لێبڕاوانە هێزی سەرکوتی خۆی ڕژاندە سەر شەقامەکان و بە شێوەی جۆراوجۆر پەلاماری ژنانیدا؛ سووکایەتی پێکردن، لێی دان، لێی کوشتن، دەستبەسەری کردن و وێڕای ئەشکەنجە و دەستدرێژی و سووکایەتیی زیاتر، حوکمی قورس و گرانی بەسەردا سەپاندن. پێی وابوو بەم شێوەیە دەتوانێ شەڕی دەیان

ساڵەی لەگەڵ ژنانی ئازادیخوازی وڵات بباتەوە و سەرکوتیان بکات. بەڵام وەک بۆ هەمووان و بۆ ڕێژیم زیاتر لە هەموو کەس ڕوونە، ژنان نە پاشەکشەیان لە داخوازییەکانیان کردوە و نە ئامادەن سەر بۆ یاسا داسەپاوەکانی ئەم ڕێژیمە نەوی بکەن.

ژنان لە بنەماڵەکانیاندا خەریکی پەروەردەکردنی نەوەیەکی ئازادیخواز و بەرهەڵستاری زوڵم و دیکتاتۆرین، لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا وێڕای داکۆکیکردن لە ئازادییە کۆمەڵایەتی و فەردییەکانیان، یاسا ڕەش و کۆنەپەرەستە داسەپاوەکانی وەک حیجابی زۆرە ملێ، دەخەنە ژێر پرسیار و تەسلیمیان نابن.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای هێزە سەرکوتکەرە جۆراوجۆرەکانییەوە لە سەر شەقامەکان، زیندانەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دژبە ژنانی وڵات و نیشتمانەکەمانی دەیکات، شەڕێکی ترسەنۆکانەیە. شەڕێک کە لە ترسەوە سەرچاوە دەگرێت، ترس لەو ڕق و بیزارییەی خەڵک کە - کاربەدستانی ڕێژیم لە هەموو کەس و لایەنێک باشتری لێ ئاگادارن - لە دەرفەتێکی گونجاو و ئاکامبەخش دەگەڕێت بە تەواویەتی ئەم نیزامەدا بتەقێتەوە و داهاتوویەکی گەش بۆ خۆی دەستەبەر بکات. پەلاماردانی ژنانیش جیا لە تۆڵەکردنەوە لە ڕۆڵ و کاریگەرییان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دژ بە دەسەڵات، هەوڵێکە بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک بۆ خۆبواردن لە هەر ناڕەزایەتیدەربڕینێک، سیاسەتێک کە لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام مایەپووچ دەرچووە.

٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# قووتی خەڵک بۆ "خەرج"ی مووشەک و بۆمب



**عەلی بداغی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پڕۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵدا بەشی هەرە زۆری داهاتی وڵاتی بۆ پێڕاگەیشتن و تەیارکردنی هێزە چەکدارەکانی و پڕۆژە ئەتومی و سەربازییەکانی تەرخان کردوە. ئەگەرچی بڕی بودجەی ڕاستەقینەی هێزە نیزامییەکانی ئێران زۆر لەو بڕە زیاترە کە لە ڕەدیفی بودجەی ساڵانەدا دەگونجێندرێ، بەڵام بەشە ڕەسمییەکەی بودجەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ساڵی ١٤٠٣ نیزیک بە ١٧ میلیارد دۆلار لەبەرچاو گیراوە. ئەوە جیا لەوەی هەموو بەشەکانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم، واتە سپای پاسداران، ئەڕتەش و هێزە ئینتیزامییەکان دەسەڵاتی فرۆشتنی نەوتیان پێ دراوە و لەسۆنگەی کێبرکێی وەزارەتی نەوت و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە فرۆشتنی نەوتدا نرخی نەوتی ئێران زۆر کەمترە لە بازاڕی جیهانیی نەوت، تا ئەو ڕادەیەی بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس ڕۆژانە ١٥ میلیۆن دۆلار، واتە لە ساڵدا نیزیک بە ٥ میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن دۆلار داشکان بۆ چین وەک تاکە مشتەریی نەوتی هەرزانی ئێران دەکرێت؛ هۆکارەکەشی پێویستیی ئێران بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆکان و هەروەک ئاماژەشی پێ کرا کێبرکێی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە فرۆشتن و هەرزانفرۆشکردنی نەوتی وڵات دەگەڕێتەوە. بەشی کارەساتباری بابەتەکەش ئەوەیە ئەو

داشکانەی ئێران بۆ کڕینی نەوتەکەی - بۆشکەی بە کەمتر لە ١٢ دۆلار لەچاو بازاڕی ڕەسمی - بۆ چینی دەکات، زیاتر لە دوو هێندەی هەموو ماڵیاتی دەستکەوتوو لە بودجەی وڵات بۆ دەوڵەتە کە لە مووچەی کارمەندەکانی کەرتی دەوڵەتی و تایبەت، کرێکاران، داهاتی دووکاندار، وەرزێڕ، سەنعەتکار و خاوەن‌پیشەکان لە وڵات دەگیردرێتەوە. هەروەها ئەو ٥ میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن دۆلارەی هەر لە ختوخۆڕا و بە مفتێ و لەسۆنگەی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمەوە دەچێتە گیرفانی چینییەکان، پتر لە سەتا ١٠ی هەر هەموو سەرچاوەکانی دابینبوونی بودجەی ساڵانەی وڵاتە.

جیا لە بودجەی هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم، بەشێکی زۆری دیکەی داهاتی وڵات لە ساڵی ١٤٠٣دا بۆ ڕێکخراوەکانی پڕوپاگەندەی ڕێژیم وەک دەنگوڕەنگ، حەوزەکانی عیلمییە، وەزارەتی ئیرشاد، سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، و ناوەندە ئیدئۆلۆژیکییەکانی وەک "دامەزراوەی بەرهەمەکانی ڕوحوڵڵا خومەینی"، "ستادی بووژانەوەی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە"، "بنیاتی پاراستنی ئاسەوارەکانی بەرگریی پیرۆز"، "کۆمەڵگەی جیهانیی ئەلموستەفا" تەرخان کراوە.

تەرخانکردنی بەشی هەرە زۆری بودجە و داهاتی وڵات بۆ کاروباری نیزامی، ئەمنییەتی، پڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژی و دەزگای سەرکوت و زیادکردنی دوو هێندە و سێ هێندەی بودجەی ئەو لایەنانە لە کاتێکدایە، سەرەڕای ئاوسانی ئابووریی سەروو سەتا ٥٠ بەڵام حکوومەت لەمساڵدا تەنیا یەک لە پێنجی بە مووچەی مانگانەی کارمەندان و خانەنشینکراوان زیاد کردوە. هەروەها بەشە گرینگەکانی وەک پەروەردە، ئاوەدانی، بێهداشت و دەرمان و خزمەتگوزارییەکان کەمترین ئاوڕیان لێ دراوەتەوە، وەک بڵێی هیچ ئەولەوییەتێکیان بۆ دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبێت. لە تەنیشت ئەوانە پرسی قەیرانە ئابوورییەکانی وەک بێکاری، گرانی، بژیو و ئاوسان، قەیرانە ژینگەییەکانی وەک کەمئاوی، وشکەساڵی و هەوای پیس، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پیربوونی کۆمەڵگە و خەسارە زۆروزەوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە هیچ کوێ وەک کەڵکەڵە و خەمی بەرپرسانی ڕێژیم نابیندرێن. یان دەنا زۆر ئاسان بە لای ئەو ڕاستییەدا تێدەپەڕن کە ئێران لە ساڵی ١٤٠٢دا پلەی حەوتەمین وڵاتی دنیای بە زۆرترین ڕێکۆردی پێوەرەکانی فەلاکەت تۆمار کردوە و بە لایانەوە ئاساییە خەڵکی ئێران لە ڕیزی وڵاتانێکی بەڵالیدراوی وەک "سوودان"، "زیمبابوە"، "ڤێنێزۆلا" و "سورینام"دا جێ بگرن.

کۆماری ئیسلامی لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا بە پشتبەستن بەو بۆچوونە کە نیزامی نێونەتەوەیی پێکهاتەیەکی ئانارشیکی هەیە، ئەمنییەت و مانەوەی لە دەسەڵاتدا تەنیا لە بەهێزکردنی هێزی سەربازیدا دەبینێت، بەتایبەت کە لە نێوخۆی وڵاتدا خۆی بە خاوەنی کەمترین شەرعییەت و متمانەی خەڵک دەزانێت و ئەوەشی بەڕوونی بۆ سەلماوە.

بڕیاربەدەستانی ڕێژیم هەروەها دوو بەرابەرکردنی بودجەی سەربازیی هێزە چەکدارەکانیان بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێننەوە: شەڕ و هەڕەشەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها کێبرکێی چەکوچۆڵ لەنێو وڵاتانی دژبەر و دراوسێدا، بەڵام هەر لەو پێوەندییەدا چەند خاڵی سەرەکی جێگای ئاماژە پێکردنە:

**یەکەم**. گرژی و شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوچە کە ڕێژیم بە هۆکاری پێویستیی بەهێزکردنی توانای هێرشبەریی خۆی لە بواری مووشەکی و ئەتۆمییشەوە دایدەنێت، پێش هەموو شتێک بۆ خودی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە کە ئارامی و سەقامگیریی لە ناوچەکە هەڵگرتوە.

**دووهەم**. ئەگەر وڵاتانی دژبەر و دراوسێی وەک ئیسرائیل، تورکیە، عەرەبستان و ئیمارات بۆ نموونە بەدوای پڕچەککردنی خۆیانن، لەوەشدا بەشێکی هەر بۆ سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر خۆیان دەگەڕێتەوە. بەڵام خۆ ئەوان نەهاتوون قووتی ژیانی خەڵکی وڵاتەکەیان بدەن بە مووشەک و لە دروستکردنی بۆمبی ئەتومدا خەرجی بکەن. ئەو وڵاتانە پێچەوانەی ئێران نوقمی هەژاری، گرانی، ئاوسانی ئابووری و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نین و حکوومەتەکانیان نەهاتوون وەکوو ئێران ٨٠ هێندەی بودجەی ژینگە و ئاوەدانیی وڵاتەکەیان بۆ پەرەپێدانی هێزی سەربازی و هێرشبەریی ڕێژیمەکەیان تەرخان بکەن.

**سێهەم**. هیچ کام لەو وڵاتانە نەهاتوون لە گیرفان و بژیوی خەڵک و بودجەی دەرمان، لەشساغی، پەروەردە، ئاوەدانی و پەرەسەندنی وڵاتی خۆیان لێ بدەن بۆ ئەوەی چەند سوپا و میلیشیای دەیان هەزار کەسی لە وڵاتانی دیکەدا بژێنن و بۆ شەڕی نیابەتی بە چەک و تێکنۆلۆژیی مۆدێرنی شەڕ کۆک و پۆشتە و تەیاریان بکەن.

**چوارەم**. ئەو وڵاتانەی ساڵانە بودجەی سەربازیی خۆیان زیاد دەکەن وەک ئێران نین لەلایەک ئیمتیازی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و سامانە سروشتییەکانی دیکەی وڵاتەکەیان دابێتە هێزە چەکدارەکانیان و، لەلایەیەکی دیکەش لە بودجەی وڵاتدا - کە پوڵ و سامانی خەڵکە - سەدان میلیۆن دۆلار بۆ دابینکردنی کەرەستەی سەرکوت و کوشتن و داپڵۆسینی خەڵکی نارازیی وڵات تەرخان بکەن؛ هەروەک چۆن ڕێژیم لە جووڵانەوەی ژینادا بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکانی ژن، ژیان، ئازادی کردی .

دواجار ئەوە کە ئەمنییەت و مانەوەی ڕێژیمەکان بە پۆشتەبوونی هێزە چەکدارەکانی دابین نابێت، بەڵکوو ئەوە

بانەمەڕی: ٢٧٢٤

سیاسەتەکانی ئەم ڕێـژیمە لە نێوخـۆی وڵات و لە هاوکێشـە نـاوچەیی و جیهانییەکـانـدایە چەنـدیوچۆنیی ئەو ئەمنیـیەتە دیاری دەکا. ئەوەندەش کە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگەڕێتەوە، ئەم ڕێژیمە نە متمانە و شەرعییەتی خەڵکی لە نێوخـۆی وڵاتـدا هەیە و لەو سـۆنگەیەوە گەورەتـرین هەڕەشـە ڕووخـانی لەسـەرە، و نە سیاسـەتی شـەڕەنگێزی، قەیرانخـوڵقێنی و ناسەقامگیرکردنی ناوچە دەتوانێ پاراستن و ئەمنییەتی بەدیاری بۆ بێنن.

٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی خوێندکاری کورد




**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**ئەندامانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان!**
**خوێندکارانی بەهەست و خەباتگێڕی کورد!**

بەبۆنەی ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد بەگەرمی پیرۆزباییتان پێ دەڵێین و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و شوێندانەرتان لە سەنگەری خەباتی ڕووناکبیری شوناسخوازیدا دەگرین.

١٢ی بانەمەڕی ئەمساڵ ٥٦ ساڵ بەسەر ڕووداوێکدا تێدەپەڕێ کە وەک لاپەڕەیەکی درەوشاوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تۆمار کراوە و بۆتە ئیلهامدەری خەباتکاران و نیشتمانپەروەران، بەتایبەت خوێندکارانی دەروەستی کورد.

لەساڵی ١٣٤٦ی هەتاویدا ژمارەیەک لە خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەژێر ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و بە ئامانجی شکاندنی شەقڵی شەوەزەنگی چلەکانی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکدارییان لێدا و بەناو دورگەی سەقامگیری حەمەڕەزا شای پەهلەوییان شڵەژاند. لەو ڕاپەڕینە مێژووییەدا سمایلی شەریفزادە وەک یەکێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە و وەک خوێندکارێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی کورد دەورێکی کاریگەر و شوێندانەری لەسەر وشیاریی نەتەوەیی و خەباتی شوناسخوازیی کورد هەبوو. سمایلی شەریفزادە، سەرچەشن و پێشەنگی ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بوو کە بە هەڵوێستی سیاسی و ئەکتی خەباتگێڕییان پێناسەیەکی نوێ و شوناسێکی نەتەوەییان بە خوێندکاری کورد و تێکۆشانی سیاسی و سینفیی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران بەخشی.
لەکاتێکدا کەشی سیاسیی ئێران لە دەیەی ٤٠ی هەتاویدا بەتەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەریی بیری چەپ لەلایەک و بیری نەتەوەگەرای ئێرانی لەلایەکی تر، ژمارەیەک لە خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی تاران - یەک لەوان سمایل شەریفزادە - پەیوەندییەکی گوتاری و سیاسییان لەگەڵ بزووتنەوەی میللی-دیمۆکراتیکی کوردستان دامەزراند کە بوو بە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەوتێکی رادیکاڵ و نەتەوەیی لە هەناوی بزووتنەوەی کوردستاندا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەریی دەکرد. هاوکات پەیوەندییەکی مەعریفی و لە هەمان کاتدا دوولایەنە لەنێوان چەپی ڕادیکاڵ و نەتەوەخوازیی کوردیدا هاتە ئاراوە کە بزوتنەوەی چەکداریی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە بوو.

لەو قۆناغە لە مێژووی ئێراندا کە ئازادییە سیاسییەکان بەتوندی سەرکوت دەکران و هیچ هیوایەک بۆ ڕیفۆرمی سیاسی لە ئێراندا بەدی نەدەکرا، شەریفزادە و پۆلێکی دیکە لە لاوانی خوێندەوار و زانکۆدیتووی ئەو سەردەم سەنگەری خەبات و تێکۆشانیان لە زانکۆ و نێوخۆی وڵاتەوە بۆ چیاکانی کوردستان و بۆ نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گواستەوە. ئەوان وێڕای هەوڵدانیان بۆ بردنەسەرێی ئاستی وشیاری سیاسی و هزری نەتەوەیی و بەرجەستەکردنی خەسڵەتی سەربەخۆیی سیاسی لە حیزبی دێموکرات و بایەخدان بە تێکۆشان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بوونە هەوێنی وەڕێکەوتنی ڕاپەڕینێکی چەکداری لەدژی دەسەڵاتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی.

جووڵانەوەی چەکدارانەی کوردستان (١٣٤٧ - ١٣٤٦) یەکەم بزووتنەوەی چەکداری بوو لە ئێراندا کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی جەماوەری وەزاڵەهاتوو بەرەوڕوو بوو، و بوو بە سەرەتایەک بۆ هەڵگیرسانی خەباتی پارتیزانی لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشدا. سەرەنجام ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی کاک سمایل شەریفزادە و چەند هاوسەنگەرێکی دیکەی لە بۆسەیەکی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ناوچەی بانەدا شەهید کران.

**خوێندکارانی نیشتمانپەروەری کورد!**

خوێندکارانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەم و قۆناغی ئێستاشدا، بەشێکی چالاک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەیانن. ئەوان لە نێوخۆی ئێران سەرەڕای زەبروزەنگی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەنێو زانکۆکان و لە سەنگەری شەقامیشدا لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و تێکۆشاندا بوون. ئەویش لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە زانکۆکانی بە مەترسی بۆ سەر بنەما ئیدئۆلۆژیکەکانی دەزانێ و، ئۆرگان و دامەزراوەی جۆراوجۆری ئەمنیەتیی لە زانکۆکاندا جێگیر کردوە و هەوڵ دەدا دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازی خوێندکاران کپ بکات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بینیمان کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، خوێندکاران لە بەشێکی زۆر لە زانکۆکانی کوردستان بوونە پێشەنگ و ئاوانگاردی ئەو شۆڕشە. کچان و کورانی خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خواست و داواکارییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانیان لە کۆنتێکستی خەباتێکی ناسنامەخوازیی نەتەوەییدا کردە هەوێنی چالاکییەکانیان و کۆی پێکهاتەی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمیان کردە ئامانج.
شۆڕشی ژینا و ڕاپەڕینی بەربڵاوی خوێندکاران لە ڕەوتی ئەو شۆڕشەدا لە زۆر ڕووەوە درێژەی خەباتی شەهید شەریفزادە و هاوڕێیانی لەو سەردەمە دابوو و زۆر خاڵی هاوبەش لەو دوو قۆناغەدا بەرچاو دەکەون. ڕۆحی شۆڕشگێڕی و پێکهاتەشکێنی شەریفزادە و هاوڕێیانی لە بەگژداچوونەوە و ڕابوون دژی ستەمکاری و دیکتاتۆڕی، دەروەستیی نەتەوەیی و نیشتمانی و پەیوەستبوون بە بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەروەها بووژانەوەی هیوای خوێندکاران بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی ئەو وێکچوونانەن کە چالاکییەکانی خوێندکاران لە شۆڕشی ژینادا بە خەباتی خوێندکاریی دەیەی ٤٠ی هەتاوی بە پێشەنگایەتیی شەریفزادە پێکەوە دەبەستنەوە. ئەوەش وای کردوە ڕێبازی شەریفزادە وەک ڕێبەر و هێما و پێشەنگی خوێندکاری کورد بەردەوام بەرهەم بێتەوە و ژیریی ناونانی ڕۆژی شەهیدبوونی شەریفزادە وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد لە لایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە و پێشوازیی کۆمەڵگەی خوێندکاریی کوردی لەو ناونانە بەرجەستەتر بێتەوە.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوەی بزاڤی خوێندکاریی کوردی بە بزاڤێکی گۆڕانخواز، نەتەوەیی و عەداڵەتویست دەزانێ، بڕوای قووڵی بە ڕێکخستنی هەرچی زیاتری خوێندکاران هەیە بۆ وەسەریەکخستنی تواناکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆڕی و هەموو جۆرەکانی ستەمی نەتەوەیی، ڕەگەزی و چینایەتی، و لەو پێناوەدا هانی خوێندکاران دەدا پوتانسیەل و وزەی خۆیان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی ئەو بزاڤە بخەنە گەڕ.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەژێر سێبەری گرینگیی خەباتی خوێندکاران و گرێدانیان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی خوێندکارانی دیمۆکڕاتی کوردستانی دامەزراندوە و لەو ڕێگەیەوە پشتیوانی لە خەباتی خوێندکارانی کورد لە وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانیان دەکا.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران وێڕای بەرزنرخاندنی یاد و بیرەوەریی شەهید سمایلی شەریفزادە سیمبۆلی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی، پیرۆزبایی ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد لە بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی خوێندکارانی دیمۆکڕاتی کوردستان، کۆمەڵگەی خوێندکاری و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا و پشتیوانیی خۆی لە خەباتی شێلگیرانە و ڕوو لە گەشەی خوێندکارانی بوێر و پێشەنگی کۆمەڵگەی کوردی دووپات دەکاتەوە و زانکۆ و ناوەندە ئاکادمیکەکان چ لە بەرهەمهێنانی ئەندێشە و چ لە بواری چالاکیی مەیدانیدا بە بزوێنەرو پێشەنگی خەباتی جەماوەری دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی

١٢ی بانەمەڕی ١٤٠٣ی هەتاوی

١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# شەهید سمایل شەریفزادە، سیمای ١٨ مانگ خۆڕاگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**ناسر سائێحی‌نەسڵ**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە مەکۆی بەرخۆدان، خەبات و تێکۆشان و سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانە بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتی_ سیاسییەکانی گەلی کورد و دێموکراسی و ئازادی گەلانی ئێران بووە. هیچ کات ڕۆڵەکانی نەتەوی کورد، ئێزنی ئەوەیان نەداوە دوژمنانی ماف و ئازادی گەلی کورد بە ئاسوودەیی سەر وە سەرینی مێژوو بکەن. بۆیە بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی ڕەوا، داکۆکییان لە ماف و مانی نەتەوەی ستەملێکراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە. ئاشکرایە باسکردن و ئاوڕدانەوە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ١٣٤٧-١٣٤٦ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرنجدان بە گرینگی و بایەخەکەی پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە، چوونکە هەم ڕووداوێکی گرینگ و هەم خاڵێکی وەرچەرخان و شێوە خەباتێکی نوێ لە مێژووی سیاسی خەباتی ڕەوای نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە شێوەی جۆراوجۆری نهێنی و

دوورخراوەییدا بەردەوام بوو، هەتا لە ساڵەکانی ١٣٤٧-١٣٤٦دا ئەم خەباتە نهێنییە بە شێوەی خەباتی چەکداریی خۆی پێشان دا و وزە و ورەیەکی نوێی بە خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی گەلی کورد دا. هەر بۆیە ئەم قۆناغە لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکی خەباتی چەکداری و کاری ڕێکخراوەیی، دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری حەمەڕەزاشای پەهلەوی بووە. بۆیەشە ڕاپەڕین و بەرخۆدانی ڕۆڵە خۆنەویستەکانی نەتەوەی کورد لەو ساڵانەدا بە هەڵوێستیکی شۆڕشگێرانە و لاپەرەیەکی زێڕین لە خەباتی ڕەوای چەکداری بۆ مافە سیاسی و نەتەواپەتییەکان و مێژوویەکی پڕ لە شانازی لە خەبات و تێکۆشان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەنرێت.

یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی پڕ لە شانازی ڕاپەڕینی چەکداریی ١٣٤٧-١٣٤٦ ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید مەهەندیس سمایل شەریفزادە بوو. کاک سمایل شەریفزادە ئەو خوێندکارە بلیمەت و ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەی گەلی کورد بوو کە لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتوری حەمەڕەزا شا دا بە وردبینی و هەڵسەنگاندنی باردۆخی ئەوکاتی ئێران و کوردستان و بە پەیوەستبوون بە ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوەیەکی تایبەتی لەو قوناغەدا بۆ هەڵگیرسان و ڕاسانەوەی خەباتی چەکداریی هەبوو. کەڵکوەرگرتن لە پلان و گەلاڵەی شەڕی پارتیزانی وەک دیاردەی خەباتی هێزە چەپ و شۆڕشگێڕەکان دژی ڕێژیمە دیکتاتورەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و سەرکەوتنەکانی ئەو قوناغەی خەباتی چەکدارییەکانی گەلانی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ لە ئامریکای لاتین و ئاسیا و ئافریقادا هەوێنی بیروڕای شۆڕشگێڕانی نەمر سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی بوو کە لە زانکۆی تارانەوە چەکەرەی کردبوو. بەڵام بەو جیاوازییە و پێچەوانەی بیروڕا و تیئورییەکانی چەتی ئەوکاتی ئێران کە کۆمەڵگەی ئیرانیان بە پاسیڤ دەزانی، لە دید و بۆچوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکرات، کۆمەڵگەی کوردستان پاسیڤ نەبوو، بەڵکوو کۆمەڵگەیەکی وزەبەخش و شۆڕشگێڕ بوو، کە پاشخانی بزاڤی ڕووناکبیریی کوردی و بنەما فیکری و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بوو. هەر بۆیە پێوەندیی بزووتنەوەی خەباتی چەکداریی و ڕێکخراوەیی ساڵەکانی ١٣٤٧-١٣٤٦ی هەتاوی لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی دوولایەنە بوو.

لەلایەک بزوتنەوەی ڕێکخراوەیی و چەکداریی شۆڕشگیران وزەی دەدا بە کۆمەڵگەی کوردستان و لەلایەکی دیکەوە وزەی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەردەگرت. چونکە لە سەردەمی ڕیژیمی حەمەرەزاشای پەهلەویدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەک، تەواوی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی پێشێل کرابوو و لەلایەکی دیکەوە هەنگاوەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ زیاتر میلیتاریزەکردنی کوردستان پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و بە گرتنەبەری سیاسەتی ڕاوەدوونان و گرتن و

زیندانیکردنی ڕۆڵە مافخوازەکانی گەلی کورد، ڕێژیمی پەهەلەوی هیچ ڕێگایەکی سیاسی و یاسایی بۆ کار و چالاکی خەباتگێڕانی گەلی کورد نەهێشتەوە. بۆیە کاک سمایل شەریفزادە و هاوبیرانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و لەخۆبایی حەمەڕەزاشا، خەباتی چەکداریی و ڕێکخراوەییە. کاک سمایل شەریفزادە لە نامەیەکدا بۆ شەهید دوکتور قاسملوودا دەنوسێت:" ئەورۆ توفانیکی بە تەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتوە و کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری دەستدانە چەک و وەشاخکەوتنە، نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکوو ڕێگای ڕزگاریی هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستە". بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاویدا کاتێک کاک سمایل شەریفزادە لەگەڵ چەند پێشمەرگە لە گوندی دارینەی ناوچەی بانە، خەریکی جەولەی سیاسی- نیزامی بوون، لەلایەن خۆفرۆشێکەوە شوێنی حەسانەوەیان ئاشکرا دەبێت و هێزیان وەسەر دەگێردرێ کە پاش شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی بە هۆی جاش و ژاندارمەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاوە شەهید دەکرێن.

هەربۆیە ئیستا بۆ نەوەی سەردەمی شۆڕشی ژینا، کاریگەری و شوێندانەریی کەسایەتیی شەهید مەهەندیس سمایل شەریفزادەکان، بۆتە حەقیقەتێک و هیمایەک بۆ خەباتی نەتەوایەتی و ئەستێرەیەکی پرشنگدار و سیمای پێشەنگی ١٨ مانگ خەبات و خۆڕاگری، کە نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد و نەوەی شۆڕشی ژینا شانازی بەو ڕێگا و ڕێبازەوە دەکات.

هەر بۆیە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٦ هەتاویدا بە هەست بە بەرپرسیایەتیکردن و بە ڕوانینی بۆ بزاڤی پێکهاتە شکینی خوێندکاری کورد، شەهید سمایل شەریفزادەی وەک هێمای خوێندکاری کورد و ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی وەکوو ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کرد. لە ساڵڤەگەری شەهیدبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانیدا پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەرکەوتن درێژەدەری ڕیگا و ڕێبازی شەهیدان بین.

١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# گەڵاڵەی زەبر و زۆر



ئاسۆ مینبەری

لە ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵەوە ڕێژیم لە ڕێگەی ناوەندە داپڵۆسێنەرەکانیەوە پرۆژەیەکی دیکەی لە دژی کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەگەرچی چوارچێوەی ئەم پرۆژەیە کە بە "گەڵاڵەی نوور" ناسراوە ناڕوونە و تاکوو ئێستا پێوەرێکی دیار و ڕوون بۆ جێبەجێکردنی بەدەستەوە نەدراوە، بەڵام هەموو ناوەندە سەرکوتکارەکانی ڕێژیم کەوتوونەتە خزمەتیەوە و دەیانەوێ بە زۆر پرسی حیجاب لە کۆمەڵگەدا بکەنە ڕۆژەڤ و وای نیشان بدەن کە تەنیا کێشەی هەنووکەیی کۆمەڵگەی ئێران، کێشەی حیجابە!

لە ڕاستیدا پرسی حیجاب لای کۆماری ئیسلامی هەمیشە یەکێک لە گرینگترین و هەستیارترین بابەتەکان بووە و، ناکرێ دەسەڵات بە ناوی ئیسلامەوە خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت و پرسی حیجابی تێدا ڕەچاو نەکرێ؛ بەڵام پرسە

سەرەکییەکە، نەبوونی ڕەوایی ئەم دەسەڵاتە و دژایەتیی زۆربەی حەشیمەتی کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ پرسێکی وەک حیجابە. هەروەها ڕێژیم زۆر باش دەزانێ کە پاشەکشە لەهەمبەر پرسی حیجاب سەرەتای دۆمینۆی پاشەکشەکانی و و کۆتاییدا ڕووخان و دارمانیەتی.

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمەوە، پرسی حیجاب بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا سەپاوە و خەڵک بەبێ هیچ دەرفەتێک بۆ ڕادەربڕین ناچار بە گوێڕایەڵبوون و ملکەچبوون بەم بڕیارە بوون، چونکە لای کۆماری ئیسلامی دژایەتی لەگەڵ پرسی حیجاب، لە ڕاستیدا دژایەتی لەگەڵ چییەتی و بوونی ئەو دەسەڵاتەیە. لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا و بەپێی دۆخی کۆمەڵگە و گرینگتر لەوەش دۆخی دەسەڵات، پرسی حیجاب هەموو کاتێک لەلای ڕێژیم زۆرترین گرینگیی پێ دراوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک کەرەستەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی لانیکەم بەشێک لە حەشیمەتی کۆمەڵگەی ئێران چاوی لێ کراوە؛ هەر بۆیە هەر کات کە لە قوژبنێکدا دژایەتی لەگەڵ ئەم پرسە کرابێ، وەک ئەوە بووە کە تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی کرابێتە ئامانج و لەو سۆنگەیەشەوە هەڵوێستی دەسەڵاتیش توند و بێبەزەییانە بووە.

ئەگەرچی پرسی حیجاب لە کوردستان پرسێکی زۆر جیاوازتر لە ناوەندی ئێرانە بەڵام بەم حاڵەشەوە، ڕێژیم ستەمی خۆی بەرانبەر بەم خەلکە دریغ نەکردوە و بەردەوام هەوڵی داوە تاکوو بە بیانووی حیجابەوە پەلاماری کوردستان و خەڵکەکەی بدا. بەڵام ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە پرسی حیجاب لە کوردستان بۆ ڕێژیم پرسێکی تەواو ئەمنییەتییە، چونکە تێگەیشتنی خەڵکی کوردستان لە کۆمەڵگەی ئێران و ناسینێک کە لە دەسەڵات هەیانە، وای کردوە کە حیجابیش وەکوو بیانوویەک بۆ دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم چاوی لێ بکرێت.

ڕێژیم ساڵانێکی زۆرە لە ڕێگەی گەلاڵەی جۆراوجۆرەوە هەوڵ بۆ سەپاندنی حیجاب بەسەر کۆمەڵگەدا دەدات بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە لە دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینییەوە، ئەم پرسە لە کوردستان بوو بە دەسمایەی سەرکوتی زیاتر، چونکە ئەم پرسە لە کوردستان جیا لە مافێکی تاکەکەسی، تێکەڵ بە پرسی شوناس و پرسی نەتەوەیی بوو و بە پێچەوانەی شارەکانی ناوەندی ئێران کە هەموو بزووتنەوەکەی دوای مەرگی ژینایان بە حیجابەوە گرێ دا، لە کوردستان پرسی نەتەوەیی بە گوڕ و تینەوە سەری هەڵدایەوە و کوژرانی کچە کوردێک لەسەر حیجاب بوو بە چەخماخەی ئاگری بزووتنەوەیەک کە دەسەڵاتی تووشی دارمانێکی دەروونی کرد. دەروونی بەو مانایە کە ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ڕێژیمەکە نەڕووخاوە بەڵام لە نێوەڕۆک و بوونی خۆیدا تووشی ڕووخان و لەنێوچوون بووە؛ بە شێوازێک کە دواپەلەقاژەی بووەتە پەلاماردانی ژنان و کچان لە شەقامەکاندا و پێی وایە بە سەپاندنی ئەم پرسە دەتوانێ قەرەبووی تێکچوون و ڕووخانە

دەروونییەکەی بکاتەوە!


ئامادەباشیی هێزە ئینتیزامییەکان و گەشتی ئێرشاد و باقی هێزەکانی ڕێژیم، لایەنێکی دیکەشی هەیە و ڕەنگە بەشێکی گرینگ لەم هەوڵە بێت، ئەویش گەورە کردنەوەی پرسی حیجاب بە مەبەستی بچووککردنەوەی پرسی سەرەکی واتە مافخوازیی خەڵکانی ئێرانە.

لە ڕاستیدا ڕێژیم بە سەرقاڵکردنی خەڵژ بە پرسی حیجابەوە، وای دەنوێنێ کە تەنیا پرسی گرینگ کە لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی ڕووبەڕوونەوەی خەڵک و دەسەڵاتە پرسی حیجابە، بەم شێوەیە پرسە ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی، پەروردەییەکان دەکەونە پەراوێزەوە و لە جیاتی ئەوەی کە شەڕی خەڵک و دەسەڵات لەسەر پرسی مافی چارەی خۆنووسین و ئازادی و دادپەروەری بێت، لە چوارچێوەی تاڵە قژی ژنێکدا پێناسەی بۆ دەکرێت. هەر بەم پێیە زۆر گرینگە کە بە تێگەیشتن لە لایەنە شاراوەکانی ئەم بابەتە، نەهێڵین پرسی سەرەکی لە چاو ون بێت و ڕێژیم بە سەپاندنی گەڵاڵەیەک، زۆری خۆی بەسەر خەڵکدا تاقی بکاتەوە.

بێگومان بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕێژیم هەر جارەو لە سەنگەرێکدا دەکرێ و ئەوەی کە گۆڕانی بەسەردا نایەت، ڕق و تووڕەیی خەڵک لە دەسەڵات و بێزارییان لە ستەم و ناداپەروەرییە.

۱٦ی بانەمەڕی ۲۷۲٤

# وردە بزووتنەوەی خوێندکاری لەژێر سێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا



د. ئازاد محەممەدیانی

"وردە بزووتنەوەی خوێندکاری" یەک لەو "بزووتنەوە کۆمەڵایەتی"یانەیە کە هاوکات و تەنانەت پێش دامەزرانی زانکۆ لە ئێران هەبووە و لە هێندێک قۆناغدا وەک دامەزراوەیەکی گرینگ لە ناوەندی ڕووداوەکانی ئەم وڵاتەدا حوزووری کاریگەری بووە. بۆ ئەوەیکە بەرچاوڕوونییەکمان لە وردە بزووتنەوەی خویندکاری کورد و پێوەندییەکەی لەگەڵ "بزووتنەوەی نەتەوایەتی" یا "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی" کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەبێ پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە "وردە بزووتنەوەی خوێندکاریی ناوەند" بدەینەوە کە لەژێر سێبەری "بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی" ئێراندا شکڵی گرتووە.

یەکەم جیلی خوێندکاری زانکۆی ئێران کە لە کۆتاییەکانی دەورەی قاجار و سەرەتای دەورەی پەهلەوی نێردرانە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن ڕێکخەرانی یەکەم دامەزراوەکانی خوێندکاری لە دەرەوەی ئێران بوون. ئەوان وێڕای ئاشنابوون لەگەڵ زانستە نوێیەکان ئەو کەڵکەڵەیە لە زەینیاندا ساز بوو کە بە دوای ڕێگە چارەیەکەوە بن بۆ چارەسەری دواکەوتوویی ئێران. لە ڕاستیدا ئەو خوێندکارانە هەم لە باری مەعرەفیەوە و هەم لە باری زانستیەوە کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو دونیا

جیاوازە و بوونە پێشەنگی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەیان و هەر لە دەرەوە یەکەم ڕێکخراوەکانی خوێندکارییان پێک هینا و دوای گەڕانەوەشیان بۆ وڵات بەشێکیان بوونە یەکەم مامۆستایانی زانکۆی تاران کە ساڵی ١٣١٣ دامەزرا. ئەم جیلە پتر لەژێر کاریگەریی "گوتاری لیبراڵ ناسیونالیستیدا"بوون، دواتر کاریگەریی "گوتاری چەپ" لە ڕێی "حیزبی توودە" و جۆرێکی دیکە لە ناسیۆنالیزم لە ڕێی "جبهه ملی-بەرەی نیشتمانی"یەوە یەکەم بەربەرەکانییەکان لەگەڵ حکوومەتی پەهلەوی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ڕووی دا بە شێوویەک کە لێکەوتەکەی "١٦ی ئازەر"ی هەمان ساڵ و کوژرانی سێ خوێندکاری زانکۆی تاران بوو، کە دەتوانین وەک یەکەم قۆناغی ئاشکرا بوونی ململانێی نێوان بزووتنەوەی خوێندکاری و دەسەڵاتی سیاسی باسی بکەین.

هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ بەپێی سروشتی "وردە بزووتنەوە"کان، وردە بزووتنەوەی خوێندکاری بۆخۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەڵگری ئیدئۆلۆژی و گوتارێکی سیاسیی تایبەت نەبووە، بەڵکوو لەژێر کاریگەریی ویژمان و ئەندیشە سەراسەری و گشتییەکاندا پێک هاتووە، هەر بەو شێوەیەش وردە بزووتنەوەی خوێندکاریی ناوەند لەژێر کاریگەریی سێ ویژمانی؛ "ناسیۆنالیستی"، "چەپ" و "ئیسلامی شۆڕشگێڕانە"دا شکڵی گرت کە دواتر و لە دەیەکانی حەفتا بەولاوە "گوتاری ڕیفۆرمیستی" و "گوتاری لیبرالیستی کۆمەڵایەتی و سیاسی" زۆرترین کاریگەرییان لە سەری بوو. ئەم وردە بزووتنەوەیە دوای ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە دەیەی شەستدا وێڕای دامەزرانی "دفتر تحکیم وحدت" لە ساڵی ١٣٦٠دا، کە دواتر بوو بە بەهێزترین دامەزراوەی خوێندکاری دژ بە دەسەڵات، لەو دەیەیەدا تەنیا نەخشی تەئییدی سیاسەتەکانی حکوومەتی نوێی هەبوو. دەیەی حەفتا هاوکات لەگەڵ هاتنەسەرکاری دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازی "محەممەدی خاتەمی" دەیەی گەشەی وردە بزووتنەوەی خوێندکاری بوو. ئەم وردە بزووتنەوەیە واتا سەرەکییەکانی گوتاری خۆی لە چەمکە نوێیەکانی کەلان بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێرانییەکان کە خەباتی مەدەنی، چاکسازی سیاسی و لیبرالیسمی فەرهەنگی بوو، وەردەگرت.

بە نیسبەت کوردستانیشەوە بەردەوام ئەو پرسیارە لە ئارادا بووە، کە ئایا سەربەخۆ و جیا لە ناوەند بزووتنەوەی خوێندکاری هەیە یا نا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە پێشتر ئاوڕێکی خێرا لە لایەکەوە لە کاریگەریی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ناوەند و دەرەوەی کوردستان لەسەر خویندکاری کورد و لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەریی ئەم خوێندکارانە لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بدەینەوە.

لە ڕێبەرانی کورد کە جیلی یەکەمی ئەو کەسانەن کە لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە خوێندکارییەکاندا بیریان گەشەی

کردوە و دواتر لەسەر بنەمای ئەو کاریگەرییە بوونەتە ڕێبەری سیاسیی کوردستان دەتوانین باسی ئەم سێ کەسە بکەین: "دوکتور قاسملوو"؛ هاوڕێ لەگەڵ "نوورەدین زازا" و "عیسمەت شەریف وانلی" کە لە دامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا" لە ساڵی ١٩٦٤دا بوو، و دواتریش بە تێکەڵبوون لەگەڵ "کۆنفیدراسیۆنی خوێندکارانی ئێران لە ئورووپا" و بە کاریگەری لە فەزای سیاسیی جیهانی و بزووتنەوە خوێندکارییەکانی جیهان دەگەڕێتەوە کوردستان و "حیزبی دێموکراتی کوردستان" نوێژەن دەکاتەوە و ڕێکی دەخاتەوە، بە جۆرێک کە هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو حیزبە بە ڕێبەرایەتیی ئەو دەبێتە جەماوەریترین حیزبی کوردستان.

"سمایلی شەریفزادە"؛ خوێندکاری کۆلێژی فەننیی زانکۆی تاران، لەژێر کاریگەریی دۆخی سیاسیی ئێران و ئەوسەردەمی بزووتنەوەی خوێندکاریی ناوەند و بزووتنەوە چریکییەکانی ئامریکای لاتین کە ڕێبەرانیان زۆرتر خوێندکارانی زانکۆکانی ئەو وڵاتانە بوون، دەبێتە یەک لە ڕێبەرانی "کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات" و شۆڕشی چەکداریی ٤٧-٤٦ ڕێکدەخا. "فواد مستەفاسولتانی"؛ خوێندکاری زانکۆی فەننیی تەورێز لەژێر کاریگەری گوتاری چەپ و وردە بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا شێوە ڕوانینە سیاسییەکەی شکڵ دەگرێ و دەبێتە ڕێبەری یەک لە حیزبە گرینگەکانی کوردستان.

وێڕای ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی ئەم جیلە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا کە لەژێر کاریگەریی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی سەردەمدا بوون، بەڵام تا دەیەی حەفتا هیچ خەبەرێک لە شکڵگرتنی بزووتنەوەیەکی خوێندکاریی جیاوازی کورد نیە. لە دەیەی حەفتا بەولاوە بە گۆڕانی دۆخی ئێران و زانکۆکان لەژێر کاریگەریی گوتاری ئیسلاحتەڵەبی و زۆربوونی ڕێژەی خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران و بەهۆی پەرەسەندنی گوتاری "ئاپۆئیزم" و نفووزی "پ ک ک" لەو زانکۆیانە، دۆخێکی جیاواز بۆ خوێندکاری کورد هاتە ئاراوە. پەرەسەندنی ئەو ڕۆحە کوردانەیە و ئەو هەستە نۆستالیژیکەی خەباتی چەکداریی "حیزبی دێموکرات" و "کۆمەڵە" لە دەیەی شەستدا کە لە زەینی خوێندکاری کورددا سازی کردبوو، جموجۆڵێکی تایبەتیی فەرهەنگی و سیاسی خستە نێو خوێندکارانی زانکۆکانی ئێرانەوە، بە چەشنێک کە کەم زانکۆی ئێران هەبوو بڵاڤۆکێکی کوردی لێ دەرنەچێ و چالاکییەکی کولتوری لەلایەن ئەو خوێندکارە کوردانەوەی لێ بەڕێوە نەبردرێ. گۆڤاری "ڕۆژەڤ" لە زانکۆی تاران، "زایەڵە"، "ڕوانگە" و "کازیوە" لە زانکۆی تەورێز، "هەژان" لە زانکۆی کوردستانی سنە، "پەیژە"، "ڕۆژانۆ"، "مانا"، "چیا"، "ژیوار"، "ئاشتی" و...هتد لە زانکۆکانی دیکەی ئێران، و دامەزراوەی "ڕۆنان" کە لە زۆر زانکۆی ئێران بنکەی هەبوو هاوڕێ لەگەڵ ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی زانکۆکان ببوونە مەکۆی کوردایەتی و گەشەی بیری سیاسیی کوردی، بە جۆرێک سەرلەبەری ئەو گوڤارانە باسی "مەسەلەی کورد" و کێشە و داواکارییە نەتەوەییەکانی کوردستانیان دەکرد. لە ڕاستیدا گوتاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و ویژمانی ڕیفۆرمخوازی وەک بەستێنی ئەم

جموجۆڵە فەرهەنگی و مەدەنییە کە بۆخۆی لەژێر سێبەری کەڵان گوتاری دێموکراسیخوازی ئێراندا پێک هاتبوو ئەو گوتارانە بوون کە ببوونە هۆی شکلگرتنی وردە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی. ئەم وردە بزووتنەوەیە ئەگەر لە دەیەی حەفتادا لەژێر کاریگەریی گوتاری "پ ک ک" دا بوو لە سەرەتای هەشتاوە، ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیی ئەو بەشەی کوردستان بنەمای سەرەکیی فکر و وێژمانەکەی پێک دێنا.

خوێندکارانی دەیەی حەفتا و هەشتای زانکۆکان دواتر کە گەڕانەوە کوردستان بوونە مامۆستایانی قوتابخانەکان، کارمەندانی سیستمی ئیداریی شارەکانی ڕۆژهەڵات، بەڕێوەبەران و دامەزرێنەرانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و ئەنجومەنەکانی ژینگە پارێزی، بنکەکانی فێرکردنی مۆسیقای کوردی، مامۆستایانی فێرکردنی زمانی کوردی و ...هتد. لە ڕاستیدا بەرهەمی پێکهاتنی وردە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی گەشەی ئێستای کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەو خەباتە مەدەنییەیە کە لە سەردەمی خوێندکارییەوە هێماکانی بیری خۆیان لە سیمبولە نەتەوەییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێری کورد وەرگرتوە، لە ڕاستیدا ئەوانە کۆڵەکەی کۆمەڵگەی هەستیار و وشیاری ڕۆژهەڵاتن.

وەک باس کرا وردە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە حەفتاکان بەولاوە لە ژێر گوتاری ڕیفۆرمیستی ناوەند وەک بەستێنێکی گونجاو بۆ چالاکی و گوتاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد وەک سەرچاوەیەکی جیاواز پێک هات کە هەر ئەوە بووە هۆی جیابوونەوەی لەو وردە بزووتنەوەیە. وردە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیش وێڕای ناوەند بە درێژایی دەیەی نەوەد بە هۆی سەرکوتەکانی دوای بزووتنەوەی سەوز کپ کرا، ئەگەرچی کاریگەرییەکەی بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دیار بوو، بەڵام لە "بزووتنەوەی ژینادا" وێڕای وردە بزووتنەوەکانی دیکەی ئێران وەجووڵە کەوتنەوە و لەژێر کاریگەریی گوتاری ڕیفۆرمخوازی دەرباز بوون، لە بزووتنەوەی ژینادا ئەو وردە بزووتنەوەیە لە ناوەند، تووشی "شیفت پارادایم"ێکی بنەڕەتی لە گوتاری ڕیفۆرمخوازییەوە بۆ گوتاری شۆڕشگێرانە بوو، لە کورستانیش ئیدی ئەوە گوتاری نەتەوەخوازی و کەڵان گوتاری نەتەوەیی کە حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتیی دەکرد بنەمای سەرەکیی گوتاری ئەو وردەبزووتنەوەیەی پێک دێنا. ئەوە ڕاستە کە کاریگەرییەکانی گوتارەکانی دەیەی حەفتا و هەشتا بووە هۆی شکلگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی، بەڵام لە ڕەوتی گەشە و پێشکەوتنی خۆیدا تووشی ئەم جۆرە لە شیفت پارادایم بوو کە هەم زیاتر لە کەڵان گوتاری نەتەوەیی نزیک بۆوە هەمیش لە هاوڕێیەتی لەگەڵ وردە بزووتنەوەی ژنان و وردە بزووتنەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات سیمایەکی سەردەمیانەتری بە خۆیەوە گرت. ئەگەر دەیەی نەوەد دەیەی چنینەوەی میوەی وردە بزووتنەوەی دەیەکانی حەفتا و هەشتای خوێندکاری و خەباتی چەکداری دەیەی شەست بوو، دەستپێکی دەیەی یەکەمی چوارسەد بووە سەرەتای ڕەوتێکی نوێ بۆ وردە بزووتنەوەی خوێندکاری و جۆرێکی دیکە لە خەبات کە سیمایەکی نوێ و جیاوازی بە ڕۆژهەڵات بەخشیوە، بە چەشنێک کە دروشمی

ئەمرۆی بزووتنەوەی دێموكراسیخوازی ئەو چەمكانە لە گوتاری سیاسیی كوردن كە نزیك لە نیو سەدەیە وێردی سەرزمانی كوردە.

جێی ئاماژەیە وێڕای كاریگەریی وێژمانی نەتەوەییی لەسەر وردە بزووتنەوەی خوێندكاری كوردی، ئەم وردە بزووتنەوەیە ڕوانگەیەكی ڕەخنەگرانەی بە نیسبەت ئەو گوتارەوە هەیە كە دەكرێ لە فایلێكی جیاوازدا باسی بكرێ.

١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

---

# **خالید عەزیزی**: بۆ هەموو شتێک دەمانەوێ بە شوناسی کوردی و کوردستانیبوونی خۆمان بەرەوڕووی پرسەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران ببینەوە



**دیمانە: نوردەدین سۆفیزادە**

**ئاماژە:**

**کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تازەترینی وتووێژیدا لەگەڵ "کوردکاناڵ" تیشکی خستە سەر ڕوانگە و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەنیسبەت چەندین پرس و بابەتی تایبەت بە حیزبی دێموکرات و چالاکییەکانی ئەم حیزبە. "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**نوردەدین سۆفیزادە: لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک ڕەخنە لە سەر تێڕوانین و قسەکانی جەنابت هەبووە، بۆ وێنە: لە میدیایەکی فارسیدا قسە دەکەی و کەڵک لە ناوی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی "ژینا" وەرناگری، یان لە جێگەیەکی تر ئەو ڕەخنەیە هاتووەتە سەر جەنابت کە دەڵێی دین لە سیاسەت جودا نییە، وڵامی ئێوە بۆ ڕەخنانە چییە؟**

**خالید عەزیزی:** پێشەکی زۆر خۆشحاڵم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک چ بە فارسی چ بە کوردی دەدوێم، بەوردی سەرنج دەدەن و ئەگە ڕخنە و پێشنیاریشیان هەبێ بۆ حیزبی دێموکرات و وتەبێژەکەی پڕ بە دڵ وەری دەگرم. ئەوە بە مانای ئەوەیە بەینی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵک پێوەندییەکی خۆش هەیە و تێدەکۆشین ڕۆژانە شتەکان بۆ یەک ڕاست بکەینەوە. سەبارەت بە ناوی "ژینا" یان "مەهسا" ئەوە ڕاستە ئەمن لە وتووێژێکی فارسیدا ناوی ژینام نەهێناوە، تەنیا گوتوومە مەهسا و لەو وتووێژەدا بەڕاستی ئەوەم لە بیرچوو، دەنا ئێمە لە ڕێبەریی حیزبیشدا قسەمان لێ کردوە کە ئەوە جووڵانەوەی ژینایە. بەڵام چوونکە ئەو جووڵانەوەیە لە کوردستان و ئێراندا بووە و لە باری ناسنامە و یاساییەوە ناوی فەرمیی ژینا، مەهسایە، هەردووک ناو بەکار هاتوون، تەنانەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا هەر دووک ناوی ژینا و مەهسا بەکاردێ. چەند ڕۆژ لەمەوبەریش لە کۆنگریسی ئەمریکا گەڵاڵەیەک بەناوی "گەڵاڵەی یاسای مەهسا" بە مەبەستی گوشاری زیاتر بۆ سەر ڕێژیمی ئێران پەسند کرا، بۆیە بەکارهێنانی هەردووک ناوی ژینا و مەهسا لە جێی خۆیدایە و هیچیان لە هیچیان کەم ناکات. بەڵام بۆ ئێمەی کورد دەبێ ژینا لە پێشتر بێ، هەروەها ئێمە دەبێ ئاڵقەی پێوەندی خۆمان لەگەڵ خەڵکی غیرە کوردیش کە ڕەنگە ئەوان زۆرتر مەهسا بەکار بێنن لەسەر شتی ئاوا تێک نەدەین.

دووهەم بە نیسبەت ڕەخنەی جیایی "دین لە دەوڵەت" بەدرێژایی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێمە ئەسڵێکمان هەیە کە دەڵێ جیاوازیی دین لە دەوڵەت، بەس ئێمە ناڵێین جیاوازی "ئایین (دین) لە سیاسەت"، ڕەنگبێ لە داهاتووی ئێران هێندێک حیزبی مەزهەبی هەبن بەپێی یاسای بنەڕەتی بێنە نێو سیاسەت. لە یاساکەدا دەڵێت: دین لە دەوڵەت جیا بێ، واتا دەستتێوەردان لە کاروباری یاسا و ئیدارەی وڵات نەکات، ئەوە لە ڕۆژئاواش هەیە، ئێمە ئەرکدارین هەوڵ بدەین و بڵێین دین لە دەوڵەت جیاوازە نەک کەسێک بیرو باوەڕی مەزهەبی هەیە و حیزبێکی دینی دروست دەکا حەقی نییە سیاسەت بکا.

**نوردەدین سۆفیزادە:** خەڵک بە گشتی لە هەڵبژاردنەکانی ڕەشەمەدا بە بایکۆت و دەنگنەدانیان سەلماندیانەوە، ڕێژیمیان ناوێ، یان بۆنەکانی جێژنی نەورۆز لە کوردستان لە هەموو بوارێکەوە ئەوەندە یەکگرتوو و جوان بوو بە باشی پەیامی بێزاریی خۆیان جارێکی دیکەش گەیاند، جەنابت ئەو پێوەندییانەی خەڵک و ڕێژیم چۆن دەبینن؟

**خالید عەزیزی:** ئاماژەت بە دوو شتی باش کرد؛ هەڵبژاردنەکان و بۆنەکانی نەورۆز. ڕووداوی بەشداری‌نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندنەکاندا لە ڕاستیدا پەیامێکی سیاسیی بەربەرین بوو کە کۆماری ئیسلامی هیچکات بەمجۆرە ڕووبەڕووی نافەرمانییەکی مەدەنی لە پێوەندی لەگەڵ ئەمرێکی یاساییدا نەبووە. لەهەمبەر چالاکییەکانی نەورۆزیش، زۆر پەیامی بۆ

هەموولایەک بەتایبەت بۆ حیزبەکەمان تێدا بوو چونکە بۆچوون و هێماکانی حیزبی دێموکرات لە بەشێکدا ڕەنگی داوەتەوە کە دەبێ ساڵ بۆ ساڵ زیاتر پەرە بستێنێت. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخۆشییەوە هێندێک قۆناغی تێپەڕاندوە و دەبێ ئەمجارە بچێتە قۆناغی خۆ ڕێکخستنێکی تایبەت بەو دۆخە ئارایە، تەنانەت ئەگەر باس لە ڕووداو و بۆنە جۆراوجۆرەکانی دیکەش بکەین ئەم ڕووداوانە و هەڵوێستی یەکگرتووانەی خەڵک چ بە ئێمە دەڵێ؟ ئەوە خەڵکە وردە وردە لە قۆناغی خۆڕێکخستنەوە داوا دژی ئەو ڕێژیمە دەکات، وردە وردە خەڵک بە دوایدا دەبێ بڕۆن. یەکێک لەوانە پرسی زمانی کوردییە، تەنانەت زمانی کوردی یەکێک لەو مژارانەیە کە لە هەموو دانیشتنەکانی حیزبی دێموکرات هەمیشە باسی لەسەرە، مەبەستم ئەوەیە ئەو ڕووداوانە دەبێ ئەرک و بەرپرسیارەتی بۆ هەموولایەکمان دروست بکات.

**نوورەدین سۆفیزادە:** نەبوونی بەرنامە و گەلاڵەیەکی هاوبەش و پێکەوە کار کردن بووەتە کێشە و کۆسپێکی مەزن لەبەردەم کاروچالاکی ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان. زۆرێک لەوانەی تەنانەت خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەریش دەزانن تووشی شپرزەیی بوون، بۆ وێنە لە باسی "مەنسووری جۆرج‌تاون" کە دواتر ڕەخنەیان لێ‌دەگرت. بەو هەمووە ئاڵۆزی و کێشەیەی نێو ڕەوتە جۆربەجۆرەکان، داهاتوو چۆن دەبینن؟ لەم پێوەندییەدا، حیزبی دێموکرات بەرنامەی بۆ ئەوە چییە؟

**خالید عەزیزی:** پێشەکی بەنیسبەت دواڕۆژ، من گەشبینم، بە هۆی قەیرانگەلی جۆراوجۆر کە ڕێژیم تووشی بووە وەک قەیران و گرفتی سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسەتی هەڵەی نێوخۆیی و دەرەکی و ئاڵۆز و کێشە سازکردن لە جیهان و ناوچەکە، بەڵام نەفسی ئەوە ناتوانێ بنەمای لەنێوچوونی نیزام بێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بە چوونە نێو خەبات و تێکۆشانێکی چڕوپڕتر و ئاڵتێرناتیڤ سازی بۆ دوای ئەو نیزامە، پێداگرین لەسەر جێگرەوەی ڕێژیم. لە مێژووی خۆمانیشدا و لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران حیزبی دێموکرات زۆر هەوڵی دا و یارمەتی بە دامەزراندنی "هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەلقی کورد"دا کە دوکتور قاسملوو وتەبێژی بوو و پاشان "شوڕای میللیی مقاومەت" دامەزرا و دوکتور قاسملووش وەک ڕێبەری حیزبی دێموکرات بەشداری تێدا کرد، هەموو ئەوانە لە بیری ئاڵتێرناتیڤ بۆ داهاتووی ئێران بوون بەدوای هاتنەدەر لە شوڕای مقاومەت دیسانەکانە حیزب هەوڵی دایەوە، ئێمە بە دوای چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندابین جا چوونکە لە ئاستی ئێران و کوردستاندا وەک حیزبێکی بەئەزموون و بەڕابردووین چاوەڕوانییەکان لە ئێمە زۆرترە، بەخۆشییەوە سەرنجەکان لە سەر ئێمە زۆرە، دوای "جۆرج تاون" کە ئێمە لەگەڵی نەکەوتین و زۆرێک لە شتەکانیمان پێ خەراپ بوو حیزبێکی ئاوا گەورە و بە ئەزموون کە داخوازییەکانی لە چوارچێوەی مەنشوورەکەدا نەدیتەوە، گەلاڵەیەکمان داهێنا و دەگەڵ زۆر لایەن باسمان کرد و پۆلێنمان کرد بۆ ئەوەیکە لە چوارچێوەی ئێراندا شتێکی گشتگیر لەگەڵیان دروست بکەین، ئێمە لە قۆناغی کۆبوونەوەی، گفتگۆ و شیکردنەوەی بابەتەکاندابین.

کۆمەڵگەی ئێران تەجرووبەی ڕادیکالیزمی چەپ و ڕاست و مەزهەبی و شتی سەیروسەمەری جگە لە دێموکراسی هەبووە، بۆیە گۆفتمانێکی هاوسەنگ بەو شێوەیە حیزبی دێموکرات بە دوایدا هەیە ڕاستییەکەی ڕەنگبێ لەگەڵ کێشەش بەرەوڕوو بێ، بەڵام ئێمە کۆڵمان نەداوە و کاری لەسەر دەکەین.

**نوردەدین سۆفیزادە:** کاک خالید ئەگە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری بگەڕێین لە نێوخۆی کوردانیشدا بەداخەوە هێزی یەکگرتوو نییە، ئەو پەرشوبڵاوییەی لەنێو کورددا هەیە دۆخێکی دڵخواز نییە، ناوەندی هاوکارییەک هەبوو نەما یان کارایی نەما. حیزبی دێموکرات کە پێشەنگی خەباتە و یەکەمین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، چۆن دەتوانن ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەر بکات؟

**خالید عەزیزی:** ئەوە دەردە کوردە، بەداخەوە نەرمینواندن و تەحەممول لە بەرانبەر یەکتردا کەمە، بەڵام ئێمە بە هەوڵ و تێکۆشانی هەمووڵایەک ناوەندیی هاوکاریمان دروست کرد، ئەوەندەی پێوەندی بە سیاسەتی حیزبی دێموکراتەوە هەبوو هەوڵمان دا گەورە بێتەوە، لە سەرەتای جووڵانەوەی ژینا دەوری باشی گێڕا، بەڵام دواتر کە لە ڕووکاریی پرسەکە تێدەپەڕی و دەچیتە نێو ڕێکارەکان لەوێ لەسەر چۆنیەتیی کار لەگەڵ ئەحزابی ئێرانی بەتایبەت پرسی "جۆرج تاون" و ڕوانگە جیاوازەکان کێشە ساز بوو. هەڵبەت من ئەوە بە کارەسات نازانم، هۆیەکەی چییە؟ ئەو جووڵانەوەیەی سەری هەڵدا، دوای ئەوەیکە ئۆپۆزیسیۆن وەخۆ کەوتن بە تایبەت لە تێلیڤیزیۆنەکانی فارس زماندا، خەڵکێکی زۆر لە سیاسییەکان بە گشتی خافڵگیر ببوون و ڕەنگە ئەزموونی مەیدانی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت بۆ بەرەوڕووبوونەوەیان بەباشی نەبوو. لای حیزبی دێموکرات بنەمای سەرەکی ئەوە بوو بە شۆناس و کەسایەتیی کوردیی و کوردستانیبوونی خۆمان بەرەوڕووی پرسەکە ببینەوە، ئێمە ویشک و دەمارگرژ نین و بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین. دواتر دیسانەکانە بە دەسپێشخەریی حیزبی دێموکرات کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لایەنەکانی دیکە کرا بۆ ئەوەیکە ناوەندیی هاوکاری چ لێ بکەین؟ ناوەندیی هاوکاری پەرەی پێ دەدەین؟ ناوەکەی دەگۆڕین؟ شتێکی دیکە بە وێژمانێکی نوێیەوە دروست دەکەینەوە؟ ئەوە لای حیزبی دێموکرات ئێستاش لە گۆڕێدایە و ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین. ئەوەش بڵێم، بەرلە بزووتنەوەی ژیناش لەنێو ناوەندیی هاوکاری لەسەر چۆنییەتی تەعامول لەگەڵ حیزبەکانی ئێرانی ڕای جیاواز هەبوو هەربۆیە نەگەیشتبووینە گوتارێکی هاوبەش بەڵام من ئاوای دادەنێم تەجرووبەیەک بوو، خەبات و تێکۆشانیش بەردەوامە.

**نوردەدین سۆفیزادە:** بەرنامەی حیزبی دێموکرات بۆ ئاڵتێرناتیڤسازی گەیشتە کوێ؟ جەنابتان وەک وتەبێژی حیزبی دێموکرات یان بەرپرسی یەکەمی حیزبی دێموکرات کاک مستەفا هیجری بەردەوام دەڵێن ئێمە بەرنامەمان هەیە و بەرنامەی

حیزبی دێموکرات تایبەتییە.

**خالید عەزیزی**: ئەوەیکە بەرنامەمان هەیە، بەڵێ وایە، ئەوەیکە کاری بۆ دەکەین ئەویش ڕاستە. لەو قۆناغەدا هەتا ئێستا هیچ لایەکمان بەباشی سەرکەوتوو نەبووین. بەرنامەی ئێمە جەوهەرەکەی ئەوەیە، بە دوای درووستکردنەوەی ئێرانێکدا‌ین یەک، کۆجێیی (تەمەرکوز)ی تێدا نەبێ. دوو، جیای دین لە دەوڵەت. سێ، مادام سیستەمی پاشایەتیمان ڕەد کردۆتەوە بەتایبەت لە قەزییەی جۆرج تاون، کەواتە سیستەمی کۆماری جۆرێک وڵامدەرە. چوار، بنەما لەسەر ئەوەبێ جیاکاری بکرێ لە دەسەڵاتی ناوەند و دەسەڵاتی نەتەوەکان وەک ئەوەی ئێمە کە فیدراڵیزمە. هەر لە دوامین کۆبوونەوەی کۆماریخوازەکان کە خۆم لە ئاڵمان لەلایەن حیزبەوە بەشدار بووم لێنزیک هێڵە گشتییەکانش هەر ئەوە بوون. لەڕاستیدا بەنیسبەت جاران بەردەنگمان هەیە، چونکە ئێمە لەوێ لەسەر چەندوچۆنی دامەزراندنی بنەما و لێک حاڵی بوونێک قسە دەکەین بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێران، خۆ ئیدارەی داهاتوویی ئێران هەتا ڕێژیم نەڕووخێ جێبەجێ نابێ. جا ئەگەر وایە ئێمە دارووڵەلەمان بۆ ئەوەیکە ئەو نیزامە نەمێنێ چییە؟ یانی هەر دووک ئەو خوێندنەوەیە و چەندوچۆنی ڕووخانی ئەو نیزامەوە و چۆنییەتی ئیدارەی داهاتووی ئێران یەکێک لەو پرسانەیە، بەهەرحاڵ تەتەڵە و کێشەی جۆراوجۆری هەیە بەڵام ئێمە لەو باوەڕەدا‌ین نەچینە نێو خانەی خۆای نەخواستە دوژمنی و دوژمنداتاشی، جووڵانەوەی ئێمە دژی عەقڵییەتی دەسەڵاتە لە تاران، دەیهەوێ بڵێ ناتوانی پەراوێزم بخەی.

**نوردەدین سۆفیزادە**: لە هێندێک مێدیای سێبەری کۆماری ئیسلامی باس لەوە کراوە جەنابتان یان کاک مستەفا هیجری لەو ماوەیەدا لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دانیشتوون، ئایا ئەوە ڕاستە؟

**خالید عەزیزی**: مەسەلەکە دوو لایەنی هەیە، لایەنێک بنەمایە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێمە تەنانەت لەسەردەمی پێشەوا و دواتر لە سەردەمی زێڕینی دوکتور قاسملووشدا هەبووە و گوتراوە کە چارەسەری کێشەی کورد لە هیچکام لە پارچەکان بەتایبەت لە ئێران لە ڕێگەی شەڕەوە چارەسەر نابێ. لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزەوە هەوڵی داوە ئێمە لەبەین بەرێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لە ئاکامدا وتوویژ لەلای حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی قەت ڕەد نەکراوەتەوە و ئێستاش ڕەدی ناکەینەوە. ئەگە بگەڕێینەوە سەر بەشی دووهەمەکەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر جار لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە داوای وتوویژ لە ئێمە کراوە، گرنگترینیان چەند ساڵ پێش بە نێوبژیوانی ڕێکخراوێکی نۆڕوێژی بوو لەوکاتەوە هەتا ئێستا هیچ وتوویژێک لە بەینی ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا نەبووە.

**نوردەدین سۆفیزادە**: وەک دوایین پرسیار، گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە

**چوارچێوەی گرێبەستە تەناهییەکەی نێوانیان بە مەبەستی جۆراوجۆر بۆ سەر حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات چی بەسەرهات و بە کوێ گەیشتووە؟**

**خالید عەزیزی**: لەو پەڕی گوشارەکان بۆ سەر ئێمە بەتایبەت لە کاتی مووشەکبارانەکاندا خەڵکی خۆشەویستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە نیگەران و هاودەردمان بوون. پێم خۆشە لێرە شتێکیان پێبڵێم؛ حیزبی دێموکرات قۆناغی وای زۆر بینیوە، لە تیرۆری ڕێبەرانەوە بگرە هەتا مووشەکباران و کوشتن و بڕین و هەمووی ئەوانە، بەڵام ئێمە کۆڵمان نەداوە، کۆڵمان لە چیی نەداوە؟ لە خەبات و تێکۆشان لەدژی کۆماری ئیسلامی. بەشی دووهەم ئەوەیە ئێمە ئەو خەبات و تێکۆشانەی لە یەک شێوازدا نابینین و شوێنی ئەو خەباتەش ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، شوێنی لەدایکبوونی ئەو حیزبە ئەوێیە و ئەو شوێنەیە هەمیشە ئەو حیزبەیان پاراستوە، بۆیە ئەگەر گۆڕانکارییەک لە چەند و چۆن و مانەوەی ئێمە لە باشووری کوردستان ڕوو بدا ڕاستییەکەی کاریگەری زۆری لەسەر ستێراتیژی ئێمە نییە. ئێمە وتوومانە بە مووشک لێمان دەدەن، بەڵام ئێمە مووشکمان نییە لێیان بدەینەوە، بەڵام ئێمە شتی گەورەترمان هەیە، ئێمە خەڵکمان هەیە. لە کوردستان هەمیشە حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیی ئەزموونێکی زۆری بووە کە ڕێژیمی ترساندوە هەر بۆیە بەدوای لێدانی جووڵانەوەی ژینا و ڕێبەرانی ئەو بزاڤە، بە مووشک و درۆن لێی داین هەروەها پاکەتێکی ئەمنییەتی دا بە حکوومەتی عێراق و ئەو خاڵانە لەلایەن عێراقەوە لەگەڵ ئێمە باس کراوە و لەلایەن حکوومەتی هەرێم و هەروەها یوئێنیش لە جەریان دایە، ئێمە گوتوومانە کێشەمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و هەرێم نییە و دەست لە کاروباری عێراق وەرنادەین، بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە ئێرانە، دەتوانێ بە عێراق بڵێ لە خاکی ئێوەڕا پێشمەرگە نەنێرنەوە، ئێمەش نەمانکردووە و بە هەموو لایەکیشمان ڕاگەیاندوە، کاتێک هەزاران خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا خەبات و تێکۆشان دەکات چ پێویستیمان بەوە هەیە بچینەوە نێو شەڕ و عەمەلیات، مانەوەی ئێمەش لێرە پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە، کوردستان و عێراقیش ئەوە دەزانن.
هەروەها ئێمە ئەو بابەتەمان لەگەڵ هێندێک لایەن و وڵاتیش باس کردوە ئەوان حیزبی دێموکرات باش دەناسن و دەزانن ئێمە لەسەر ئاشتی و وتووێژ قوربانیمان داوە و دەزانن جووڵانەوەیەکی مەدەنی نێوخۆ لە گۆڕێدا هەیە و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا ڕای گشتی بەلاڕێدا بەرێ و بڵێ لە دەرەوەی سنوورەکان هەڕەشە لە دژی ئێمە هەیە. دەمهەوێ بە خەڵکی کوردستان بڵێم، بەڕاستی خۆشحاڵین ئێوە هەمیشە لە خەمی ئێمەدان، کارەساتی زۆر ناخۆشمان بەسەر هاتووە و ئێوەش مافی خۆتانە نیگەران بن بەڵام، هەتا ئێوە لەوێ لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا بن، هەتا ئێوە بە نیسبەت مافەکانی نەتەوایەتی و سیاسی خۆتان تێبکۆشن ئەو حیزبە لە ڕابردووشدا خۆڕاگر بووە و لەمەو بەدواش ئەو حیزبە هەر دەمێنێتەوە. بۆ؟ چونکە ئێوە هەن و ئێوە ماونەتەوە و ئێوە بەردەوام دەچنە پێش و ئێوەش ئەو حیزبەتان دروست کردوە.

١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# ڕۆژهەڵاتی ناوەند، مەرگی پەراوێز



سمکۆ سەقزی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چوار پارێزگای ڕۆژئاوای ئێرانە، لە گوتاری ڕەسمیی ناوەندگەرایی تاراندا بە "مەناتیقی غەربی کیشوەر" دەناسرێت و، تەنیا یەک پارێزگای ناوی کوردستانە.

لە دوای نەمانی قاجار و تەواوبوونی حکوومەتی پاشایەتیی مەمالێکی مەحرووسە و هاتنەسەر کاری پەهەلەویی یەکەم، هەوڵێکی چڕی سیستماتیک درا بۆوەی ئەو میراتە قەجەرییەی بۆ ڕەزاخان مابۆوە، بە شێوەی حکوومەتێکی ناوەندی مودێرنی بەهێز بەڕێوە بچێت و تەواوی ناوەندەکانی بڕیار لە پایتەختی تاراندا کۆ ببێتەوە. ڕەزاخان بە گۆڕینی ناوی وڵات بۆ ئێران، یەکەم هەنگاوی شوناسی ساختە و دروستکراوی بۆ نەتەوەکانی نێو ئەم جوغرافیا داگیرکراوە هەڵگرت. ستراتیژیی ئەم ئێرانە نوێیە بە حوکمڕانیی تاران و بە تەنیا زمانی فەرمیی فارسی و یەکدەستکردنی جلوبەرگ ئەوە بوو کە بە یەکدەست و یەکزمان و یەکڕەنگکردن، نەتەوە غەیرەفارسەکان بتوێنێتەوە و ئەوان لە خودییەتی خۆیان داماڵێت. بەڵام کوردستان وەک بەرگرییەکی ڕەوا بە ڕێبەرایەتیی سمکۆی شکاک بەرەنگاری ئەم سیاسەتە بۆوە و بۆ ماوەیەکی درێژ

لەهەمبەر حکوومەتی ناوەندیدا خۆڕاگری کرد و توانی ڕوحێکی نوێ بە جەستەی شوناسخوازی و ناسیۆنالیستی لە ناخی مرۆڤی کوردی ڕۆژهەڵاتدا بکات. بەمجۆرە لە بەرەبەری تازەگەری و کرانەوەی ئێران ڕوو بە دنیای ڕۆژاواییدا کورد وەک نەتەوە خۆی پێناسە کرد و ئەویتری وەک داگیرکەر ناسی و دژی وەستا.

کێشانی هێڵی ئاسن و شەمەفەندەفەر و گەشەی پیشەسازی کە بە ڕاوێژی موستەشارە ئورووپییەکان بەڕێوە دەچوو، لە سەردەمی حوکمی ڕەزاخاندا کرا. ڕەزاخان دەیویست کوردستان و ئەو هێڵە سنوورییە کە ئەوان غەرب و باختەریان پێ دەگوت وەک پەراوێزێکی دواکەوتوو بهێڵێتەوە، بۆیە لەم تەرحە ئابوورییانەدا لە هەر دوو حکوومەتی پەهلەوییەکان و دواتریش لە قۆناغی کۆماری ئیسلامیی خومەینیشدا کە درێژەدەری هەمان سەڵتەنەتی شایی بوو، کوردستان کەمترین پشکی پڕا. لەگەڵ ئەم پەراوێزخستنە ئەوەی پەرەی پێ درا تاڵانکردنی سەرخان و ژێرخانی کوردستان و بە ئەمنیەتیکردن ئەو ناوچەیە و گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتی سەخت بوو.

لە سێبەری ئەو سیاسەتەدا بەڵام ڕۆحی میلیی کوردستانی و شعووری بەرزی سیاسیی کورد سەرەڕای ئەم جینایەتانە توانی لە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و نەمانی ڕەزاخانی دیکتاتۆر، بە خۆڕێکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵەی ژێ کاف دابمەرزێنێ و دواتر بە دامەرزاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێ بنێتە قۆناغێکی نوێ لە خەبات کە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دواتر پێکهێنانی کۆماری کوردستانی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بەدوودا هات؛ ئەم ڕۆژە پڕشنگدارەی هەتا ئەبەد لە ئاسمانی خەبات و مێژووی کورددا درەوشاوەیە، ڕۆژێک کە کۆتایی بە پەراوێزدانان و بە کەمینە و کەمزانینی نەتەوەی کورد هێنا.

دوای شەهیدبوونی قازی و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، بەڵام کوردستان کۆڵی نەدا و تووشی نشست و ناهومێدی نەبوو. بەڵێ، کورد لە ڕۆژهەڵات وەک ئۆرگانێکی زیندوو و کارا دڵی لە لێدان نەکەوت و لەوپەڕی ملهۆڕی و دیکتاتورییەتی حەمەڕەزا شا، جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ی وەڕێ خست و شانازییەکی دیکەی لە خەبات و تێکۆشان و نەوەستاندا تۆمار کرد. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا، کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو، دەستی ئایەتوڵاکانی خوێندەوە و دژبە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی و بەڵێ بە ویلایەتی فەقیە ڕاوەستا. بۆ تێگەیشتن لەم تیژبینیی سیاسییەی حیزب بە گشتی و کەسایەتیی د.قاسملوو بە تایبەتی دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرین کە لەو کاتەدا کۆمەڵانێکی زۆر لە خەڵکانی نێو ئێران سوار شەپۆلی درۆی مەلاکان ببوون و دەچوون و بەڵێیان بە جەماران دەگوت و تەنانەت فیلسوفانی گەورەی سیاسیی جیهان بە گەشبینییەوە لە خومەینی و نیزامەکەیان دەڕوانی. بەڵام کوردستان لە بایکوتی تەواوی ئەم ستەمەکارییە تازەدا بوو و دوای ساڵەها جینایەت و ئێعدام و سەرکوت،

ئێستا و فریوخورادووەکانی ئەوکات، دان بە پێشهەنگاوی و شعووری سیاسیی کورد دادەنێن.

لە ماوەی ٤٥ ساڵ حوکمی نگریسی ئاخوندیدا، کوردستان بە هەمان قەمچیی پەهلەوی بگرە بە زەبرتر لێی دراوە، ماڵ و جەرگی سووتاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەک کۆڵی نەداوە بەڵکوو قیبلە و ڕووگەی ئازادیخوازی تەنانەت بۆ نەتەوە بندەستەکانی تریش بووە. کوردستان، توانیویەتی و سەلماندوویەتی کە فریوی باڵباڵێنەکانی تاران و ڕەنگگۆڕینی پاوانخواز و ڕیفورمبازەکان ناخوات و زۆر زوو لای ئەو ماجەرای ئوسوولگەرا و ئیسلاحتەڵەب تەواو بووە. بە لێدانی چەخماخەی شۆڕشی ژیناش لە ساڵیادی تیرۆری میکونوسدا، کوردستان لە قامەتی ڕێبەری بزووتنەوەیەکی گشتگیر دژ بە تاران دەرکەوت و فارس و تورک و بەلووچی هێنایە سەر خەت و کۆشکی بێدادی خستە لەرزین.

ئەگەر لە دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێراندا کوردستان لە بایکوت و دژوەستانی کۆماری ئیسلامیدا تەنیا بوو، بەڵام بە خاڵوەرچەرخانی شۆڕشی ژینا ئێستا کوردستان و ناو و ئێعتبارێکی دیکەی هەیە و هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممەش ئەوەی سەلماندەوە. پاشانئەودا نەورۆزی دوای ئەم "نا"ی سەرکەوتنەش، نیشاندەری مەرگی لە پەراوێزخستن و بە پەراوێزکردنی کوردستان بوو.

کوردستان دوای سەد ساڵ ستەمی سەختی سیستماتیک، ئەمرۆ لە لووتکەی باڵای هزری سیاسی‌دایە و چەقی خەباتی ڕزگاریخوازییە.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# شەنگەسوارەکەی میراتگری حەماسەتی ماد و سەکاکان (شەهید خەلیل مرادی)




**برایم چووکەڵی**

ڕێژیمی خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی شەڕی لە دژی خەڵکی کوردستان و جیهاد بۆ قەڵتوبڕی کوردستانی ڕاگەیاندوە. لە سەرتاسەری کوردستان شەڕ بەگەرمی بەردەوامە. سەعات ٣ی دوانیوەڕۆی دوایین ڕۆژەکانی هاوینی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییە. لە گەڕەکێکی شاری سەقز بەرەو جادەی بانە شەڕەکە گەرمە و هەتا دێ گەورەتریش دەبێتەوە. بەردەوام لە پادگانیشەوە وەک تەرزە و باران تۆپ و خۆمپارە بە سەر سەنگەر و هێزەکانی پێشمەرگە و ماڵی خەڵکدا دەبارێ. هەموو جارێ بە گرمە و بەرکەوتنی گوللەتۆپێک، ماڵێک یا لادیوارێک تێکدەڕمێ و دێتە خوارێ.

پێشمەرگە زۆربەی کۆڵانەکانیان گرتوە. هێلیکۆپتێر بە سەر شاری سەقزدا دەسووڕێتەوە و جارجارەش شوێنێک ڕاکێتباران دەکات. هێزەکانی جاش و پاسدار کە بەردەوام پشتیوانیان بۆ دەهات بە کۆڵاناندا فشاریان خستووەتە سەر پێشمەرگەکان و بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزی دوژمن و پاشەکشەپێکردنی هەموو جارێ شەهیدێک یا چەند شەهید دەدران. لەپڕ ٥ پێشمەرگە لە پشتەوە گەیشتنە ئەو شەڕگەیە بۆ یارمەتیدانی هێزەکەی ئەو شوێنە. یەکیان پەستەک لەبەر و تەمەنی ٢٠ ساڵ بۆ

سەرێیە و هەموو پێشمەرگەکان بە دیتنی گەشاونەتەوە. ئەو زۆر زوو لە ماوەی چەند دەقەدا پێشمەرگەکانی ڕێک خستەوە و هەر چەند کەس بە کۆڵانێکدا و، خۆشی لە پێشەوەی هەمووان دەستی بە پێشڕەوی کرد. لە ماوەی سەعاتێکدا هێزی ڕێژیم تێک شکا و بەرە و دواوە ڕاماڵدران. کەلاکێکی زۆری دوژمن لە کۆڵانەکاندا بەجێ ماون... . ئەوەی ئەو ڕۆژە بە ئازایەتی و لێزانییەکە هێزی دوژمنی بەزاند خەلیل مرادی بوو. خەلیل هەر ئەو ڕۆژە و بە فەرماندەیی ئەو شەڕە و تۆمارکردنی سەرکەوتنەکە پێشانی دابوو کە جێگەی هیوا و هۆمێدی حیزبەکەیەتی. "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" باسێک لە یاد و بیرەوەریی ئەو فەرماندە بلیمەت و ئازایەی حیزبی دێموکراتە:

ساڵی ١٣٣٨ و لەو سەروبەندەدا کە بەکرێگیراوانی شا، ساواک و پۆلیس پەلاماری ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدەن؛ ناوچەی سەقزیش لە ڕاوەدوونان و گرتنی ئەندامانی حیزب بێبەش نەبوو. لە وەها بارودۆخێکدا خەلیل مرادی لە شاری سەقزی خوێناوی و لە داوێنی دایکێکی ڕووسوور چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. خەلیل لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دەفتەر و قەڵەمی وە بن پیلی دا و ڕێگای خوێندنگەی گرتە بەر و دیپلۆمی وەرگرت. ئەو لە قوتابخانەش زۆر زیرەک، دەرسخوێن و لە هەمان کاتدا خۆشەویستی هەڤاڵانی بوو.

خەلیل پاش وەرگرتنی دیپلۆم بەڕێی ئیجباریی سەربازی کرا و پاشان لە ئەرتەش وەک دەرجەدارێک دامەزرا. ئەو لەو ماوەیەی لە ئەرتەشدا بوو، بەتەواوی هەستی بە هەلاواردنی نەتەوەیی و چەوسانەوەی گەلەکەی کردبوو. بۆیە پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب هاتە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات. خەلیل زۆر زوو پێشانی دا کە ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی گەلە و ئیمانی بە ڕێباز و ئامانجەکەی هەیە و ئامادەیە لەپێناو ڕزگاریی گەلەکەیدا هەموو گیانبازییەک بکات. ئەو کە لە ئەرتەشدا ئەزموونە نیزامییەکان فێری ببوو، هەمووی وەک وانە بۆ پێشمەرگەکان دەگواستەوە. خەلیل لە کاتی هێرش و پەلامار بۆ سەر دوژمندا ئازایانە هەڵی دەکوتایە سەریان و لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی سەقزدا بەشداریی کرد و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی شەڕدا بوو. سەنگەرێک خەلیلی مرادیی لێ با دوژمن نەیدەتوانی خۆی ڕاگرێ و لەبەر زەربەی ئەو نەدەوەستا. قارەمانەتی و فیداکاریی ڕۆڵەکانی هێزی عەزیزی یوسفی بە تایبەتی شەهید خەلیل مرادی وێردی زمانی هەموو پێشمەرگەکان بوو.

زۆری پێ نەچوو خەلیلی قارەمان، لاوی دڵپاک و شۆڕشگێر لەگەڵ نواندنی ئازایەتیی خۆی سەلماندی کۆڵنەدەر، لەخۆبوردوو، بەنەزم و دیسیپلینە و زۆر زوو بوو بە جێی باوەڕی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەی سەقز. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بە فەرماندەری لک لەهێزی شەهید عەزیزی یوسفی دیاری بکرێ. شەهید خەلیل مرادی لاوی تێگەیشتوو و

پێگەیشتوی حیزبەکەمان. کوڕی ڕەنج و کوێرەوەری توانی بە لێوەشاوییەکی زۆرەوە وەک فەرماندەیەکی لێزان ئەرکی خۆی زۆر بەباشی بەڕێوە بەرێ. قارەمانەتیی ئەم ڕۆڵە تێکۆشەرە لە شەڕی نێو شاری سەقز، جادەی سەقز- بانە، سەقز- مەریوان و شەڕەکانی ساڵەکانی ١٣٦٠و ١٣٦١ بۆ هاوسەنگەرانی پتر دەرکەوت. لەم شەڕانەدا خەلیل قارەمانانە هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن و سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ دوژمنانی کوردستان شەڕی دەکرد. ساڵی ١٣٦١ لەسەر داوای خۆی نەقڵی دەفتەری سیاسی کرا و بەهۆی ئەوە لە سەرەتای شۆڕشەوە لەگەڵ شەهید دوکتور قاسملووە پێوەندیی هەبوو، لەلایەن ئەوەوە ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرا.

خەلیلی مرادی پاش ماوەیەک مانەوە لە بنکەی دەفتەری سیاسی وەک فەرماندەری لک لە هێزی شەهید هەژار دیاری کرا و لەو هێزەشدا زۆر ئازایانە لە بەربەرەکانی دژی هێزی داگیرکەر وەستایەوە. ئەو لە شەڕەکانی جادەی سەردەشت-پیرانشار و ناوچەی ئالانی سەردەشت ڕۆڵی زۆر باشی گێڕا، بە چەشنێک کە ببوو بەخۆشەویستی هەموو پێشمەرگەکانی هێزی هەژار و وەک مامۆستایەکی سیاسی و نیزامی چاوی لێ دەکرا.

کاتێک هیزەکانی کۆماری ئیسلامی لە پاییزی سالی ١٣٦٢ هێرشیان کردە سەر ناوچەی ئالانی سەردەشت و ئەو ناوچەیان داگیر کرد، ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەر لە کاتی هێرش بۆ پایەگای نۆڕێ لە ناوچەی ئالانی سەردەشت پاش شەڕێکی قارەمانانە و دەستەویەخە گیانی پێشکەش بە نیشتمان کرد و بە شەهید بوونی تەمی خەم ناوچەی سەقزی خوێناوی و هەموو کوردستانی داگرت.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# سوورێنی کوردستان: سووتاندنی دارستانەکان پرسێکی گشتییە و بۆ ڕێژیم فەرق ناکات کام بەش لە ژینگەی کوردستان بێت



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

کوردستان لەڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە کە یەک لەوان دارستان چر و لێڕەوارەکانیەتی. بەڵام حکوومەتە ناوەندگەراکان بەتایبەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندەی بۆیان کراوە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستانیان بەتاڵان بردوە، دواتر بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد فەوتاندوویانە و بۆ مەبەستی دیکە کەلکیان لێ وەرگرتوە، بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ دارستانەکاندا. ساڵانێکە بڕینەوە و سووتاندنی دارستانەکان لە کوردستان باسی گەرمی میدیاکان و خەمی گەورەی ژینگەپارێزان و نیشتماندۆستانی کوردە و کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی سیاسی و هەروەها قازانجە ئابوورییەکانی درێژەیان پێ دەدا، هاوتەریب لەگەڵ ئەوە ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی و چالاکانی ئەم بوارە گوشاریان دەخرێتەسەر، دەگیرێن و بەرەوڕووی تێچووی قوورس دەکرێنەوە.

"کوردستان" بۆ تاوتوێی پتری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت ژینگە و بەتایبەت دارستانەکانی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ چالاکێکی ژینگەپارێزی کوردستان بە نازناوی "سوورێنی کوردستان" پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: هۆکاری بڕینی دارستانەکانی زاگرۆس بەگشتی و بەتایبەتی بڕینی دارستانەکانی ئەم دواییانەی مەریوان لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**سوورێنی کوردستان**: لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بکەم کە هۆکاری هەر دوو ئەم قەیران و کارەساتانەن ڕێژیم بە نیسبەت بڕین و کاولکاریی ژینگەیی لە ڕێگەی دەست و پێوەندییەکانیەوە هەر ڕۆژ لە کوردستان جێبەجێی دەکات.

**یەکەم پرسی** ژینۆسایدکردنی دارستانەکان تایبەت بە مەریوان و ناوچەیەک لە کوردستان نییە، بەڵکوو پرسێکی گشتییە کە لە پارێزگای سنەوە شۆڕ ئەبێتەوە خوارێ هەتا دەگاتە کرماشان، ئیلام، لوڕستان، خۆراسان، سەردەشت و پیرانشاریش لە خۆ ئەگرێت. کە لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەری ئێرانییەوە بە شێوەی سیستماتێک و بە بیانووی پرسی نەتەوەیی و ئەمنییەتی و زۆر جار بە بیانووی هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردەوە دەکرێتە ئامانج و کار بۆ نەهێشتن و لەنێچوونی ئەم سامانە نەتەوەیی و گرانباییە سرووشتییە ئەکرێت کە بەداخەوە هەتا ئەمڕۆکانەش ئەو سیاسەتە هەر بەردەوامە.

**دووهەم پرسی** برسیکردن و بە هەژارکردنی خەڵکی کوردستان یەکێک لەو هۆکارانەیە، یان باشتر وایە بڵێین ڕێگەخۆشکردنە بۆ کەسانی هەڵپەرەست و دەست و پێوەندییەکانی ڕێژێم کە بە شێوەی ئاگاهانە و نائاگاهانە دەست دەدەنە کاولکاری و بڕین کە هەر دوو هۆکاری سەرەکی خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

**شەهرام سوبحانی**: بە وردی ئەو شوێنانەی کە لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە ژینگەکەیان تێک دراوە کوێنن؟

**سوورێنی کوردستان**: وڵامی ئەم پرسیارە کۆی کوردستانی گەورە دەگرێتەوە و تایبەت بە شوێنێکی دیاریکراو نییە، بۆ نموونە: ئاماژە بە چەندین شوێنی هەستیار و گرینگ دەکەم.

- سنوورەکان کە دایم پاکتاوکراوە و دارستانەکەی سووتێندراوە و بۆتە مۆڵگەی هێزەکانیان و تەنانەت سەکۆی مووشکی تێدا دامەزراوە، چیاکانی سورێن و شاهۆ و کۆساڵان و هەورامان و ... هتد بەشێکن لەوانە.

- شوێنی مانۆڕدان و ئاموزشی هێز و چەکەکانیان کە ساڵانە ئەبێتە هۆی ئاگرکەوتنەوە و یان بە تەواویەتی زەوت و داگیرکراوە و تایبەت بە خۆیانە.

- زەوتکردنی هەرێمی زرێبار و دەورووبەری شاری مەریوان کە قەراغ شار لە خۆ ئەگرێت، بە بیانوو خانووبەرە و کڕین و فرۆشتن لەلایەن دەست و پێوەندییەکانی خۆیەوە و بە بڕە پارەیەکی باش و گرانبایی تەخریب دەکرێت و دواتر بە خەڵکی ئاسایی و نیزامی ئەیفرۆشێ.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا هەتا ئێستا خەڵکی ئەو ناوچانە هیچ هەڵوێستێکی جیددیان لەهەمبەر ئەو جینایەتانە هەبووە؟

**سووڕێنی کوردستان**: بەڵێ، بە دەیان جار خەڵک و ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەهەمبەر ئەم جینایەتانە ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و ئەکتی سیاسی و مەدەنیی بەهێزیان بووە. هەر لەو سۆنگەیەوە خەڵک و چالاکڤانانی مەدەنی دەسبەسەر کراون و ئازار و ئەزیەت دراون بۆ نموونە: ئاماژە بە پاڵاوگەی نەوت دەکەم کە چەندین ساڵ پێش دەیانەویست لە تەنیشت زرێبار دروستی بکەن کە لەگەڵ ناڕەزایەتی خەڵک و ئەنجومەنی "سەوزی چیا" ڕووبەڕوو بوونەوە و پاش هەوڵ و تەقالا و تێکۆشانی خەڵک و ئەنجومەن بەخۆشحاڵییەوە ئەو پرۆژەیان سەری نەگرت.

- گرتن و مانگرتنی ڕێگاوبانی سنووری مەریوان واتە "باشماخ" لە بارهەڵگرەکانی ڕێژیم کە چەندین ڕۆژ خەڵک ناڕەزایەتییان دەربڕێ کە بەداخەوە بێ ئاکام مایەوە.

- ناڕەزایەتی بێسنوور لە بەستنی بەنداوەکان و بەتایبەت بەنداوی "کانی بڵ" لە هەورامان کە بووە هۆی ناڕەزایەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە و ڕێکخراوە مەدەنییەکان کە ئەویش دوای هەوڵێکی زۆر بێئاکام مایەوە.

- ناڕەزایەتیی ئەنجومەنی "سەوزی چیا" و خەڵکی مەریوان بە نیسبەت شوێنی زبڵدانی مەریوان، ناسراوە بە زبڵدانی گوندی "ئەسراوا" و هێنانی دەزگای بەرهەمهێنانەوە (بازیافت) بۆ ئەو شوێنە کە خەڵکی خۆجێیی کار بکەن کە لەگەڵ شارەداری و هێزە ئەمنییەتییەکان پاش زەخت و زۆرێکی لە ڕادەبەدەر توندوتیژی و بریندار بوون و دەسبەسەرکرانی کۆمەڵێک خەڵک و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی مەریوانی لێ کەوتەوە کە ئەگەر ئاماژە بە ناوی شەهید "شەریف باجوەر" نەکەم وا ئەزانم بێ ئینسافی و غەدرەم لێ کردوە کە شەهیدی نەمر و هاوڕێیان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان گێڕا لە نەهێشتنی زبڵ بۆ "ئەسراوا".

هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕەق و کینەیەکی دوژمنکارانە لە چالاکڤانانی مەدەنی هەڵگرن و بکەونە بیری تۆڵەسەندنەوە کە بەداخەوە ئەم مەسەلەیە بووە هۆی ئەوەی کە شەهید "شەریف" و یارانی شەهید بکەن؛ بەڵام هەتا ئێستاکانەش ڕێژیم لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو و ئەو کێشە وەک خۆی ماوە.

- دۆڵی "سەماقان" لە ناوچەی سەرشیوی مەریوان کە خەڵکی ناوچەکە و ڕێکخراوەکان و بە تایبەت ئەنجومەنی "سەوزی چیا" و شەهید "شەریف" و یارانی بە مانگرتن و مانەوە و چادرلێدان لەو شوێنە ڕێگرییان کرد لەوەی کە زبڵ بۆ ئەو شوێنە ڕاگوێزرێت.

- ناڕەزایەتی ٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧هەتاوی دوای شەهیدکردنی شەهید "شەریف" و یارانی لەنێو شەقامەکانی شاری مەریوان و تاوانبار کردنی سپای تێرۆریستی پاسداران لەلایەن کۆی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان و خەڵکی هەمووی کوردستان و گوتنەوەی دروشمی نیشتمانی لەسەر شەقامەکان وەکوو: "سپای پەت و سێدارە تاوانبارە لەم کارە"، "کاک شەریف ڕێگات درێژەی هەیە"، "مەرگ و نەمان بۆ کۆماری پەت و سێدارە"، و کۆمەڵێک دروشمی حەماسیی دیکە کە چەند نموونەیەکی بچووکی هەڵوێست و ناڕەزایەتی خەڵک و ڕێکخراوەکان بوون.

**شەهرام سوبحانی**: شوێنەوار و لێکەوتەکانی بڕین و سووتانی دارستانەکان لە مەریوان چەندە کاریگەریی نەرێنی لەسەر لە نێوچوونی ئێکۆسیستم بۆ نموونە ژیانی پەلەوەرە کۆچەرییەکان و گیانلەبەرانی دیکە داناوە؟

**سوورێنی کوردستان**: بێگۆمان ژینگە گرێدراوی ژیان لە نێوان هەموو بوونەوەر و گیانلەبەرەکانی سەر گۆی زەوییە کە بە هیچ شتێک وەسف ناکرێ. من لەو باوەڕەدام دەستی ئینسان پیس بووە بە ژینگە و هەر جۆرە دەستێوەردانەکانی لە ژینگە بووە هۆی سووتان و لە نێوچوونی دارستانەکانی گۆی زەوی و ئاکامێکی زۆر مەترسیدار و کارەساتباری بە دوای خۆیدا هێنا، کە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی نەرێنی داناوە لەسەر گیانلەبەران و بەرەو لە نێوچوونیان ئەبا کە ئێستا کەم و زۆر ئێمە لێرە هەست بەو شتانە دەکەین. بۆیە لەوەشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران و دامودەزگا پێوەندیدارەکانی هەم زۆرترین تاوانیان کردوە و هەم زۆرترین بەرپرسایەتییان لەسەر شانە.

**شەهرام سوبحانی**: هەڵوێستی ڕێکخراوە ژینگە پارێزییەکان لە مەریوان لە بەرانبەر ئەم جینایەتانە چی بووە؟

**سوورێنی کوردستان**: پێتان وایە چەندە توانیویانە لەپووچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتانە کاریگەر بن؟ هەڵوێستی ڕێکخراوە

مەدەنییەکان ڕوون و ئاشکرایە. ئەساسەن کاری ژینگەیی هەوڵدانە بۆ پەرەپێدانی کولتووری ئاشتی و پێکەوە ژیان، هەوڵی ئەوان بۆ کۆمەڵگەی سالم و تەندروستە بۆ بەختەوەری و گەڕانەوەی ژیان و کەرامەتی ئینسانی و بەها مرۆییەکانە. ژینگەپارێزان بەپێی بارودۆخ و پێگەی جەماوەرییان لەنێو خەڵکەکەیاندا لە هیچ شتێک دەریخییان نەکردوە و بە کاری ڕۆشنگیری و فەرهەنگسازییەکان و وشیاری بەخشین بە کۆمەڵگە توانیومانە بەشێکی زۆر لە پلان و خەیاڵی دەسەڵات پووچەڵ کەینەوە. ئێمە هەمیشە لە خۆمان هەڵوێستمان نواندوە و لەپێناو ئاوەدانی و سەوزایی و پاراستن وپارێزگاری کردن لە نیشتمانەکەمان بە گیانی باشترین ڕۆڵەکانمان کە سەرمایەی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ژینگە و سروشتی وڵاتەکەمان کردوە.

**شەهرام سوبحانی**: حەتمەن دەزانن و بیستووتانە کە لە پارێزگای کرماشان و لوڕستان ڕێژیم بە مەبەستێکی دیاری کراو دارستانەکان زاگرۆس لە نێو دەبا و بە جێگەی مادەی هۆشبەرەکان بەرهەم دێنێ، پێتان وایە ئەم هەوڵانەی ڕێژیم دەتوانێ ئەم پیلانانەی بەدوادا بێت؟


**سووڕێنی کوردستان**: بە نیسبەت ئەو پرسیارە و مەوقعییەتی جیاوازی ناوچەیی پارێزگاکان جۆری کارکردی ڕێژی ڕەنگە وەک یەک وا نەبن، یا بە شێواز و فورمێکی تایبەتی هەبێت کە من ناتوانم بەو نیسبەتەوە قەزاوەت بکەم یا خوێندنەوەی دروست و زانستیم لە سەری هەبێت. بەڵام لێرەکانە ئەو پلان و هەوڵانە بە ڕێژەیەکی کەم کاریگەرییەکی وەهای داناوە. بەگشتی دەشتوانین بڵێین یا خوێندنەوە ئەوەی کە لەداهاتوودا کاریگەری نەرێنێ و خراپ لە دوای خۆیدا بەجێی دەهێڵێ، دیارە بە سووتان و کاولکاریی دارستانەکان چ لە باری تێکدانی ئێکۆسیستمی هەرێمی و ناوچەیی و گۆڕینی کەش و هەوا و لە ناوچوونی بوونەوەر و گیانلەبەر و دەیان زەرە و زەیان و مەترسی دروستکردن لە سەر دانیشتوانی ناوچەکە و بە کۆچ و کۆچکردن، وەشککردنی سەرچاوەی ئابووری، دووکەڵەکە ئەچێتە چاوی خەڵکی بەشمەینەتی کورد و دەوروبەریش کە لە ژینگەی کوردستاندا بێت. بەگشتی دەتوانم بڵێم کە پرسی سووتاندنی دارستانەکانی زاگرۆس و پیلانە مەترسیدارەکانی ڕێژیم پرسێکی گشتییە و بۆ ڕێژیم فەرق ناکات کام بەش لە کوردستان بێت.

**شەهرام سوبحانی**: سپاس بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**سووڕێنی کوردستان**: سپاس بۆ ئێوەش بۆ وروژاندنەوەی ئەو باسە و خەمخۆریتان

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# زایەڵەی دروشمی "کرێکارانی جیهان یەکگرن"




**دارسمە**

ئەمساڵ کەمتر لە هەفتەیەک بەسەر ڕۆژی جیهانیی کرێکاراندا تێدەپەڕێت و جارێکی دیکەش ئەم ڕۆژەمان بە خێروخۆشی تێپەڕاند. لەم دواییانەدا بە دەرکەوتنی ئامێری میدیا و پێوەندیگرتن، بۆنە و ڕۆژانی گرینگ بە چەشنێک دەکەونە بەر باس و دەبنە بنێشتەخۆشکەی نێو دەم و ددانی میدیا هەر مەپرسن. لە نێو جۆرەکانی میدیاشدا تۆڕگەلی کۆمەڵایەتیی وەک "ماڵ بیلامانێ پەڕ" و فەیسبووک و ئینستاگرام و تیکتۆک و ئەم شتانە هەر مەپرسن. جودا لە دەوڵەت و دەستەڵات و حیزب و میزب و گرووپ و مرووپ و دەزگا و مەزگا و نێوەند و مێوەند و ڕووناکبیر و مووناکبیر و شتی ئا لەم بابەتە، خەڵکی ئاسایی و سڤیل و ناسڤیل و ڕەشۆک و مەشۆکیش، هەر کامەیان لەبەرخۆیانەوە لە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی چەند نەڤیزەیەک دە مۆبایل یان کامپیوتیرەکەیان دەکوتن و بەوێدا چەند لەت و سواڵەتێک دەخەنە سەر خەرمانی پێداهەڵدان و لێدوان و مێدوانی کۆنبووی سەبارەت بە ڕۆژانی گرینگ و مێژوویی.

خوا نەکات ساڵڕۆژی لەدایکبوونی گەورە کەسایەتییەکی باش یان خراپ و جەژنێکی کۆمەڵە کەسانێک و یان ڕووداوێکی

سرووشتی بێت. ئەوکاتە لە سەروخواری کۆمەڵگەوە دەست دەکرێت بە ڕەنگاندن و نەخشاندنی تۆڕی بەربەرینی کۆمەڵایەتی و هەر پێت دەکرێت وێنە و گرافیک و لێدوان و دەقی هەمەچەشن بە زمانی جۆراوجۆر لەبەر یەکتر ڕابگری و لەعنەت و ڕەحمەتان بۆ دانەرانیان بە دوای یەکدا هەر بەوێدا تەنیا بە جووڵاندنی یەک دوو پەنجەی دەستان ڕەوانە بکەی و تۆش بەرەو دەریای هەراو و بێبەستێنی دنیای مەجازی خۆت تووڕ هەڵدەی و پشت بکەیە ڕاستەقانی و لەنێو ئەم دەریا پڕ لە ڕاستگۆیی و درۆ و دەلەسەیە دەست بە مەلەباسکە و مەلە بۆقە بکەی. دیارە پەنجەبازیی سەر ئەم تەختەکلیلەی ئێستا بەندەی موخلیستان دەیکات، ئەویش بەشێکە لە بیلامانێ ئەو پڕۆژەی دەریا بێبنەی داگیری کردووین.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بۆنە و یادان، وەک هەمووتان دەزانن هێندێکیان لەوانی دیکە خۆشترن. یادی لەدەستدانی خۆشەویستان زۆر لە جەژنی نەورۆز و قوربان و ڕەمەزان و کوڵە چوارشەممە سۆر ناخۆشترە. بەڵام لەنێو ئەوانی خۆشیشدا هێندێکیان خۆشترن.

دیارە هەموویان بۆ خاوەنی مێدیا و دامودەزگای ڕاگەیاندن هەر خۆشن و لاپەڕەی پەڕگە و ڕۆژنامە و کاتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنان پڕدەکەنەوە. بەڵام قسەی خۆمان بێت و لەنێو خۆمان دەرنەچێت و هەر من و تۆی خوێنەر بزانین، بۆ ژنان و پیاوان لە جیهانی سێهەمی ئێمەدا هیچکام لەم بۆنە و یادانە ناگەنە ٨ی مارس. لەم ڕۆژەدا ژنان و پیاوان یەک دەنگن و هەر دوولایان بە ژنان هەڵدەڵێن. تەنانەت پیاوانی ژنکوژ و کچکوژ و دایککوژیش دەسڕۆکەی سەرچۆپیی گەڕی شایی ڕۆژی ٨ هەشتی مارس دانانێن.

ڕۆژی کرێکارەکەی خۆشمان ئەوەندی لە ٨ی مارس کەمتر نییە. لەم ڕۆژەدا سەرۆک و بنۆک و وەزیر و گزیری وڵاتان دەست بە پێداهەڵدان بە شان و باهۆی کرێکاران دەکەن و لە سەر ئاسانکاری و ڕێکخستنی بژێوی ژیان و تێر و تەسەلکردنی ئەندامانی خێزانی کرێکاران دەیکەن بە شەڕە ڕاگەیەندراو و لێدوانێک، لەم نێوەدا سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە.

لەم ڕۆژەدا کۆنەچەپ و ڕێکخراو و سەندیکای کرێکاران دۆخەکە بە هی خۆیان دەزانن و هەست دەکەن خانەخوێی هەموو ئەو کەسانەن ئەم یادە دەکەنەوە. ئەوانی بە تەمەنیان، بایەک داوێنە بەرچێڵەیان و مێژووی دەیان ساڵ چالاکیی کرێکاری لەنێو گۆپیپاندا کۆ دەکەنەوە و بە کارگە و باڵەخانە بەرزەکانیدا دەپرژێنن و ئەگەر کرێکارانی زەحمەتکێش خۆی لەبەر لانەدەن ڕەنگە لە سەر ئەسکەلەی باڵەخانەی ناتەواو بکەونە خوارەوە یان دەستان بکەوێتە بە مەنگەنەی ئامێری گارگان و دیسان هەواڵێک ببێتە بێشتەخۆشکەی مێدیای نێوخۆ و جیهانی.

بانەمەڕی: ٢٧٢٤

لەم ڕۆژەدا دروشمی "کرێکارانی جیهان یەک گرن" لە هەموو دروشمان بەوەجترە. ئەمە لەکاتێکدایە داواکاریی یەکەم ڕۆژی جیهانیی کرێکاران لە سەد و سی و حەوت ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا ئێستا بەدی‌نەهاتووە و زۆربەی هەر زۆری کرێکارانی جیهان هەروا هەوڵ دەدەن ماوەی کارکردنیان لە ٢٤ کاتژمێردا تەنیا ٨ ڕۆژ بێت.

بەشێکی زۆری ئێمەی کوردیش پشتمان کردووەتە دروشمی ڕزگاریی نەتەوە و بەوپەڕی خوێنگەرمییەوە دروشمی "کرێکارانی جیهان یەک گرن" دەڵێینەوە و لە دەستمان نایەت کرێکارانی پەرش و بڵاوی وڵاتێکی وەک ئێرانیش لە دەوری ئەم دروشمە کۆ بکەینەوە. لە ماوەی ئەم چل پەنجا ساڵەی ڕابردوودا هەر ئێمە ئەم دروشمە دەڵێینەوە و کرێکارانی "فووڵادی موبارەکەی ئیسفەهان" و "کۆمپانیای مینۆی ئەبهەر" و "کۆنسێرڤی چین‌چنی خوراسانی ڕەزەوی" و "نەیشکەری جنووب" و ئەوانی دیکەش بەشی هەرە بەرچاویان دەبن بە بەسیج و بەگژ کرێکارانی ئەوێ و هەموو میلەتی کورددا دەچنەوە. دێن لە کوردستان فیشکان دەتەقێنن و گوللە بە تاریکییەوە دەنێن و درۆنەوە لەوێ خۆیانی پێ خانەنشین دەکەن و هەتا کۆتایی ژیانیان لە تەڕی دەخۆن و لە وشکی دەخەون. بەڵام ئێمە وەک نیوە هوشیاران دروشمەکەمان لەسەر دەمە و دەڵێینەوە: "کرێکارانی جیهان یەکگرن."

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# کورتەیەک لە پێناسەی ڕێکخستن




سەلام سەدیقی

ڕێکخستن بەردی بناغەی هەر ڕێکخراوەیەکە، بۆیە بەهێزترکردن و پاراستنیشی حەیاتی و گرینگە بۆ هەموو دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان.

مرۆڤ بە شێوەیەکی جەوهەری بوونەوەرێکی وردکۆڵە و لە ڕێگەی پێنج هەستی خۆیەوە لە دەوروپشتی خۆی دەکۆڵێتەوە و هەوڵ دەدات تاکوو بینراوەکانی خۆی لەنێو چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا ڕێک بخات. مرۆڤی ئەمڕۆ نەتەنیا نیوەی کاتی ڕۆژانەی خۆی بە هاوکاریکردن لە هەوڵدانە بەکۆمەڵەکان تێدەپەڕێنێت بەڵکوو نیوەکەی تریشی بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن، خوێندنەوەی ڕۆژنامە و کتێب یان ڕۆیشتن بۆ کۆبوونەوە گشتییەکان بەسەر دەبات، کە ئەمانە هەموویان ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤە لە ڕیکخراوە و دامەزراوەکاندا. تیۆرییەکانی دامەزراوە لە بوارە جیاجیاکان پێک هاتوون وەکوو: کارگێڕی، دەروونناسی، زانستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵناسی، ئەندازیاری، ئیدارەی نەخۆشخانە و هتد، هەروەها هەرکامیان شتێکیان خستووەتە سەر ئەم بابەتە.

## پێناسەی ڕێکخستن

ڕێکخستن پرۆسەیەکە کە لەودا لەنێوان تاکەکان و گرووپەکاندا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان کار دابەش دەکرێت و ڕێک دەخرێن.

## جۆرە جیاوازەکانی ڕێکخستن

شێوازی جیاجیامان هەیە بۆ پۆلێنبەندکردنی دامەزراوەکان: دامەزراوەی فەرمی و دامەزراوەی نافەرمی.

## دامەزراوەی فەرمی و نافەرمی

دامەزراوە فەرمییەکان لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە بەشێوەیەکی یاسایی بنیات دەنرێن و ژمارەی پیشەکان، سنووری ئەرک و دەسەڵات و چۆنیەتیی جێبەجێکردنیان لەو دامودەزگایانەدا دەستنیشان دەکرێت. لەڕاستیدا ڕێکخراوە فەرمییەکان خەیاڵین چونکە دامەزراوە بەو جۆرەی وا بۆی دەستنیشان کراوە کار ناکات؛ بەڵام دامەزراوە نافەرمییەکان دەربڕی حاڵەتێکی واقیعین واتە چۆنیەتیی کارکردنی دامەزراوەکە بە شێوەی ڕاستەقینە پیشان دەدەن. دوای ئەوەی کە دامەزراوەیەکی فەرمی دادەمەزرێت، ڕێکخراوەی نافەرمیش بە شێوازێکی سروشتی لە چوارچێوەی ئەودا دەردەکەوێت. دامەزراوەی نافەرمی دەرەنجامی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی بەردەوامە و پێکهاتەی فەرمی هاوسەنگ یان پتەوی دەکاتەوە و پەرەی پێ دەدات.

## پێناسەی دامەزاراوەی فەرمی

لە دامەزراوەی فەرمیدا، بەڕێوبەر بە شێوازی نووسراو و لە ڕێگەی دیاگرامەوە، بە وردی پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکان بۆ کارمەندەکانی شرۆڤە دەکات. گۆڕانکارییەکانی دواتریش بەپێی پێویست بە شێوازی فەرمی یان نافەرمی دەکرێن.

## پێناسەی دامەزراوەی نافەرمی

لەم دامەزراوەیەدا بەڕێوەبەر، بە شێوەی نەنووسراو و نافەرمی پەیوەندییە ڕێکخراوەییەکان بۆ کارمەندەکانی شی دەکاتەوە

و بەپێی پێویست گۆڕانکاری بە سەر ئەم پەیوەندییانەدا دەهێنێت. پلاندانان پرۆسەیەکە کە ئێوە بە ڕەچاوکردنی دەتوانن بەردەوام داهاتووی خۆتان دروست بکەن.

### لە چ کاتێکدا پێویستە گرنگی بە گۆڕانکارییەکان بدەین؟

پێویستیی باشترکردنی پرۆسەی گۆڕانکارییە خێرا و گەورەکانی ئەم بیست ساڵەی دواییە لە تەکنەلۆژیا و بەتایبەت زۆرتربوونی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای زانیاری و سیستەمە کۆمپیوتەرییەکان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، گۆڕانکاری بە سەر شێوازی ئیدارە و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکاندا هێناوە، هەروەها بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان بە شێوازی کۆن و ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕیشەیان دەگەڕیتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، تا ڕادەیەک ئەستەمە. دامەزراوەکان پێویستە خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەماهەنگ بوون لەگەڵ سیستەمە نوێیەکانی زانیاری. بنەمای سەرکەوتنی تەواوی ئەم سیستەمانە لەسەر ڕوانگەی پرۆسەیی بنیات نراوە. سیستەمی کارگێڕیی پرۆسە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەنگاوانەی وا بۆ ئەنجامدانی کار لە دامەزراوەدا پێویستن و دروستکردنی زنجیرەیەک لەنێوان ئەم هەنگاوانەدا، لە هەوڵی یەکگرتوویی، جێگیرکردنی شێواز، بەرزکردنەوەی بەهای زیادە و بە دیکۆمێنت کردنە. لە ڕێگەی سیستەمی کارگێڕیی پرۆسەوە دەکرێت کارایی و بەدەستهێنانی قازانج بەرز بکرێتەوە. لەمڕۆدا گرنگی بە ئەو شێوازانە دەدرێت وا بۆ باشترکردنی ئەنجامی کاری دامەزراوەن، هەڵسەنگاندنی پرۆسەی چالاکییەکانی دامەزراوەکە کە لە ئەنجامی ئەو کارە خاڵە لاوازەکان دەستنیشان دەکرێن و لە ڕێگەی بەهێزکردنی ئەو پرۆسانەی وا دەبن بە هۆی باشترکردنی کارایی دامەزراوەکە، کاری پێویست دەکرێت.

سیستەمی ڕێکخستنی پرۆسە (Process Discipline) بریتییە لە: تێکەڵێک لەو چالاکی و یاسایانەی ئامانج لەوانە گەیشتن بە هەماهەنگی و یەکگرتوویی تەواوە لە دامەزراوەکەدا، بە خوێندنەوەیدکی وردبینانە و پشت بستن بە پرۆتۆکۆڵ و شێوازە زانستیەکانی کاری ڕێکخستن.

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# قەیرانخوڵقێنی بۆ تێپەڕین لە قەیران



عومەر باڵەکی

دوای ئەوەی گەلانی ئێران لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٧ و سەرەتاکانی ١٣٥٨ی هەتاویدا توانییان بە خوێن و قوربانیدانێکی زۆر ڕێژیمی پاشایەتی بڕووخێنن و سەرمەستی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بوون، ئایەتوڵڵا خومەینی و دارودەستەکەی لەو هەلە کەلکیان وەرگرت و دەستیان بەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی داگرت و بە پەلە و لە ڕاپرسییەکی ڕواڵەتیدا نیزامی کۆماری ئیسلامییان بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاند. لەو سەردەمدا ئەو نیزامە هەم بۆ گەلانی ئێران و هەم بۆ دنیای دەرەوە نیزامێکی سیاسیی نامۆ و نەناسراو بوو. بەڵام زۆری نەبرد نێوەرۆکی ئەو نیزامە بەڕوونی دەرکەوت بەتایبەتی دوای پەسندکرانی قانوونی بنەرەتیی ئەو نیزامە و هەم گەلانی ئێران و هەم کۆمەڵگەی جیهانی هەستیان بەوە کرد لەگەڵ ڕێژیمێکی سیاسیی بەرەوڕوون کە هەر لە سەرەتاوە هێرشبەرە و بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا دەست لە هیچ شتێک ناپارێزێ و لە هەمان کاتدا دەیهەوێ سنووری دەسەڵاتدارەتیی خۆی لەژێر ناوی هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی و پێکهێنانی ئۆممەتی یەکدەستی ئیسلامی، ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی بە ناوەندییەتی "شاری قوم" لە ئێران زیندوو بکاتەوە. ئەوە بەڕوونی لە پێشەکی و ئەسلی ١١ی قانوونی بنەرەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕەنگی

داوەتەوە (... بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی ئیسلامیبوونی شۆڕشی ئێران کە جووڵانەوەیەک بوو بۆ سەرکەوتنی یەکجاری زوڵملێکراوان بەسەر زاڵماندا کە بەستێنی ئەو شۆڕشە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئامادە دەکا، بەتایبەتی لە پەرەپێدانی پێوەندیی نێودەوڵەتی لەگەڵ جووڵانەوەکانی دیکەی ئیسلامی و خەڵکی هەتا ڕێگای پێکهێنانی "امت واحد جهانی"خۆش بکا.(

لەو کاتەوە هەتا ئێستا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەرکەوتنی ئەو ستراتیژییەی خۆیان بێجگە لە بەهەدەردانی هەزاران میلیارد دۆلار لە سامانی گەلانی ئێران، دەستیان لە هیچ کردەوەیەکی ناڕەوای وەک تێرۆر، بارمتەگیری، دانانەوەی بۆمب، تەقاندنەوە و ڕفاندنی کەسانی سیاسیی و جیابیر..... لە نێوخۆ ودەرەوەی ئێران نەپاراستوە. بەڵام دەبینین دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی دوای ٤٦ ساڵ هەوڵی بەردەوام لەو پرۆژەیەدا نەک سەرکەوتوو نەبوون، تەنانەت نەیانتوانیووە نیزامێکی سیاسیی و ئابووریی سەقامگیر لە ئێراندا جێگیر بکەن. هۆکاری سەرەکیش ئەوە بووە کە هەم کۆمەڵگەی ئێران و هەم کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی زۆر زوو نێوەرۆکی ئەو نیزامەیان لێ ڕوون بۆوە و کەوتنە دژایەتیکردنی کار و کردەوەکانی ئەو نیزامە و ماوەی ٤٦ساڵە ئەو شەڕ و ململانییە لەنێوان دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەک و گەلانی ئێران لەلایەکی دیکە بەردەوامە و بەداخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هەتا ئێرە خواروخێچ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاتوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کاتێک هەستیان بەوە کرد بەو ئەندێشە و ئیدۆلۆژییە ناتوانن دەوامیان هەبێت و لەلایەن گەلانی ئێرانەوە هەر زوو تۆماری دەسەڵاتدارەتییان تێکەوە دەپێچرێ، کەوتنە هەوڵی خوڵقاندنی قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی و بەو جۆرە توانییان تەمەنی ڕێژیمەکەیان هەتا ئێستا درێژ بکەنەوە. داسەپاندنی شەڕ بە فتوای ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨بەسەر کوردستاندا دەتوانین بڵێین دەستپێکی خوڵقاندنی ئەو قەیرانانە بوو. لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران کەسانی ساویلکە بە پاساوی ئەوەی دەستە و تاقمێکی لەدین هەڵگەراوە و بێباوەڕ بە ئیسلام دەیانهەوێ کوردستان لە ئێران جیا بکەنەوە، خۆیان دەگەیاندە کوردستان و لە بەرەکانی شەڕ بە دژی خەڵکی کوردستان شەڕیان دەکرد، بەو بیرکردنەوەیە کە ئەگەر توانییان سەرکەوتن بەدەست بێنن ئەوە توانیویانە ئەرکێکی ئاینی و مەزهەبیی خۆیان بەجێ بگەیەنن و ئەگەر لەو ڕێگایەدا کوژران چ باشتر کە شەربەتی شەهادەت دەنۆشن! ئەو شەڕفرۆشتنەی نیزامی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بە کوردستان و بەربەرەکانی ئازایانەی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر ئەو هێرش وپەلامارانەی سپای پڕچەککراوی کۆماری ئیسلامی وای کرد دەسەڵاتدارانی تارانی تووشی قەیرانێکی نێوخۆی بن و ئەمجارەیان بۆ ئەوەی بیروڕای کۆمەڵگەی ئێران لەسەر شەڕی کوردستان لابچێ، پێویستیان بە قەیرانێکی دیکە بوو کە

هەم بیروڕای خەڵکی ئێران بەرەو ڕابکێشن وهەم دنیای دەرەوەی پێ سەرگەرم بکەن و بتوانن کۆمەڵێک ئیمتیاز هەرچەند کاتێش بێ بۆ حکوومەتە تازەکەیان دەستبەر بکەن. بۆیە دەبینین لە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دەستەیەک بە ناوی خوێندکارانی پێڕەوەی ئیمام هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا و بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ ٦٦ کاربەڕێکەر و دیپلۆماتکاری ئەمریکایی بەبارمتە بگرن و بەو کارە زومی ڕاگەیەندنە گشتییەکان لەسەر کوردستانی شەڕلێدراو کەم بۆوە و بارمتەگیری لە باڵوێزخانەی ئەمریکا بوو بە ڕۆژەڤی هەواڵی هەواڵنێرەکانی نێوخۆی و دەرەکی.

ئەو دەورە لە قەیران خوڵقاندنە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستا هەر بەردەوامە و قەیران بە قەیران دادەگیرسێت. بەڵام لەسەردەمی ئێستادا بە گۆڕانی هەلومەرجەکان و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی زۆر جاران هەر هەمان کرداری کۆماری ئیسلامی ڕوو لە خۆی دەکاتەوە، ئەوکاتە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەنگیان لێ بەرز دەبێتەوە کە زوڵمیان لێ کراوە، یان دەنا یاساورێساکانی نێودەوڵەتی پێشێل کراوە. بێ ئەوەی خۆیان لەو هەموو کردەوەیە بە خاوەن بکەن کە قانوونە نێودەوڵەتیەکانیان پێشێل کردووە و یاساورێسا نێودەوڵەتییەکانیان تێک داوە. بۆ جارێکیش بێ وا باشە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی وەبیر خۆیان بێنەوە کە بە لەدایکبوونی ئەو نیزامە تێرۆر و بارمتەگرتن پێناسەی دەوڵەتیی بە خۆیەوە گرتووە. واتە تێرۆر و بارمتەگرتنی دەوڵەتی دیاریی نیزامی کۆماری ئیسلامین، چوونکە لە ڕابردوودا دەوڵەتان بە شێوەی گشتی لە پشتیوانیکردن لە کردەوەی تێرۆریستی خۆیان دەپاراست و بەدایمە هەوڵیان ئەوە بووە نەکا وەک پشتیوان و لایەنگری تێرۆریزم کە ئەوپەڕی قانوونشکێنی و تێکدانی ڕێوشوێنی نیونەتەوەییەوە بناسرێن، بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە کردەوە تیرۆریستیەکانی ئەو ترس و خۆفەی تێک شکاند و هەموو هێڵە سوورەکانی بنەماکانی قانوونە نێودەوڵەتییەکانی بەزاند و پێناسەی تێرۆری دەوڵەتیدا بە تیرۆر.

لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی حماس و ئیسرائیل ب ئەو دەستتێوەردان و قەیران خوڵقێنانەی کۆماری ئیسلامی زیاتر و زیاتر دەرکەوت. بەتایبەتی دوای ئەوە کە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل بە لێدانی چەند مووشەکێک خانوویەکی کونسولگەری ئێرانی لە شاری دمێشق پێتەختی سوریە کردە ئامانج و چەندین فەرماندەی پایەبەرزی سپای قودسی ئێرانی تێدا کوشت. ئەو کردەوە نیزامییەی ئیسرائیل کێشەکانی ناوچەکەی بەگشتی و پێوەندییەکانی ئێران وئیسرائیلی بەتایبەتی گەیاندە خاڵی هەستیار کە هەموو لایەک خوێندنەوەی ئەوەی بۆ دەکرد ناوچەکە بەرەوە شەڕێکی نێودەوڵەتی ببات. ئیسرائیل بۆ لێدانەکەی خۆی پاساوی ئەوە بوو لە کۆبوونەوەی فەرماندەرانی سپای قودسی داوە کە بە نیاز بوون بە هاوکاریی هێزەکانی حماس و گرووپەکانی دیکەی سەر بە ئێران گەڵاڵەی زەربەلێدان لە هێزەکانی ئیسرائیلیان دادەڕشت و بۆ پێشگیری لە زەربەخواردنی هێزەکانیان دەستپێشخەریان کردوە و لەو کۆبوونەوەیان داوە. لەو لاوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی

دەنگیان لێ بەرز بووە و گوتیان نابێ جیهان لە بەرانبەر ئەو كردەوەی ئیسرائیل بێدەنگ بێ چونكە بەوە هەموو یاساوڕێساكانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشێل كراوە و بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەكان كونسولخانە و باڵوێزخانە خاكی ئەو وڵاتەیە و لێدان لەو شوێنانە وەک لێدان لە خاكی ئەو وڵاتەیە. دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی لە كاتێكدا ئەو لێدوانانەیان دەدا كە خۆیان داڕێژەری سیاسەتی هێرش بۆ سەر ناوەندە دیپلۆماتیكەكان بوون. هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریكا (١٣٥٨)، دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی بریتانیا (١٣٩٠) و باڵوێزخانەی عەرەبستانی سعودی (١٣٩٤) و تەنانەت ئاورتێبەردانی كەلوپەلەكانی نێو ئەو باڵوێزخانانە دەتوانن چەند نموونەیەک بن لە كار و كردەوەكانی كۆماری ئیسلامی دەرحەق بە ناوەندە دیپلۆماتیكەكان. خۆ ئەگەر بمانەوێ ئەو كردەوانەی كۆماری ئیسلامی لەگەڵ كرداری ئیسرائیل لە كونسولگەری ئێران لە سورییە بەراورد بكەین دەبینین كرداری ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی زیاتر پێشێلكردنی سەروەریی قانوونە نێودەوڵەتییەكانە هەتا كرداری ئیسرائیل. چونكە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی وەک نیزامێكی سیاسیی و دەسەڵاتدار لە ئێران حوكمی میواندارای هەیە و پاراستنی ناوەندە دیپلۆماتكارەكان لە بواری ئەمنییەتیەوە لە ئەستۆی خاوەنماڵە ئەوە لەلایەک و لەلایەكی دیكەوە هیچكام لەو ناوەندە دیپلۆماتیانە كە نوێنەرایەتی دەوڵەتی خۆیان لە ئێران دەكەن هێرشبەر نەبوون بۆ سەر خاک و بەرژەوەندییەكانی ئێران. بەڵام ناوەندی بەناو دیپلۆماتكاری كۆماری ئیسلامی لە سورییە هەر بەپێی ئاماری كوژراوەكان كە هەموویان نیزامی بوون و دەركەوت ئەو ناوەندە زۆرتر بۆ كاری نیزامی و گێرەشێوێنی لە لوبنان وسورییە و فەلەستین كەلكی لێ وەرگیراوە.

هەر وەک گوترا ئەوە سەرەتایەكی نوێ بوو بۆ دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی بۆ خوڵقاندنی قەیرانێكی دیكە كە بتوانن قەیرانە نێوخۆییەكانی دوای ڕاپەرینی ژینا كە كەلێنێكی گەورەی لەنێوان دەسەڵات و خەڵک دروست كردوە پێ داپۆشن، بەتایبەتی سەركەوتنی بەرەی خەڵک لە بایكۆتی هەڵبژاردنەكانی ١١ی ڕەشەمەی مەجلیسی شورای ئیسلامی و خوبرەگانی ڕێبەری، و لە هەمان كاتدا بۆ دەرخستنی توانا و هێزی لانیكەم بۆ لاینگرەكانی خۆی. بۆیە بە ناوی وڵامدانەوەی توند بە ئیسرائیل لە نیوەشەوی ٢٥ی خاكەلێوەدا سپای پاسداران بە زیاتر لە ٣٠٠ مووشک و درۆنی جۆراوجۆر لە خاكی ئێرانەوە ڕاستەوخۆ هێرشی كردە سەر خاكی ئیسرائیل كە سەتا ٩٩ی ئەو درۆن و مووشەكانە پێش ئەوەی بگەنە خاكی ئیسرائیل لەلایەن هێزی بەرگریی ئاسمانی ئیسرائیل و هێزە هاوپەیمانەكانی هەر لە ڕێگاوە تەقێندراونەوە و ئەو چەند دانەیەش كە گەیشتوونەتە خاكی ئیسرائیل زەرەوزیانی گیانیی لە ئیسرائیل نەداوە كە سەرنجی بخریتە سەر. دوای چەند ڕۆژێک هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لە تۆڵەی ئەو مووشەكهەڵدانەی ئێران بەتەنیا یەک مووشەک توانی لە قوڵایی خاكی ئێراندا یەكێک لە ناوەندەكانی ڕاداری ئێران تێک بشكێنێ بێ ئەوەی زیانی گیانی بە هیچ كەس بگەیەنێ، واتە یەک مووشەک لە بەرانبەر ٣٠٠مووشەک و درۆندا و ئەوە شكانێكی گەورەی سیاسیی و نیزامی بوو بۆ دەسەڵاتداران و فەرماندەرانی نیزامی

کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەو جاریش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو شکانە سیاسیی و نیزامییە دووبارە ڕوویان لە شەقامەکانی شارەکانی ئێران کردەوە و بەناوی بەرگیری لە بێسەرپۆشی"بی حجابی"هەزاران هیزی پۆلیس و تەنانەت سپای پاسدارانیان ختستۆتە گیانی ژنانی ئێران و ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان بەبێ حورمەتی دەست بەسەریان دەکەن و لە بواری ڕوحی وجەستەیی ئەزیت و ئازاریان دەدەن.

سەرەڕای هەموو قەیرانخوڵقێنییەکان بەڵام هەم کۆماری ئیسلامی و هەم خەڵک دەزانن کە سەردەم بەتەواوی گۆڕاوە و شۆڕشی مافەخوازانەی گەلانی ئێران بە هەموو چینوتوێژەکانییەوە هەنگاوەکانی بەرەو ئالوگۆری بنەڕەتی لە نیزامی سیاسیی وڵاتدا ڕۆژبەڕۆژ خێراتر کردوە. دنیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بەدەست کەڵەوەکێشییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە جارز بوون و بە هەموو ڕێگایەکی مومکین دەیانهەوێ لەو دەسەڵات و حوکمڕانییە دوور بکەونەوە و بە ڕادەیەک لە ئۆپۆزیسیوونی دژبەری نیزام نزیک ببنەوە. بۆیە بە خاترجەمی دوا ڕۆژ ئی گەلانی ئازادیخوازی ئێرانە و قەیرانخوڵقێنی چیدیکە دادی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران نادا.

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# ئاشکراکردنی ڕاستی لەنێوان سانسۆر و دەمارگرژیدا



**ئازاد مستۆفی**

لە پەیکەری کۆمەڵگەدا ڕۆژنامەنووسی بێژەری ڕاستی و هەقیقەت و هەڵگری مەشخەڵی شەفافیەت و پارێزەری دیموکراسییە. جەوهەرەکەی تەنها لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکاندا نییە، بەڵکوو لە پرسیارکردنیان و تەحەدای دۆخی ئێستە و بەرزکردنەوەی بنەماکانی ئازادیی قسەکردندایە. بەڵام لە سایەی ڕێژیمە پاوانخوازەکان و ژوورە دەنگدانەوەکانی خۆپەرستیدا، پیرۆزیی ڕۆژنامەنووسی زۆرجار ڕووبەڕووی تەحەدای گەورە دەبێتەوە.

لە نێوەڕۆکدا، ئەرکی ڕۆژنامەنووس تێپەڕین لە سنوورەکانی گێڕانەوەی چیرۆکە و پەیوەندیی بە وورووژاندنی وەرگرتنی زانیاری و وروژاندنی مشتومڕ و گۆڕانکارییەوە هەیە. جەوهەری ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسی لە توانای وورووژاندنی پرسیار و وورووژاندنی ژێر ڕووکەش و ئاشکراکردنی ڕاستییە شاراوەکاندایە کە لە کۆریدۆرەکانی دەسەڵاتدایە. ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوونێکی بێوچان بۆ شەفافیەت و پابەندبوونێکی بێوچانە بۆ لێپرسینەوە لە کەسانی دەسەڵاتدار و پابەندبوونێکی بێوچان بە بەهێزکردنی خەڵک بە زانیارییەوەیە.

بەڵام لە دنیای تاریکی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا، ڕۆژنامەنووسیی ئازاد دەبێتە درکێک و چقڵێک لە چاوی سەرەڕۆکاندا. بۆیە سانسۆر دەبێتە چەکی هەڵبژاردن، کاتێک ستەمکاران هەوڵ دەدەن نارەزایەتییەکان بێدەنگ بکەن و جینایەتەکانیان لە تاریکیدا بشارنەوە و دەستکاری گێڕانەوەکە بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان بگونجێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێک لەم دیمەنە ستەمکارانەدایە کە گرینگی و بایەخی ڕۆژنامەنووسی گەشاوەتر دەدرەوشێتەوە. چونکە ئەرکی ڕۆژنامەنووسە سەرپێچی لە سنوورەکانی سانسۆر بکات و دەنگە بێدەنگ و کپکراوەکان بەهێزتر بگەیەنێت و ڕووناکییەکی دزەپێکەر بدرەوشێنێتەوە بۆ نێو کۆتایی ستەمکاری.

جگە لەوەش تەحەدای ڕۆژنامەنووسی تەنیا لە ڕێڕەوەکانی دەسەڵاتەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکوو لە کۆریدۆرەکانی بیروڕای گشتیشەوە سەرچاوە دەگرێت. لە سەردەمێکدا کە زانیاریی هەڵە بڵاو دەبێتەوە و ژوورە فیکرییەکان گەشە دەکەن، تێڕوانینێکی مەترسیدار هەیە کە ڕۆژنامەنووسی دەبێت لەگەڵ حەزی تاکەکەسیدا بڕوات، دەبێت لەگەڵ لایەنگرییە پێشوەختەییەکان بگونجێت و دەبێت وەک دەمڕاستێک بۆ ئەجێندای حیزبی و گرووپی بێت. بیرۆکەیەکی لەم شێوە دژی پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەنووسییە و سروشتی ئەم پیشەیە لاواز دەکات و هەروەها ئاستی ڕۆژنامەنووسی و کەسایەتی ڕۆژنامەنووسیش دادەبەزێنێت.

ڕۆژنامەنووسی بە سروشتی خۆی بەدوای بابەتییەت و پابەندبوونە بە پێشکەشکردنی ڕوانگەی جۆراوجۆر و پابەندبوونە بە ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییە فرەلایەنانەی کە بنەمای پرسە ئاڵۆزەکانن. داوای ڕووماڵکردنی یەکلایەنە بەواتای چەقاندنی بناغەی خودی ڕۆژنامەنووسی و وازهێنان لە بەدواداچوونی ڕاستی لە بەرژەوەندی ئاسوودەیی نەزانی و خیانەتکردن لە متمانەی خوێنەرانە کە بۆ گەڕان لە توێی زانیارییە جۆراوجۆرەکان، پشت بە ڕۆژنامەنووس دەبەستن.

لە بەرانبەر ئەم تەحەددایانە، پێویستە ڕۆژنامەنووسان لە پابەندبوونیان بە پیشەکەیانەوە سەقامگیر بمێننەوە. پێویستە ڕۆڵی خۆیان وەک پارێزەری هەقیقەت و داکۆکیکاری شەفافیەت و وەک داکۆکیکارێکی بێدەنگ کە بەدوای دەسەڵاتەوە نین، بسەلمێنن. دەبێت بەرەنگاری حوکمڕانی لەمەڕ هاندانی پاداشت و سوودی سانسۆر ببنەوە. دەبێ سەرپێچی بکەن لەو گوشارانەی کە داوایان لێ دەکات بەلایەنگرییەوە ڕووداوەکان ڕووماڵ بکەن و داکۆکی بکەن لە بنەماکانی ڕاستی کە لەنێو دڵی هەر ڕۆژنامەنووسێکدایە.

جگە لەوەش خوێنەر و بینەر و گوێگر، وەک بەکاربەری هەواڵ، بەرپرسیارن لە داکۆکیکردن لە بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی.

پێویستە بەرەنگاری ئەو وەسوەسەیە ببنەوە کە پاشەکشە بکەن بۆ نێو ژوورە فیکرییەکان، بەکارهێنانی زانیاری بێ ڕەخنە و داواکاری بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەمارگرژییەکان. پێویستە فرەچەشنی بۆچوونەکان قبوول بکەن و بەشداریی گوتاری ڕەخنەیی بکەن. ڕۆژنامەنووسان و بەکارهێنەرانی ڕاگەیاندن بەرپرسیارن لە بەرزترین ستانداردەکانی هەقیقەت و ڕاستی.

بێگومان لە سەردەمی پەیوەندی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی تەندروست و مەدەنی لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ، ناکرێت گرنگیی ڕۆژنامەنووسی پشتگوێ بخرێت. ئەمە بەردی بناغەی دێموکراسییە، بەردی بناغەی شەفافیەت و چرای حەقیقەتە لە جیهانێکدا کە بە زانیاریی هەڵە و سانسۆر داپۆشراوە. لە کاتێکدا کە بە شەپۆلەکانی سەدەی بیست و یەکەمدا تێدەپەڕین، با پابەندبوونمان بە بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی و بەدواداچوون بۆ ڕاستی و پاراستنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد دووپات بکەینەوە. چونکە بە وتەی تۆماس جێفرسۆن "ئازادیی ئێمە پەیوەستە بە ئازادیی ڕۆژنامەنووسییەوە و ئەم ئازادییە بەبێ لەدەستدان ناتوانێ بەرتەسک بکرێتەوە."

ئەو نیشتمان و وڵاتانەی لەلایەن دیکتاتۆرییەت و داگیرکارییەوە چەوساوەتەوە، وەک کوردستان، ڕۆژنامەنووسیی چرایەکی هیوایە لە نێو تاریکیدا و وەک هێڵی ژیانە بۆ دەنگە کپکراوەکان. ڕۆشنایی دەخاتە سەر تاوانەکان و ئەو واقیعە ئاشکرا دەکات کە لەلایەن ڕێژیمە پاوانخوازەکانەوە شاراونەتەوە. ڕۆژنامەنووسی دەبێتە ڕێڕەوێک کە ڕاستی و هەقیقەت بڵاو دەکاتەوە، خۆڕاگری نیشان دەدا و بەرخۆدان بەرجەستە دەکرێت. لە بەرامبەر ستەمدا، کۆمەڵگە بەهێز دەکات بۆ وەرگرتنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکان. ڕۆژنامەنووس تەحەدای ستەمکار دەکات و ئاواتەخوازە بۆ داهاتوویەک کە بە ئازادی و دادپەروەری پێناسە بکرێت. بۆیە بۆ کورد و ئەوانیتر کە زوڵم و ستەم قبووڵ ناکەن، ڕۆژنامەنووسی تەنها پیشە نییە بەڵکو چەکێکە بۆ ڕزگاری و شایەتحاڵی ئەو ڕۆحە ئینسانییە نەبڕاوەیە کە دەیەوێ کۆمەڵگەیەکی تەندروست لەسەر بنەمای پرەنسیپی دێموکراسی بونیات بنێت.

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# دووانەی خەڵک و دەسەڵات، هەنگاوێک هەتا داڕمان



**ڕەزا دانشجوو**

ڕەنگە یارییەکانی هەڵبژاردەی ئێران لە مۆندیالی فوتباڵ لە قەتەر کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا، بتوانرێت وەک خاڵی وەرچەرخان لە گەورەبوونەوەی کەلێنی نێوان حکومەت و خەڵکی ئێراندا دابنرێت. کاتێک لە کۆتایی کێبڕکێی نێوان کۆماری ئیسلامی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دوژمنی ساختەکاری هەمیشەیی دەزگای پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی و حکومەتێک کە ڕێژیم بە شەیتانی گەورە ناوی دەبات، دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارە جیاجیاکانی ئێران هاتنە سەر شەقامەکان و سەبارەت بە دۆڕانی ئێران بەو ئەمریکایە ئاهەنگیان گێڕا و چەپڵەیان بۆ دوژمن لێدا! ڕێژیم ناتوانا لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان و تێگەیشتن لەو وەرچەرخانە مێژووییە، وەک هەمیشە لە تەنگانەکاندا چارەسەری لە پەنابردن بۆ هێز و ئەمجارە تەقەکردن ڕاستەوخۆ لە خەڵکەکەی بینی! ئەو ڕۆژەی کە خەڵکی ئێران ئاشکرا خۆشحاڵیی خۆیان لە سەرکەوتنی شەیتانی گەورە! بەسەر کۆماری ئیسلامیدا نیشان دا، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر کاتێکی تر هەستی بە دوورکەوتنەوەی خەڵک و بارودۆخی نالەباری خۆی کرد.

ئەمە سەرەتایی بزووتنەوەیەکی بەردەوام بوو کە بە تێپەڕبوونی کات بووە هۆی دابەشبوونێکی سیاسیی ڕوون لەنێوان

خەڵکی ئێراندا. کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی عەلی خامنەیی کە ساڵانێکی زۆر بە سیناریۆی" خودی و غیرخودی" و دابەشکردنی بە سەر دوو لایەندا، لە کاتی قەیرانە نێوخۆیەکان سەدان کەسی لە بازنەی دەسەڵاتی خۆی دوور دەخستەوە، ئەمجار بینەری پەراوێزخستنی خۆی و بەکرێگیراوانی لەلایەن خەڵکەوە بوو. ئێستا هەرکەسێک لە هەر پلەوپایە و پۆست و مەقامێک ئەگەر لایەنگری و پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی بکات لای خەڵک گوێلەمستی حکومەت، بەکرێگیراو و بریکاری دیکتاتۆرە و دەخرێتە لیستی ڕەشی گەڵ. وەرزش، سینەما، سیاسەت هیچ جیاوازییەکی نییە. ئێستا تەنانەت نیزیکبوونەوە لە کەسانی سەر بە دەسەڵات یا بەشداریکردن لە کۆڕو کۆبوونەوە حکومییەکان لای خەڵک گوناحێکی گەورەیە و شەرعیەت بەخشینیە بە حکوومەتی دیکتاتۆر.

ئەوەی لەم نێوەندەدا زۆر جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەموو ئەم بزووتنەوەیە بەتەواوی سەربەخۆیە و لە نێوخۆی ئێرانەوە ڕێکدەخرێت و بە پاڵپشتیی خودی خەڵک دەچێتە پێش. خاڵێکی گرنگی تر کاریگەریی ئیرادەی خەڵکە کە بووەتە هۆی ئەوە کە تەنانەت زۆر لە کەسانی نزیک لە دەسەڵات لە ترسی بایکۆتی خەڵک هەوڵ بدەن لانیکەم بەڕواڵەت خۆیان لە دەسەڵات دوور پێشان بدەن. ئەم ئاستە لە کاریگەریی بیروڕای گشتی وای کردوە زۆرێک لەو کەسانەی کە لە ڕووی سادەیی یان بە مەبەستی سوودوەرگرتن دۆستایەتی دەسەڵاتیان کردوە ، ناچار بن لهژێر بارگرانی ئەو گوشارانەدا داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن!

ئێستا میتر و مێعیار و پێوەریی ڕاستگۆیی دژایەتیکردنی لێدوانەکانی ڕێژیمە، هەر هەواڵێک لە میدیاکانی ڕێژیمەوە بڵاو بێتەوە لای خەڵک باوەڕپێنەکراو و دوور لە ڕاستییە. لەم وەرچەرخانە مێژوویی و چارەنووسسازەدا دووانەیی دەسەڵات و خەڵک بە جۆرێک لە یەکتر دوور دەکەونەوە کە هەر ڕۆژ بە بەراورد بە ڕۆژی پێشووتر زیاتر بیروبۆچوونەکانیان دژ بە یەکترن. بەڕوونی دەتوانین بڵێین میللەت و حکومەت هیچ زمانێکی هاوبەش بۆ دیالۆگ شک نابەن و هیچ ئیرادەیەکیشیان بۆ دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش و چارەسەری ئەم کێشە نییە. بۆ خەڵک تەنیا بژاردە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامییە و بە هیچ شتێکی کەمتر لەوە ڕازی نابن. ئەم دژایەتی کردن بە ڕادەیەک گەیشتووە کە تەنانەت ئەو هێزانەی ئێستا دژی کۆماری ئیسلامین بەڵام سەردەمانێک بەشێک لە کۆماری ئیسلامی بوون، لەلایەن خەڵکەوە ناڕاست و جێی متمانە نین! لەڕاستیدا ئەوەی خەڵکی ئێران بەدوایدا دەگەڕێن، تەنیا لابردنی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو لە نێوبردنی هەموو ئەو بایەخ و نۆرمانەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ بنەما ئایینیەکانی یان لانیکەم بۆ پێشاندانی پرەنسیپە ساختەکارییەکەی ساڵانێک هەوڵی پاراستنیانی داوە.

ڕەنگە بتوانرێت یاسای حیجابی زۆرەملێ بە گەورەترین نۆرم و بەهای دەستووریی کۆماری ئیسلامی دابنرێت کە لە ئێستادا لە دووانەی حکومەت و خەڵکدا باسی لێوە دەکرێت. کۆماری ئیسلامی حیجاب وەک خاڵێکی سەقامگیرکردنی بەها دەستوورییەکانی خۆی دەزانێت و هەر پاشەکشەیەک لێی بە کوشندە و ناڕەوا بۆ خۆی دادەنێت. لەلایەکی دیکەوە کومەڵگە بە تایبەت ژنان سەرەڕای تێچوویەکی یەکجار، زۆر بە ئیرادەتر لە پێشوو لە دژی ئەم حوکمە حکوومەتییە ڕێژیم خەبات دەکەن.

نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە ئەوەی بە ململانێی دژی حیجابی زۆرەملێ ناو دەبرێت زۆر فراوانترە لە چەمکێکی سادەی ئایینی کە پێی دەگوترێت حیجاب. ئەوپەڕی کاڵفامییە ئەگەر کەسێک خەیاڵی ئەوە بکات هۆکاری ئەو هەموو توندوتیژی و هەراسانکردن و زیندانیکردن لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ڕێزگرتن لە حوکمێکی شەرعی و دینییە! حوکمێکی ئایینی و شەرعی کە مشتومڕی زۆری لەسەرە و تەنانەت چەندین جار لەلایەن زۆرێک لە ئاخوندەکانی نزیک لە دەسەڵاتەوەش ڕەخنەی لێ گیراوە ! حیجاب بۆ کۆماری ئیسلامی هەمان ڕووخانی دیواری بێرلینە! دارمانی دۆمینەی نۆرم و بەها درۆیینەکان کە کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە لە پشتیەوە خۆی حەشارداوە! بەدڵنیاییەوە ئەگەر کەسێک هەر ئەمڕۆ بەڵێنی بە کۆماری ئیسلامی بدا خەڵکی ئێران بە لابردنی یاسای حیجابی زۆرەملێ ڕازی دەبن و هیچی تریان گەرەک نییە، ڕێژیم هەر ئەمڕۆ لەم یاسایە پاشەکشەی دەکرد!

هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل وەک کاردانەوە بە کوشتنی چەندین فەرماندەی ڕێکخراوی تێرۆریستیی سوپای پاسداران لەلایەن ئیسرائیلەوە دەتوانرێت وەک تازەترین بەشی چیرۆکی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و حکوومەت ناو ببرێت. کاتێک دوای ماوەیەکی زۆر پڕۆپاگەندە و هەواڵ بێبنەما و قیژەوهەرا و لێدوانی یەک لە دوای یەک بۆ وەرگرتنی تۆڵەیەکی سەخت لە ئیسرائیل, هەموو شتێک بە هاویشتنی چەند مووشەک کە زۆرینەیان تەنانەت نەگەیشتنە ئیسرائیل کۆتایی پێ هات. جگە لە فەزیحەی مووشەک و درۆنەکان کە بۆ ماوەیەک بوون بە بابەتی نوکتە و گاڵتەکردنی بەشێک لە میدیاکانی ناوچە وجیهان، پێویستە ئاماژە بە کاردانەوە سەرنجڕاکێشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بکەین. ئەو کاردانەوەیەی کە هەر لە یەکەم ساتەکانی دەسپێکی ئەم شانۆ گاڵتەجارییە بە دروستکردنی سەدان بابەت و ڤیدیۆ و نوکتە بۆ گاڵتەکردن تەواوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی گرتەوە و هاتە سەر لوتکەی ڕووداوەکان! کۆماری ئیسلامی کە هیوادار بوو بە نواندنی ئەم شانۆیە لانیکەم بەشێک لە کۆمەڵگە لەگەڵ خۆی هاوڕێ بکات، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، ڕووبەڕووی بارودۆخێکی زۆر ئالۆز بوو. چڕیی ئەو لێشاوە ئەوەندە گەورە بوو کە سازمانی ئیتلاعاتی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسداران لە کاردانەوەیەکی بێوێنەدا هەڕەشەی لە خەڵک کرد کە هەر چەشنە سووکایەتی کردن و گاڵتەکردن بەم

هێرشە، تاوانە و بەتوندی مامەڵە لەگەڵ تاوانباران دەکرێت!

ئێستا دەتوانین بڵێین خەڵک و دەسەڵات بەتەواوی لە یەکتر جیابوونەتەوە و لە دوو بەرەی جیاواز ڕووبەڕووی یەکتر سەنگەریان گرتوە! شەڕی نێوان خەڵک و دەسەڵات چووەتە قۆناغی خەباتی ئایدیۆلۆژییەوە، ئێستا لە چاوی خەڵکەوە، هەر کەس و هەر شتێک کە لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدایە دوژمن و چەوتە و، هەرکەس و هەرشتێک کە دژایەتیی کۆماری ئیسلامی بکات، دۆست و هاوپەیمان و باشە!

دوای گەندەڵیی سیستماتیک و قەیرانی مەشروعیەت کە بوون بە هۆکاری بۆشایی نێوان خەڵک و حکوومەت، ئێستا دوا ئەڵقەی زنجیری پەیوەندی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ خەڵک پساوە و ڕێژیم لە لێواری هەڵدێرە. ڕەنگە با و بارانێک بێتە کۆتاییهێنەری ئەم ڕەشاییە و سڕینەوەی ئەم پیساییە لە مێژوو. بایەک لە هەناسەی هەزاران فەقیر و هەژاری بندەستی کۆماری ئیسلامی و بارانێک لە فرمێسکی هەزاران دایکی خەمگین کە ڕۆڵە قارەمانەکانیان بوون بە قوربانیی دڵڕەقیی و دڵڕەشیی دیکتاتۆری پیر! دووانەی خەڵک و دەسەڵات ئاخرین ئاڵقەی ئەم چیرۆکە تاڵەیە! هەنگاوێک هەتا دارمان!

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# شۆڕشێکی دیکە



**ناسر ساڵحیئەسڵ**

هانا ئارێنت، فەیلەسوفی ئاڵمانی لە کتێبی بەناوبانگی شۆڕشدا دەنووسێت: تەنانەت لەو وڵاتانەی جارێک شۆڕش کراوە، دووبارەبوونەوەی شۆڕشێکی دیکە، بە هۆکار و میتۆدی دیکە، دوور لە چاوەڕوانی و ژیری نییە.

زۆر جار بیستوومانە دەڵێن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەسەڵات و حوکمرانییەکەی، بە هەمان شێوەی کە گەلانی ئێران نیزامی پادشایەتیی پەهەلەوییان ڕووخاند، لەدەست نادەن. بە واتایەکی دیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئەزموونوەرگرتن لە ڕووخانی سیستەمی پاشایەتیی پەهەلەوی، هەموو ڕێگاکانی شۆڕشی بە ڕووی گەلانی ئێران داخستوە. بۆ نموونە دەڵێن، ئەگەر سیستەمی حەمەڕەزاشا بە دروستکردنی فەزای سیاسیی کراوە لە مانگەکانی کۆتاییدا ڕێگەی بۆ دارمانی دەسەڵاتدارییەکەی خۆش کرد، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی لە کرانەوە و دروستکردنی فەزایەکی کراوەی سیاسی دەپارێزێت! بەڵام ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە شۆڕشەکان بەپیی سەردەم، وەک لافاوێک وان کە دواجار ڕێگایەک بۆ تێپەڕین دەدۆزنەوە. جگە لەوەش ئەزموونی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەوە دەردەخا کە هۆکارەکانی شۆڕش لە ئێران لە هەموو جیهان جیاواز و سەرسوڕهێنەرتر بوون. بۆ نموونە نەدەکرا هیچ تیئۆریسیەنێک پێشبینیی ئەوە بکات کە حکوومەتێکی

بەڕواڵەت بەهێز بە سوپای پێنجەمی جیهان و چەکی پێشکەوتوو و گەشەسەندنی ئابووری بەرچاو، بەو خێراییە داڕمێت. هەروەها با لەبیرمان نەچێت کە ئێران یەکێکە لەو وڵاتە دەگمەنەنانەی جیهان کە لە یەک سەدەدا دوو شۆڕشی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینیوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە سەرچاوەی هەموو شۆڕش و ڕاپەرینەکان ئیرانی پرسی و ئیتنیکی و ئایینزایی، پرسی سیاسی و نەتەوایەتی و کێشە و قەیرانە چارەسەرنەکراوەکانی کۆمەڵگەی گەلانی ئیران بووە. کەوابوو هیچ شۆڕشێکی گەلانی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئیرانەوە نەسەپێندراوە و گەلانی ئیران خۆیان داینەمۆی شۆڕشەکان بوون. هەر بۆیە بیستنی درەنگی دەنگی شۆڕشی گەلانی ئیران لەلایەن دیکتاتۆرە سەرەڕۆکانەوە برینەکانی سارێژ نەکردوە، چونکە ڕاپەرین و نارەزایەتییەکان چەکی دەستی گەلانی ئێران بۆ گۆڕینی شێوازی حوکمڕانی ئێران لە سیستەمێکی ستەمکار و نادێموکراتیک بۆ سیستەمێکی دێموکراتیک بووە کە دیارە هێشتا بەدی نەهاتوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک دیکتاتۆرەکانی پێش خۆی، لە مێژووی سیاسیی شۆڕشەکانی گەلانی ئێران ئەزموونی وەرنەگرتوە و دەیهەوێت بە فرتوفێڵ و سەرکوت و خەفەقان، گرتن و زیندان و ئیعدام وا بنوێنێ هەموو ڕێگاکانی شۆڕشی بە ڕووی گەلانی ئێراندا داخستووە. بەڵام ئەوە لە کاتێکدایە کە هەم پرسی نەتەوەیی کورد و هەم پرسی سیاسی نەتەوەکانی دیکەی ئیران هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانیانەوە تا ئیستا بە چەندین قوناغی جۆراوجۆردا تێپەڕ بوون و شۆڕشی گەلانی ئیران هەر جارە و بە شێوەیەک و ڕووخسارێکی جیاوازەوە دەرکەوتووەتەوە. هەروەها گەلانی ئیران ئامراز و کەرەسەی جۆراوجۆریان بە کارهیناوە و مەیدان و گۆرەپانی جۆراوجۆری ڕاپەرینیان تاقی کردووتەوە تا ڕاپەرین و نارەزایەتی و شۆڕش بەردەوام بێت. هەر بۆیە بەو لێکدانەوە و خوێندنەوەیە لە مێژوویی سیاسی ڕاپەرین و شۆڕشی گەلانی ئیران بەو ئامانجە دەگەین و دەرکەوتە و لێکەوتەکانی شۆڕشی ژیناش دەرخری ئەو ڕاستییەن کە شۆڕش تاکەڕێگا بۆ تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

لە سەردەمی تەقینەوەی زانیاری و ئینترنێتدا، شۆڕش، نارەزایەتی و ڕاپەرین، کات و ساتی دیاریکراوی نییە. ئەگەر لە سەردەمێکدا ڕۆژنامە و ڕادیۆ ڕەگی حەیاتی خەبات و شۆڕشی نەتەوەیەک یان ڕەوتیکی سیاسی بووە، ئیستا لە جیهانی پێوەندییە خێراکاندا، سۆشیاڵمیدیا ڕەگی حەیاتی خەباتی هەر گەل و نەتەوەیەکە. بۆیە لە سەردەمی ئێستادا نەوەی نوێی گۆڕانخوازی گەلانی ئێران بە گۆڕینی ڕێکخستن، هەڵسوکەوتی سیاسی، کەلکوەرگرتن لە وزەی خەباتگێری بە چەشنێک کە زیاترین پتانسییەلی شۆڕشگێرانە و توانستی سیاسی لە جەستە و میشکی تاک و کۆی کۆمەڵگەی گەلانی ئێراندا و بە گوتار و ڕێکخستنی سەردەمیانە؛ لە کاتوساتی پێویستدا ئەو پتانسییەلە جەماوەرییە دەبێت بە بە جوڵە و دینامیزمی شۆڕش و خەباتیکی بەربڵاوی جەماوەری بۆ گۆڕینی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بە سیستەمێکی ئەمڕۆیی و دێموکراتیک. کەم ڕووەوە لە

ئێستادا خەباتی نەوەی نوێی گەلانی ئێران لە دوو قۆناغدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە:

**یەکەم**: ماتەوزەی وەجووڵە خستنی حیزب و ڕێکخراوە و بزاڤی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان.

**دووهەم**: ماتەوزەی وەجووڵە خستنی شەقامی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی شار.

کەوابوو ڕاپەرین و شۆڕش لە سەردەمی پێوەندییە خێراکاندا، پێوەندیی حیزب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و بزاڤە کۆمەڵایەتیەکانی شار پێوەندییەکی دوو لایەنەیان پێکەوە هەیە. واتا حیزب و ڕێکخراو لەلایەکەوە وزە دەبەخشن بە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی شار و لە لایەکی دیکەوە وزە لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی شار وەردەگرن و لەم ڕیگایەوە بە باشترین شێوە سەرمایەی هەمەلایەن و هەمە چەشنەکان دەبن بە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە. هەروەها ئەگەر جاران لە مێژوویی سیاسی ڕاپەرینی گەلانی ئێراندا زۆر جار نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لەگەڵ یەکتر یان لەگەڵ ناوەندی ئێران هاوکات و هەماهەنگ نەبووە و نارەزایەتییەکان ناوچەیی و جیاجیا بووە. بەڵام لە ئێستادا پرسکە ئەوەیە کە دەتوانین بڵێن کە نەوەی نوێ گەلانی ئێران بەو ئاستە لە خودئاگایی و وشیاری گەیشتوون کە بە هەماهەنگی و یەکیەتی و یەکگرتوویی شۆڕش و ڕاپەرینی جەماوەریی گەلانی ئێران ڕێک بخەن و بەڕێوەی ببەن.

بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بەو باسە ئەوەیە کە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت پاش پاوانکردنی جومگەکانی دەسەڵات لەلایەن ڕێژیمی خومەینییەوە لەچاو ناوچەکانی ناوەندی ئێران خوێندنەوەی هەڵەی بۆ کراوە. چونکە ڕاپەرین و شۆڕشی خەڵکی کورد لە چاو بەشێک لە ناوچەکانی ناوەندی ئێران جیاواز بووە و ئەمەش ئاساییە. چونکە لە کوردستان هەڵاواردنە نەتەوەیی_ ڕەگەزی و مەزهەبی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، وای کردوە کە داواکاری و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ داخوازییەکانی ناوچەکانی ناوەندی ئێران جیاواز بن. بەڵام لە هەمان کاتدا لەلایەک بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە دروشمی ستراتیژی خۆیدا دێموکراسی بۆ ئێرانی پێش داواکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆی خستوە؛ هەروەها لەلایەکی دیکەوە لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، هەموو نەتەوە و ئیتنیک و ئایینزاکانی گەلانی ئێران لە دۆخیکدا دەژین کە نەک هیچ ڕۆڵێکیان لە بەڕێوەبەری و مودیریەتی کەڵان و کاروباری ئێراندا نەبووە و نییە، بەڵکوو بە شێوەی سیستەماتیک سەرکوت دەکرین و لە هەموو مافە سیاسی و یاساییەکان بێبەش کراون. هەر بۆیە بەداخەوە گەلانی ناوەندی ئێران لە سەرەتای دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هیچکات بە هانای خەڵکی ڕاپەریوی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەهاتوون و پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی ئێرانیان لە دەرەوەی پرس و داخوازییەکانی خۆیان زانیوە و بە نیسبەت بە زوڵم و سەرکوتیک لە کوردستان و

ناوچەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە بەرەورووی خەڵکی ڕاپەڕیوی کورد، بلوچ و عەرەب و تورکمن بۆ بێدەنگیان هەڵبژاردوە.

بەڵام بە شاهیدی مێژوو، ئەزموونی خەباتی شاری خەڵکی کورد، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا لە نەورۆزی خوێناوی شاری سنە و کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان، لە پەنا خەباتی پڕ لە شانازیی چەکداری، توانییان لە جومگەکانی خەباتی شار وەک دەرفەت و زەرورەتێک بۆ داوا و ویستە سیاسی و نەتەوەییەکانی کەڵک وەرگرێت. خەباتی شار لە قەوارە و شێوازی جۆراوجۆری وەک: پێکهێنانی هەیئەتی حۆسنی نییەتی گەلی کورد بۆ وتوویژ، بەشداریی کردنی گەلی کورد لە یەکەم هەڵبژاردنی مەجلیسەکانی شورای ئیسلامی و خوبرەگانی نووسینەوەی یاسایی بنەڕەتی، خۆیی دەرخستوە. هەروەها لە سێ دەیەی ڕابردوودا نارەزایەتییەکانی گەلی کورد لە شێوە و جۆرەکانی وەک مانگرتنەکان و نارەزایەتییەکانی سەر شەقام مانادار و پەیامدار بوون. ئەوە مانادار بوون و پەیامداربوونی خەبات و ڕاپەرینی خەڵکی کوردە کە کوردستان لەلایەک بۆتە مەکۆی خەباتی شار لە ئاستی ئێراندا و لەلایەکی دیکەوە بۆتە چاو و چرا گەلانی ئێران. خاڵێکی زۆر گرینگ و بەهێزی دیکە ئەوەیە کە ڕێبەران و خەباتگێڕان و چالاکانی مەدەنیی کورد لەو تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییان بەئامانج گرتوە، چونکەی پرسی کورد و پرسی دێموکراسی و مافی نەتەوە و ئێتنیک و ئایینزاکان لە ئێراندا قوڵتر لەو شەڕەیە کە کە باڵە جیاوازەکانی حکوومەت بۆ مانەوە لە دەسەڵات سازیان کردوە و هەر دوو باڵەکە نیشانیان داوە کە لە کاتێکدا دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە وەک پرۆژەیەکی ئەمنییەتی لە خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوە و ئێتنیک و ئایینزاکانی ئێرانیان زانیوە.

هەر بۆیە لە شۆڕشی ژینا، بێ جیاوازی لەلایەن هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران و بە تایبەت لەلایەن نەوەی نوی شۆڕش و ڕاپەڕین، لە زۆربەی شارەکانی ئێران، لە ڕاپەڕین و شۆڕشی ژینادا بەشدارییان کرد و کوردستان بوو بە دەروازەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران. هەروەها هەماهەنگی و یەکیەتی و یەکگرتوویی گەلانی ئێران بە جۆرێک بوو، کە هەر جۆرە ڕەواییەکی لە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سڕییەوە وتا ڕادەیەکی زۆر کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کەوتنە قەیرانی ڕەوایی دەسەڵاتدارییەوە. قەیرانی ڕەوایی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردنی ١١ ڕەشەممەی زستانی ڕابردوودا گەیشتە چڵە پۆپە و هەر بەو خوێندنەوە و لێکدانەوەیە زۆری نەماوە لە داهاتوودا ئەو هەوڵانە بە ئەنجامێک بگا و کۆتایی بە زوڵم و زۆرداری کۆماری ئیسلامی بێت.

دوا وتە ئەوە کە بەردەوامی ڕاپەڕین و شۆڕشی ژینا، دەری دەخات کە هێزی ڕاپەڕیو و جەماوەری گەلانی ئێران لە هێزی

سەخت و نیزامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەهێزتر و دەنگدارترە. هەر بۆیە گەلانی ئێران تا گەیشتن بە شۆڕشێکی دیکە بە ئامانجەکانی شۆڕشی ژینا وەفادارن.

١٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# "پرۆژەی نور" و نەگۆڕیی دیکتاتۆر




ئەلبورز ڕوویین‌تەن

دوای ئەوەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە کوردستان لەو پەڕی گەورەیی و شکۆدا بەڕێوە دەچوو، و بە تایبەتی لە کوردستان داواکان هەر زوو لە دژایەتیی پولیسی ئەخلاقەوە بۆ دژایەتی تەواوی ڕێژیم گۆڕابوون و؛ تەنانەت شۆڕش بە ڕەنگی ناسیۆنالیستی و نێوەڕۆکی کوردایەتی بەردەوام بوو؛ هەر ئەوکات دەنگۆی ئەوە داکەوتبوو کە ڕێژیم ئیتر دەست لە گۆشاری خۆی بۆ بە زۆر داپۆشینی ژنان هەڵدەگرێ. واتە ئیتر ژنان تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانن بە دڵخوازی خۆیان لیباس لە بەر بکەن و تەنانەت ئەم دەنگۆیە کەم یا زۆر دیار و تا ڕادەیەکیش کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی چالاکییەکان لە دەرەوەی کوردستان و بە تایبەتی لە تاران دانا.

لە کاتێکدا هەتا ئێستاش شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە کوردستان و بەتایبەتی لەسەر دەستی بنەماڵەی شەهیدان بەردەوامە، لە کاتێکدا حوکمی سێدارەدانی چالاکانی ئەو شۆڕشە یەک لە دوای یەک جێبەجێ دەکرێ و هاواری دایکانی زیندانییەکان گوێی ویژدان کەڕ دەکا بەڵام ناچێت بە گوێی دیکتاتوردا، لە کاتێکدا هەزاران زام و ناسۆری ئەو شۆڕشە کراوە و بەسوێن، ڕێژیم بە هەموو توانای خۆیەوە بە دوای جێبەجێ کردنی پرۆژەی "نوور"ە کە بەگوێرەی ئەو پرۆژەیە هێزەکانی ڕێژیم بەگژی

بێحیجابەکاندا دەچنەوە تا بە چارەنووسی ژینا ئەمینییان ببەن.

ئەوەی ئەمڕۆ لەژێر ناوی پرۆژەی نور دەبینین وانەیەکی یەکجار زۆر گرینگی تێدا کە پێویستە هەموو لایەک وەبیری خۆیان بێننەوە. ئەو وەبیرهێنانەوە نەک بۆ ئەمڕۆ بەڵکوو بۆ سبەیش زۆر پێویستە، ئەویش وانەی نەگۆڕی دیکتاتۆرەکان لەسەر ئەو بنەمایانەیە کە باوەڕیان پێیە، ئەویش پاشگەزنەبوونی دیکتاتورەکان لە کردار و گوتارەکانیانە، چونکە دەترسێن بە هەڵگرتنی یەکەم هەنگاوی پاشگەزبوون بەردەوام بێ تا نەمانیان، تەنانەت لەو کاتانەی کە لە ترسی نەمانیان ناچار بە هەندێک هەنگاوی بەرەو دواوە دەبن، لە یەکەم هەنگاوی نەمانی ئەو ترسە گەڕانەوەیانە بۆ دۆخی هەمیشەیی کە باوەڕیان پێیە دەگرنە بەر.
ئەو وانەیە لە جەختکردنی ڕێژیم لەسەر حیجاب زۆر دیارە، چونکە هەموو دونیا و خودی ڕێژیمیش باش دەزانن کە حیجاب ئەسلەن هەر بەڕێوە ناچی، تەنانەت لەو شوێنانەی هەشە ڕووکەشێکە، ئەو کراوەیی لەنێو کۆمەڵگەی ئێرانی هەیە لە زۆر کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییشدا نییە، بەڵام ئەوەی ڕێژیم بە ناوی پرۆژەی نوور دەیهەوێ بیکات ئەوەی کە نیشان بدات ڕێژیم هەنگاو بەرەو پاشەوە هەڵناگرێ، ڕێژیم بۆ ترساندن و توقاندن پرۆژە بۆ بە زۆر داپۆشینی حیجاب دادەنێ بۆ ئەوەی بڵێ هێزی من ماوە و بەردەوامە.
لە لایەکی دیکە ئەو وانەیە نیشان دەدات ڕێژیم ناگۆڕێ و ناشتوانێ بگۆڕدرێ. لەو ڕۆژەی هەبووە چۆن بووە بەو شێوەیە بەردەوام دەبێ یا نامێنێ، لەوانەی هەر زوو ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە بۆ ئێستاش کەس باوەڕی بە ڕێژیم یا گۆڕانی ماوە، دەکرێ بڵێم هەن چونکە ساڵانێکی زۆر خەڵکێک پێی وابوو ڕێژیم دەتوانن بگۆڕن، کەسانێکی زۆر ئێستاش بە دوای ئەوەن ڕێژیم بە جورێک بە دڵی خۆیان بگۆڕن بۆ ئەوەی بتوانن خاوەن دەسەڵات بن، یا ئەوانەی باوەڕیان بە هێزی خەڵک نییە بەدوای ئەوەوەن بڵێین ڕێژیم بەهێزە و دەمێنێ. بەڵام هەر وەک جین شارپ دەڵێ "نە دیکتاتۆرەکان ئەوەندە بەهێزن کە ئەوان پێیان وایە، نە خەڵک ئەوەندە لاوازن کە بیری لێ دەکەنەوە" ئێمە ئەو ڕاستیە دەتوانین بەباشی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ببینین، چونکە ڕێژیم هەر بە خۆی سەلماندوویەتی کە چەندە لاوازە و خەڵکیش لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا دەریخست کە چەند بەهێزە.

هەر بۆیە ڕێژیمی دیکتاتور هیچ کاتێک یەک هەنگاو لە بەرژەوەندیی خەڵک هەڵناگرێ و لە هەموو کردەوە دژە مرۆڤانەی خۆی بەردەوام دەبێ چونکە مانی ڕێژیم بەو شێوازە بەڕێوەبردنەوە مومکینە، لە بەرانبەریشدا خەڵکیش مکورە کە ڕێژیم نابێ بمێنێ، هەر وەک ویکتور هۆگۆ دەڵێ "ئەگەر دیکتاتوری ڕاستییەکە کە هەیە، ئەو کات شۆڕشیش مافە."

١٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# لێدان له کەرامەتی مرۆڤ




**شەماڵ تەرغیبی**

هەموو کەسێک مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەیە و ئەم مافە بریتییە لەوەیکە هیچ کەسێک ترسی لەوە نەبێ کە خاوەنی جۆرە بۆچوونێکی جیاوازە و دەتوانێ بە ئازادانە باسی لێوە بکات و لە هەمان کاتیشدا بۆ وەرگرتنی زانیاری و بۆچوون و هەروەها بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەدان پێی دەستی بە هەموو جۆرە کەرەستەیەکی پێویست ڕا بگات.

(مادەی ١٩ لە مەنشووری جیهانی مافەکانی مرۆڤ)

ڕێکخراوی جیهانی ڕیپۆرتێرانی بێسنوور لە پلەبەندی ئازادیی ڕاگەیاندن لە ساڵی ٢٠٢٤دا کە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٤ی بانەمەڕ بڵاوی کردەوە هۆشداری داوە لە حاڵێکدا کە نیوی حەشیمەتی جیهان، ئەمساڵ لە چوارچێوەی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، گوشارە سیاسییەکان بۆ سەر میدیا و ڕاگەیەنەرە جیهانییەکان بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە بارودۆخی ئازادیی ڕاگەیاندن لە ٣٦ وڵاتی جیهان "زۆر دژوار" و لە ٦٠ وڵاتی دیکە زۆر "ئاڵۆز" وەسف کراوە و تەنیا لە ٨ وڵاتی جیهاندا دۆخی ڕۆژنامەوانی باش و جێگەی پەسند بووە. لەم ڕاپۆرتەدا ناوی ئێران وەک یەکێک لە خراپترین وڵاتەکان لە بواری ئازادیی ڕاگەیاندندا تۆمار کراوە و لە کۆی ١٨٠ وڵاتی جیهان پلەی ١٧٦ی وەدەست هێناوە؛ بەجۆرێک کە تەنیا وڵاتانی سووریە، کۆرەی باکوور، ئەفغانستان و ئێریترە دۆخیان لە ئێران خراپتر بووە.

لە بەشێکی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: "پێوەری سیاسیی پلەبەندیی ئازادیی ڕاگەیەنەکان لە ساڵی ٢٠٢٤ لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە حاڵی دارماندایە و زۆربەی شارەزایان و چالاکانی بواری ڕۆژنامەوانی لەم وڵاتانە و یەک لەوان لە ئێران لە زینداندان و سەرکوتکارییەکان بەرامبەر بەم توێژەی کۆمەڵگە هەم بەردەوامە و هەمیش بەرەوامە لە پەرەسەندن."

باسکردن و ئاوڕدانەوە لەم ڕاپۆرتە لەڕاستیدا بیانوویەکە بۆ ئەوەی بپرژێینە سەر بابەتێکی قووڵتر، گرینگتر، هەستیارتر و بنەڕەتیتر کە تاکوو چارەسەر نەبێ، ئەوا دەبێ بەردەوام گوێبیستی ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە ببین.

پڕئاشکرایە کە هیچ چین و توێژێک لە کۆمەڵگەی ئێراندا بوونی نییە کە چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و چ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ وەبەر تێغ و شمشێری سەرکوت و فەوتانی کۆماری ئیسلامی نەکەوتبێ؛ هەر لە قوتابی قوتابخانەوە بگرە تاکوو مامۆستای قوتابخانە، هەر لە مامۆستای ئایینییەوە بگرە تاکوو کەسانی باوەڕمەند بە ئایینزا جیاوازەکان، هەر لە بازاڕی و کاسبکارەوە بگرە تا دەگاتە خاوەن سەرمایە و کارگەکان، هەر لە پزیشک و ئەندازیارەوە بگرە تا دەگاتە خوێندکاری زانکۆ و ڕۆژنامەوان و بەگشتی ئەوەیکە ناوی مرۆڤە و لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەژی، بێ هیچ دوودڵییەک وەبەر پەلاماری ئایدیۆلۆژیای سەقەت و ناسەردەمییانەی جەماران کەوتووە.

ڕەنگە لە یەکەم کاردانەوەدا ئینسان ئەو پرسیارەی بۆ دروست ببێ کە چۆن دەکرێ کەسانێک کە خاوەنی سەرمایەن و پشتگیری یاساییش دەکرێن بەڵام بووبێتنە بەشێک لە قوربانیانی دەستی دەسەڵات؟! یان کەسێک کە پزیشکە و خاوەن ژیان و گوزەرانێکی تا ڕادەیەک باشتر لە خەڵکی ئاسایییە چۆن قوربانییەکە لەحاڵێکدا کە ئێمە دەبینین لە ئاستی شارەکاندا خەڵکانێکی زۆر تووشی دیاردەگەلی جۆراوجۆری ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتین؟!

لەڕاستیدا بۆ وەڵامدانەوە بە ئەم پرسیارە کە خاڵی جەوهەری ئەم ڕوانینەشە، دەتوانین بڵێین ئەوەیکە لە دەسەڵاتی

ئۆلیگاریشی کۆماری ئیسلامیدا تاکوو ئێستە بینراوە بریتی بووە لە بە ئامانجگرتنی کەرامەتی مرۆڤەکان لە هەموو شکڵ و شێوازێکی خۆیدا؛ بێ لەبەرچاوگرتنی پیشە، تەمەن، باوەڕ، ئایین و ئایینزا و جێگەوپێگەی کۆمەڵایەتییان. کۆماری ئیسلامی بەو هۆیەوە کە باوەڕی بە ماف و کەرامەتی مرۆڤ نەبووە و نییە بەردەوام و لە هەر بەستێنێکدا کە بۆی ڕەخسابێت یان بۆی بڕەخسێت هەوڵ دەدات مرۆڤەکان تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بە ئامانج بگرێت و سووکایەتییان پێ بکات؛ نەک هەر مرۆڤەکان کە تەنانەت ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی دیکەش بەشێکن لەو سەرقاڵییەی کە بۆ دامرکاندنی هەستە سادیستییەکانی کەڵکاوەژوویان لێوەردەگرێ.

بە ڕوانینێکی سادەتر کاتێک سەربازانی ئەم ئەهریمەنەی زەمانە بێبەزەییانە بەر دەبنە گیانی دار و دارستانەکان و ئاگریان دەدەن، کاتێک ئاژەڵە بەستەزمانەکان دەکوژن و لەنێویان دەبەن، کاتێک مرۆڤەکان زۆر بە ئاسانی وەبەر فیشەکی ڕق دەدەن و دەیانکوژن یان پەتی سێدارەیان بۆ هەڵدەخەن، کاتێک ژنان لەسەر شەقامەکان دەگرن، بێڕێزییان پێدەکەن، لە زینـدانیان دەخەن، کاتێک قوتابییان دەکەنە ئامانج و ژەهراوییان دەکەن، کاتێک مامۆستایانی قوتابخانە نانبڕاو دەکەن یان بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە دەیانهەوێ ڕێگری لە بیرکردنەوە و پەروەردەی دروستی سەردەمییانەیان بکەن، کاتێک خاوەنی سەرمایە دەخەنە نێو تۆڕی گەندەڵی و هانی دەدەن کە کرێکار و چینی کەمداهاتی بەردەستیان بچەوسێننەوە و دیهەکە کەمداهاتەکانی کۆمەڵگاش ڕەوانەی بازاڕی کۆکردنەوەی زبڵ دەکەن و بە پانەوە سەرقاڵی هەڵلووشینی سامان و داهاتی گشتی وڵاتن بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتڕا یەک شتی بۆ ئامانجە؛ ئەویش لێدانی کەرامەتی مرۆڤەکانە. ڕێکاوڕێک ئەو شتەی کە خۆیان نییانە و چاویان بەرایی نادات خەڵکانی دیکەش هەیانبێت.

جا لەم نێوانەدا ئەو کەسانەی کە بیانهەوێ لەقاوی ئەو کرادرانە بدەن و ڕای گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە یان هانی خەڵک دەدەن کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە تێفکرینە ببنەوە لەڕاستیدا زیاتر دەکەونە بە غەزەبی نوێنەرانی خودا لە سەر زەوی بۆیە ڕاپۆرتگەلی لەم چەشنەش بڵاو دەبێتەوە و ئێران دەبێتە یەکێک لە ١٠ وڵاتی یەکەمی جیهان لە بواری پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربرین.

١٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# شێعراندنی ژینا و ڕازاندنەوەی ژین



د. هاشم ئەحمەدزادە

ئەوکاتەی ئەرەستو لە ڕووی مامۆستاکەی وەردەگەڕا و بە شێعرییەتەکەیەوە بونیادی کۆماری مامۆستای هەڵدەتەکاند، کێشەیەکی لە لاساکردنەوەدا نەدەبینی و تاوانی نەکردەی شاعیرانی بەرپەرچ دەداوە و دژی ڕاونانیان لە بەهەشتەشاری ئەفلاتونی دەوەستاوە، بەردی بناغەی باوەڕێکی دادەنا کە چەند هەزارەیەکیش دواتر هەر لە برەودایە. ئێستاش لە سەرەتاکانی هەزارەی سێهەمدا هیچ بوارێکی ژیانی ئەدەبی نییە بەدوای ئێکسیری جوانیدا نەبێت و بۆ ئەوەی سەرێکی لەنێو سەراندا هەبێت چارەیەک جگە لە پەنابردن بۆ زمانی شێعرییەت شک نابات. ئێستا ئاوی حەیاتیش بێ زمانێکی شێعرییانە نافرۆشرێت و هیچ کەلێنێکی ژیان بێ مەرهەمی سیحری زمان پڕ نابێتەوە. ئێستا ئیتر بۆ باوترین ژانری سەردەمیش کە ڕۆمان بێت، ئەوە زمانێکی شێعرییە کە پێشوازیی خوێنەران مسۆگەر دەکات. ئێستا هیچ پەیامێک بەبێ زمانێکی بەرزی شێعری ناگاتە ئەنجام و ئامانج ناپێکێت.

شۆڕشی ژینا سێرەی لە نەزمی باوی کۆمەڵگە گرت و سەرتاپای پێکهاتەی باوکەمەزنانەی کردە ئامانجی بەرخۆدانی خۆی. شۆڕشی ژینا دروشمی "بەرخۆدان ژیانە" دەکات بە ڕاستییەکی هەردەم ئامادەی کۆمەڵگەی کوردی. بێگومان شۆڕشێکی ئاوا

هەمەگیر، ناتوانێت کاریگەرییەکی ڕوونی لە ئەدەبی وڵاتی ژینادا نەبێت. "ئاکۆ ئەلیاسی" لەم کۆمەڵە شێعرەی بەردەستتدا بەپیر شێعراندنی شۆڕشی ژیناوە چووە و تەمای ڕازاندنەوە و جوانکاریی ژین هانی داوە ژیان و شێعر دیسانەوە ئاوێتەی یەکتر بکاتەوە و لە ڕێڕەوی مێژوویەکی دووردا ئاگری ئەم شۆڕشە بگەشێنێتەوە و داهاتوو لێوڕێژ بکات لە ڕووناکی و جوانی. سروشتی جوان و ئاگرینی شۆڕشی ژینا لە هەناوی خۆیدا نەمامی شێعری ناشتوە و ئاکۆ بە شێعراندنی دەقی بەسەرهاتی ژینا بووەتە باخەوانی باخی بەپەرژینی ژیان. لە دنیای هزریی ئەم سەردەمەدا مێژوو شتێک نییە جگە لە دەقێکی کراوە و دەقیش شتێک نییە جگە لە پاژێکی مێژوو. ئەوکاتەی دەق نوێنەرایەتیی مێژوو دەکات و مێژوو لە دەقێکدا خۆی دەنوێنێتەوە، زمانی شێعر زیاتر لە هەر هێمایەک ڕەمز و ڕازی ئەم پێوەندییە دیالێکتیکییە مسۆگەر دەکاتەوە. هەندێ جار دەقێک لە دڵی جەماوەرەوە سەرچاوە دەگرێت و خۆڕسکانە دەڕژێتە گەرووی مێژووەوە و لەوپەڕی جوانێتیدا دەینووسێتەوە. ئەو ڕستەیەی لە شۆڕشی ژینادا بوو بەو دەقەی ئەم ئەرکە مێژوویە بەجێ بێنێت، زۆر خێرا هەموو کوردستان و ئێران و بگرە جیهانیشێ تەنییەوە. ئەمەش دیسانەوە ڕاستییەکی دیرۆکی سەلماندەوە کە هەندێ ڕستە بارتەقای کتێبێکی قەبە کاریگەرییان لەسەر سەردەمی خۆیان هەیە و بۆ سەردەمانی دیکەش دەبن بە هێمایەکی مانا. هەندێ چرکە لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەبنە چەقی گێڕانەوە. سەرەتاتکێی نووسین هی دەسەڵاتداران بوو. ئەوان یەکەم نیشانەکانی نووسینیان لەسەر بەردەکان هەڵدەکۆڵی. هەندێ لەو بەردانە دوای چەند هەزارساڵێک هێشتا وەک ڕەمزی ژیارە کۆنەکان پارێزراون. ئەو بەردەی ڕەمزییەتی ناوی ژینای کردە دیارییەکی مێژوویی، ئێستا بووەتە هێمای هەرمانی هاوارێکی نوێ بۆ ئازادی. بەستێنێکی ئاوا شاعیرانە ناتوانێت ڕێی نەکەوێتە جیهانی شێعرەوە. ئاکۆ بووەتە باخەوانی باخی بەپەرژینی ئاواتی ئازادی. ئەگەر دەستێکی پەڕجووئاسا خۆڕسکانە بوو بە شاعیر و بە زمانی دایکیی ژینا مانەوەی ژینای لەسەر بەرد نەخش کرد، ئەوە ئاکۆ بەشێنەیی دەبێتە بەردەوامیی ئەم هەناسە شێعرییە و دڵی سەردەمانێکی پێ دەلاوێنێتەوە کە هیوا لە لووتکەدا بوو.

زمانی پڕ لە خوازە و وێکچواندنی زەنگینی ئەم شێعرانەی ئاکۆ لەم دیوانەدا، ئەستەمە سرنجی جوانیخوازانەی خوێنەر کەمەندکێش نەکات و سەرەڕای سرکبوون، دەستەمۆی ڕاڤە و تەفینەوەی ماناکانی نەبێت. ئاکۆ بۆ نەخشاندنی ڕووباری بەخوڕی پەیڤەکانی و بۆ شاهیدیی جیلوەکانی جوانی، تاوناتاوێک دەستەودامێنی ژینا، مۆژگان و زارا دەبێت. ئاکۆ بۆنی "ژینا" دەکاتە میسکی ئازادی و بەم جۆرە "ژنانی هەر هەموو دنیا" ئەم بۆنەیان لێوە دێت.

ئاکۆ، ژینا دەباتەوە نێو هەناوی مێژوو و تەنانەت ئەوکاتانەی بێ هیچ پێچ و پەنایەک ڕوو لە بەردەنگ دەکات و دەبێتە وەگێڕی ڕووداوەکان و لە زمان گیانبەختکردووانی ئێستا و دوێنێ، لە "چیا" و "شەقام"دا دەدوێت، واز لە شاعیربوونی

ناهێنێت و بە سیحری خوازە و وێکچواندنی دوور لە زەین، سەر دەسوڕمێنێ و جوانی، دەڕوێنێ. ئاکۆ لەبەر گوڕی ئاگری ژینا، زارا لەبیر ناکات. ئەو زارا لە "خورە زێیەکی ڕوون" هەڵدەکێشێت و "لە خۆرەوە" دەیڕسکێنێت و "چنگێک گزنگی" دەداتە دەست تا بیرژێنێتە "تاریکییەوە" و دواجار "هەنگستانێک" لە پەیڤ بۆ "داری پیری زمان" بئافرێنێت. هەر بۆیە شێعرەکان لە درێژەی خۆیاندا و لەبەر ڕووناکیی ئەم کناچانەی خۆر و ئاگردا، هەموو تابووەکانی دوێنێ دەشکێنن و سەرکەوتن دەخەنە گرەوی "ئەو ماچانەی، بە سۆزی بای دڵنیایی" لە یەخەی مێژوو دەدرێن.

لەو دنیا پڕ لە لەنجە و لارەی کناچەکانی خۆر و ئاگردا، کوڕانی کۆماریش پێگەی شیاوی خۆیان دەپارێزن. لێرەشدا ڕێک لەو کاتەدا کە شاعیر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هاواری "کۆمار" و وەک ئەو دەبێتەوە زارۆکی "ژێکاف" و جیهان بە ناڵە و فیغانی خۆی دەهەژێنێت، مەکینەی شێعرییەتی ئاکۆ کەم ناهێنێت و زایەڵەی هاواری شاعیرانەی هەروا دەدۆمێت و دەنگ دەداتەوە.

ڕەنگی سەرتاپێ ژنانەی "کناچەیێک لە ئاوریشمی ئاگر" درێژەی نەریتی شێعری سیاسیی کوردییە کە لە خانیی مەزنەوە ڕێچکە دەگرێت و بە دووندی کوردایەتیی حاجیدا هەڵدەزنێت و بە کۆڵانەکانی ئاوارەیی پەشێودا وێلان دەبێت و بە دالانەکانی مەرگی هاوار و هێرش و پۆلادا شۆڕ دەبێتەوە. ئاکۆ بە جوانیناسیی شاعیرانەیەوە دەبێتە درێژەی ئەم ڕێچکەیە. وێدەچێت هەستیاریی ئاکۆیش لەمەڕ چارەنووسی نەتەوەکەی وا بکات جاڕێ شێعری کوردی، نەک بە ناڕاستەوخۆیی، بەڵکوو ڕێک و ڕەوان میوانداری سیاسەت بێت و هەتا ترۆپکی ئازادی و گۆڕەپانی یەکسانی دەمێ لە هۆنینەوە نەکەوێت. ئاخر ئاکۆگوتەنی،

**"تا ئازادی**
**باڵای بەرزی خۆی لە خەمدا دەتەکێنێ،**
**جوانیی ژیانیش،**
**لەنێو کێڵگەی زامی شێعرا**
**قوربانییە."**

حەز دەکەم ئێوەش وەک من لە خەڵوەتی دەگمەنی ژیانی ئەم سەردەمەدا لەگەڵ دنیای جوانیی شێعری ئاکۆدا دەمێک میوانی "خورپە و ترپەی لێدانی دڵ" بن.

***

سەرنجی "کوردستان":

کۆمەڵە شێعری "کناچەییێک لە ئاورێشمی ئاگر" تازەترین کۆمەڵە شێعری شاعێری دیار و نوێخوازی ڕۆژهەڵات، ئاکۆ ئەلیاسی چاپ و بڵاو کرایەوە. "کناچەییێک لە ئاورێشمی ئاگر" کە شەشەمین دیوانە شێعری ئاکۆ ئەلیاسییە، لەلایەن د. هاشم ئەحمەدزادەوە پێشەکیی بۆ نووسراوە.

نێوەڕۆکی هەڵبەستەکانی ئاکۆ لەم دیوانەشێعرییە نوێیەیدا، ڕوحێکی بەرگریکارانە و داکۆکیکارانەیان تێدایە و سەرجەمی مۆتیڤی هەڵبەستەکان، لە دەوری بازنەی شۆڕش و خۆشەویستیی نیشتمان و ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان، لە ئاڵوگۆڕە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری و یەکسانیخوازەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران بەگشتیدا، دەخولێنەوە. ژن، لەم دیوانە شێعرەی شاعێردا، بوونێکی بەرچاو و چالاکی هەیە و بەگشتی کۆی ئەو هەڵبەست و قەسیدانەیە، کە بۆ شۆڕشی "ژن، ژیان ئازادی"، واتا شۆڕشی "ژینا" نووسراون.

لە کۆمەڵە شێعری "کناچەییێک لە ئاورێشمی ئاگر"، ژیان و شێعر، جارێکی دیکەش پێکەوە ئاشت دەبنەوە و لێرەدا شێعر دەستەوملانی شۆڕشێکی مەزن، بە دروشمێکی مۆدێڕنی وەک ژن، ژیان، ئازادی دەبێت و خۆشەویستیی نیشتمان و ئازادی، پێکەوە گرێ دەدرێن.

هۆنەر لەبارەی بەشداریی چالاکی ژن لەو دیوانە شێعرییەدا دەڵێ: "ژن"، لە پانتایی و دووتوێی ئەم کۆمەڵە شیعرەدا، حوزوورێکی بەرچاو، چالاک و زیندووی هەیە و ڕێ و ڕێچکەی ئەو هەڵبەستانەی کە بۆ "ژن" هۆنراونەتەوە، هەموویان بە کۆ، دەگەڕێنەوە بۆ بیر و بیرۆکەی دروشمی هۆمانیزم و یەکسانیخوازیی و مۆدێرنی "ژن، ژیان، ئازادی"، کە دیارە دواتر بوو بە وێردی سەر زمانی هەموو ئازادیخوازانی جیهان. لە ڕاستیدا، شۆڕشە مەزنەکەی ژینا، سەرەڕای ئەوەی کە هەڵگری کۆخەمی گەورەی ژنان بوو، لە هەمان کاتیشدا، هەیبەت و هەیمەنەی کۆشکی دیکتاتۆریی ئاخوندەکانی لە تاران، تا سنووری ڕووخان و تێکشکان نێزیک کردەوە و هاوکاتیش، گوڕوتینێکی گەرم و کەموێنەی بە خەباتی هاوبەشی گەلانی ئێران بەگشتیی و یەکگرتوویی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت بەخشی."

ئاکۆ ئەلیادی لەبارەی جێگە و پێگەی ئەدەب و هونەر لە شۆڕشی ژینادا پێیوایە: "ئەدەب و هونەر بەگشتیی و شیعر بەتایبەتی، لە پرۆسەی ئەو شۆڕشە پیرۆز و مەزنەدا، وەک هاوارێکی بەرز و دەنگێکی زوڵاڵ، لە هاندان و خرۆشاندنی


شەپۆلەکانی شار و شەقام، وەک هەمیشە، ڕۆڵێکی کارا و کاریگەریان گێڕا.

لەو بەستێنەدا، بە دەیان شیعری جوان، گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕی لە دایک بوون و تێکڕا، سەروەرییەکانی ئەو مێژووە پڕشنگدارەیان، لە سەر لەوحەی نەمری هونەر، بۆ مێژووی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو تۆمار کرد و دیوانە شیعری "کناچەیێک لە ئاورێشمی ئاگر"یش لە دایکبووی ئەو قۆناخە ناسک و هەستیارەیە لە مێژووی خەباتی نەتەوەی ئازا و چاونەترسی کورددا."

"کوردستان" پیرۆزبایی چاپی ئەو دیوانەشێعرییە لە کاک ئاکۆ ئەلیاسی دەکا و ئاواتی سەرکەوتنی پتری بۆ دەخوازێت.

١٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# دووهەم جامی ژەهر بۆ وەلی فەقیهی ئێران



**ڕەحمان گەورکی**

لە ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵ، ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی ئێران کەوتە تەڵەوە و بە لابردنی پەردەکان ڕووی ڕاستەقینەی خۆی لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەرخست، کە لایەنی سەرەکیی شەڕەکەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و "سەری مارە شەڕخوازەکە لە تارانە!"

لە سەرەتای شەڕەکەدا، ڕێژیمی ئێران و ڕەوت و لایەنگرانی سازان و سازشتکارانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئەم دیکتاتۆریەتە (واتا ئیمدادگەرانی غەیبی!) نەیانویست دان بەو ڕاستییەدا بنێن. سازشتکارانی ڕۆژئاوایی و تەنانەت بەرپرسێکی کۆشکی سپی هەر لە سەرەتای شەڕەکەدا دەیانگوت "هیچ نیشانەیەکی بە دەستەوە نییە تایبەت بە تێوەگلانی ڕێژیمی ئێران لە شەڕی غەززەدا!"

لە یادمانە کە لە یەکەم هەفتەکانی شەڕدا، خامنەیی و سەرکردەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی، ڕۆڵی ڕێژێمەکەیان لە هەڵایسانی ئەم شەڕە بە سوێند و ئایەت دەشاردەوە.(حەسەن نەسروڵڵا)ی ئەمینداری گشتی حزبوڵڵای لوبنان لەلایەن خامنەییەوە ڕاسپێردرابوو کە بڵێت: پرسی غەززە پرسێکی فەلەستینییە. ئەمیر سەعید ئێروانی، باڵیۆز و نوێنەری

هەمیشەیی ڕێژیمی ئێران لەمرۆژانەدا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ کاتێک دەستی لە هیچ چالاکی و هێرشێکدا نەبووە دژی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە سووریا و عێراقدا!

وەلی فەقیێ دەسەڵاتداری ئێران لە کاتێکدا دامەزرێنەر و ڕێخۆشکەر و تاکە سودمەندی شەڕی غەززە بوو، حاشای لە ڕۆڵی خۆی لەو شەڕەدا دەکرد. چونکە نەیدەویست ڕاستەوخۆ بکەوێتە ناو شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکاوە. بەرژەوەندیی ئەو لەوەدا بوو کە ئەم شەڕە بە "هێزی بە وەکالەت" بەردەوام بێت. بە واتایەکیتر، بە قوربانیکردنی گیان وماڵی فەلەستینییەکان، پرۆژەکەی پێش بخات. چونکە بۆ ئەو و ڕێژیمەکەی، شەڕخوازی لە دەرەوەی سنوورەکان، پۆششێک بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاپەڕین لە ناوخۆی ئێران و بارودۆخەکە.

ئەگەرچی بۆ خەڵکی ئێران و شارەزایانی سیاسی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام هەنگاوی ئەمدواییەی وەلی فەقیهی دەسەڵاتدار لە ئێران، لەمەڕ تێگرتنی مووشەک و فڕاندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە نێو خاکی ئێرانەوە، دەبێ بە تەواوی ئەو ئیدیعا شووشەییەی سازشتکارانی ڕۆژئاوایی بە تەواوی شکاندبێت کە ئەو شەڕەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هیچ پەیوەندییەکی بە گەلی فەلەستینەوە نییە، و "ماری شەڕخواز، هێلانەکەی لە تارانە، و دەبێت سەری پان بکرێتەوە" بۆ ئەوەی ئەم شەڕە کۆتایی پێ بێت!

کەس گومانی لەوەدا نییە کە قوربانیی سەرەکیی ئەم شەڕە، گەلی فەلەستینە. شەڕێک کە تاکە چارەسەرە ڕاستەقینەکەی، کۆتاییهێنان و ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینییە لە ئێران. بۆ ئەوەی پرسی گەلی فەلەستین بگەڕێتەوە ڕێڕەوە ڕاستەقینەی خۆی. مێژوو دەریخستووە کە خاوەنە ڕاستەقینەکەی فەلەستین، خەڵکی ئەم خاکەیە و ئەوانەی خۆیان وەک "گەلی فەلەستین" نیشان دەدەن "نە لە گەلی فەلەستینن و نە بۆ گەلی فەلەستینن."

ڕێژیمی ئێران ٤٥ ساڵە خەڵک لە ناوخۆی ئێراندا سەرکوت دەکات و بۆ ئەوەی شەرعیەت بدات بەم سەرکوتکردنە، بە شێوەی جۆراوجۆر، شەڕفرۆشتنی کردووە بە "سیاسەت و ستراتیژ"ی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێراندا. کەواتە هەنگاوی ئەمدواییەی وەلی فەقیهی دەسەڵاتداری ئێران "خاڵی وەرچەرخانێکە لە پێشهاتە ناوچەییەکان" کە دەتوانێت هەنگاوێکی گەورە بێت بەرەو لەنێوبردنی "سەری ڕەشەماری شەڕخوازی".

ئاشکرایە کە کەس خوازیاری هێرشی سەربازی نەبووە و نییە بۆ سەر ئێران. بەڵام گرنگتر لە هێرشی سەربازی، "ڕووخاندنی

دیکتاتۆرییەتە لەم وڵاتە"، کە هەم تاکە ڕێگەچارەی مومکینە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەم بارودۆخەی ئێستاکە، و هەم خەڵکی ئێران توانای لە نێوبردنی ئەم دیکتاتۆرییەیان هەیە، و هەمیش گەلان و بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە سەرتاسەری جیهان، دەتوانن بۆ پشتیوانیکردن لە ئامانجێکی لەو شێوەیە، لە تەنیشت خەلکی و بەرخۆدانی ئێران بوەستن و پشتیوانیان لێ بکەن. ڕاستییەک کە تا ئێستا سازشتکاران ڕێگر بوون لە بەرانبەریدا!

کەوایە پێشهاتەکانی ئەمدواییەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە لایەک ڕاست و درووستبوونی ستراتیژیی "سەری مارەکەی ویلایەت لە تارانە" نیشان دەدات و لە لایەکی دیکەشەوە، نیشانەی لاوازی و داماوی و ناسکبوونی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیە کە هەر لە بنەڕەتدا پێی وا نەبوو ئەم شەڕە بگاتە ئەم ئاست و خاڵە. هەربۆیە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران کە بە نیازن کۆتایی بە دیکتاتۆرییەت لە ئێران بهێنن. ئەم ڕێژیمە دەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە "سەری ڕەشمارەکە لە تاران نییە!" بەڵام بەپێی ئەم پەندە ئێرانییە، "ئەو کووپە شکا و ئەو دەفرە ڕژا". درەنگ و زوو هەڵدەگرێت بەڵام، بەڵام هەر دێتە دیتن. بەمزووانە ڕۆژێک دێت کە ئێران بەبێ دیکتاتۆرییەت لە ئاشتی و دۆستایەتی لەگەڵ دراوسێکانیدا بژیت!

## دوا وتە:

هیچ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ژەهر ناخوات مەگەر دەرخواردی بدرێت! خومەینی لە ساڵی ١٣٦٧دا، ئەوکاتەی لە شەڕدا بوو لەگەڵ عێراق، دانی بەوەدانا کە جامە ژەهرەکەی خواردەوە و ساڵێک دواتر لە خەفەتدا مرد! ئەزموونەکان دەریانخستووە کە کارتێکردنی دووەم جامی ژەهر ماوەیەکی کورتتر هەڵدەگرێت و ئەگەر دیکتاتۆرییەت سەرپێچی بکات لە خواردنەوەی، ئەوا دیسان کاتەکەی کورتتر دەبێت.

١٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# قووتدانی جیهان بە شێوازی چینی!




**حەسەن قارەمانی**

## پێشەکی:

"قووتدانی جیهان بە شێوازی چینی و ڕۆڵی چین لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیی سەدەی بیست و یەکەمدا" دەستەواژەیەکە کە یەکێک لە دیاردە هەرە گرنگ و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی جیهانیی مۆدێرن دەکاتەوە. سەرهەڵدانی چین وەک هێزێکی سیاسی و ئابووری و کولتووری لە سەدەی بیست و یەکەمدا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شانۆی جیهانی هەبووە و کاریگەرییەکانیش بەردەوامە لە گەشەکردن بە شێوەیەکی بەرچاو.

بە وردبوونەوە لە سەرهەڵدانی چین، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ستراتیژیی ئەو وڵاتە تەنیا گونجاندن نییە لەگەڵ گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، بەڵکوو بە پێی بەرژەوەندی و بەهاکانی خۆی دووبارە دارِشتنەوەیە. "قوتدانی" جیهان لەلایەن "چین"ەوە بە

واتای فراوانکردنی کارا و هەندێکجار شەڕەنگێزانە لە کاریگەرییە سیاسی و ئابوورییەکەیدا، چ لە ناوچەی نزیک و چ لە سەرانسەری جیهاندا.

لە بەرەی سیاسیدا چین هەوڵدەدات پێگەی خۆی وەک یاریزانێکی جیهانی بەهێز بکات بە بەکارهێنانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و دروستکردنی مەکۆی نوێ بۆ دیپلۆماسی و هاوکاری. وڵاتەکە بووەتە یاریزانێکی ناوەندی لە ڕێکخراوەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، لە هەمان کاتدا پاڵنەرە بۆ دامەزراندنی دەستپێشخەرییە فرەلایەنە نوێیەکانی وەک بانکی وەبەرهێنانی ژێرخانی ئاسیا (AIIB) و دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا (BRI).

لە ڕووی ئابوورییەوە چین بووەتە بزوێنەری ئابووریی جیهانی، بە پیشەسازی و هەناردەکردنی خێرا کە وڵاتەکەی گۆڕیوە بۆ یەکێک لە گەورەترین ئابوورییەکانی جیهان. وەبەرهێنان و پەیوەندییە بازرگانییەکانی هەموو وڵاتەکان دەگرێتەوە و بە شێوەیەکی ڕیشەیی دیمەنی. هەروەها لە ڕووی کولتوورییەوە چین هەوڵی داوە بەها و نەریتەکانی هەناردەی جیهان بکات لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی میدیا و زمان و کولتووری چینییەوە. زیادبوونی جەماوەری فیلم و مۆسیقا و خواردنی چینی لە سەرانسەری جیهاندا نموونەیەکی ڕوونی ئەمەیە. لەهەمان کاتدا، پەرەسەندنی نفوزی چینیش ڕووبەڕووی بەرخۆدان و ئاڵنگاری ئەکتەرە جیهانییەکانی دیکەی وەک ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا دەبێتەوە، کە نیگەرانن لە تەماحە فراوانخوازییەکانی و ڕێزنەگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپە دیموکراسییەکان.

لە چوارچێوەی "قوتدانی جیهان بە ڕێگای چینی"دا، ڕوونە کە ڕۆڵی چین لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیی سەدەی بیست و یەکەمدا یەکێک دەبێت لە گرنگترین و ئاڵۆزترین پرسەکان.

چین بە چاوێکی وردی بۆ دەرفەتە جیهانییەکان و ئارەزووی هاوکاریی ستراتیژی نەک هەر دیمەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی گۆڕیوە، بەڵکوو دینامیکی ئابووریی جیهانیشی پێناسە کردووەتەوە.

سیاسەتی فراوانی دەرەوەی چین بووەتە یاریزانێکی ناوەندی لەسەر شانۆی جیهانی و لە ڕێگەی هاوکارییە ستراتیژییەکان و وەبەرهێنانەکانییەوە، دینامیکی نێودەوڵەتی پێناسە کردووەتەوە. چین بە درێژکردنەوەی قۆڵەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئەفریقا و، لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور، بوونی خۆی فراوانتر کردووە و پەیوەندییەکانی

دروستکردووە کە وڵاتەکان و کولتوورەکان دەگرێتەوە.

سەرکردایەتی چین بە دیدگایەک بۆ زیندووکردنەوەی ڕێگا بازرگانییە کۆنەکان و دروستکردنی مۆدێلی نوێی هاوکاریکردن لە وەڵامی پەرەسەندنی داواکارییەکانی جیهانگیری و یەکگرتنی ئابووریدا بەم شێوەیە دەڕوات. چین لە ڕێگەی پرۆژەکانی وەک "یەک پشتێن، یەک ڕێگا"، پابەندە بە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و بەرەوپێشبردنی بازرگانی بە درێژایی ڕێگا بازرگانییە مێژووییەکان، ڕەخساندنی دەرفەتی نوێ بۆ گەشەکردن و هاوکاری لە سەرانسەری جیهاندا. چین بە وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی ژێرخانی وەک بەندەر و ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن، ڕێگای بازرگانی نوێی دروستکردووە و بوونی خۆی لە ناوچە گرنگەکانی ستراتیژیدا زیادکردووە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چین بە وەبەرهێنان لە پرۆژەی ژێرخان و پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی، بووەتە هاوبەشێکی گرنگ بۆ وڵاتانی وەک ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و سعودیە. ئەم وەبەرهێنانانە نەک هەر گەشەسەندنی ئابووری لە ناوچەکەدا بەرەوپێش بردووە، بەڵکوو دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ستراتیژییەکانی وەک "نەوت"ی بۆ چین مسۆگەر کردووە. شێوازی هاوشێوە لە ئەفریقادا دەبینرێت، کە چین وەبەرهێنانی لە پرۆژەکانی ژێرخانی کردووە و پشتگیریی دارایی پێشکەش کردووە بۆ پێشخستنی گەشەپێدانی ئابووری و هاوکاری. چین بە سوودوەرگرتن لە سامانە سروشتییە دەوڵەمەندەکانی ئەفریقا و بازاڕە گەورەکان، خۆی وەک یاریزانێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا جێگیر کردووە و بوونی خۆی لە کیشوەری ئەفریقا زیاد کردووە.

سیاسەتی فراوانی دەرەوەی چین نەک تەنها دیمەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی گۆڕیوە، بەڵکوو بە دەست لێدانێکی چینی دینامیکی ئابووریی جیهانی پێناسە کردووەتەوە. چین بە سەرکردایەتییەکی دیدەوانی و ئیرادەیەکی بەهێز بۆ داڕشتنی نەزمی جیهانیی داهاتوو، جێگەی خۆی وەک یاریزانێکی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا چەسپاندووە و بەردەوامە لە قووتدانی جیهان بە شێوازی چینی.

### لێرەدا بە کورتی ئەو هۆکارە تایبەتییانە دەستنیشان دەکەین:

### چین بزوێنەرێکە بۆ گەشەی جیهانی:

سیاسەتی دەرەوەی چین بە پانتایی و قووڵاییی سەرنجڕاکێشی جیاکراوەتەوە. چین بە فرێدانی چاویلکەی نۆرماتیڤی

تەقلیدی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پێناسە کردووەتەوە و دەرفەتی نوێی بۆ گەشەپێدان ڕەخساندووە. بەشداریکردنیان لە سنووری ئاساییەکانی سیاسەت و ئابووریی نێودەوڵەتی زیاترە و ڕێگا بۆ سەردەمێکی نوێی گەشەکردن و هاوکاریی جیهانی خۆش دەکات.

خاڵێکی ناوەندی سیاسەتی دەرەوەی چین، وەبەرهێنانەکەیەتی، کە نەک تەنها بۆ وڵاتانی دەوڵەمەند کە سەرچاوەی زۆر و ژێرخانی گەشەسەندوویان هەیە، بەڵکوو بۆ وڵاتانی هەژارتر و گەشەسەندوویش دەگرێتەوە. چین بە ئەنجامدانی ئەم کارە نەک هەر بەرژەوەندییەکانی خۆی پێشخستووە، بەڵکوو یارمەتیدەر بووە لە بەرەوپێشبردنی گەشەی ئابووری و گەشەسەندن لە وڵاتانی جیهاندا. ئەم ستراتیژە نەک هەر پاڵنەرێکی ئابوورییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی خواستی چینە بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی پێشەنگ بگێڕێت لە دارشتنی دیمەنی جیهانیدا.

چین بە وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووری و تەکنەلۆژیا و سەرچاوەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا تۆڕێکی هاوبەشی و هاوپەیمانی دروستکردووە کە جیهان دەگرێتەوە. ئەم وەبەرهێنانانە نەک هەر گەشەی ئابووری لە وڵاتانی وەرگردا دروستکردووە، بەڵکوو پێگەی چینیان وەک یاریزانێکی پێشەنگی جیهانی بەهێزتر کردووە. چین بە زیادکردنی ئامادەبوون و کاریگەری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، سەکۆیەکی بۆ بەردەوامیی گەشەکردن و گەشەسەندن دروستکردووە، نەک تەنها بۆ خۆی بەڵکوو بۆ هەموو جیهان.

لایەنێکی گرنگی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی چین، پابەندبوونییەتی بە بەرەوپێشبردنی هاوکاری و پەیوەندییە سودبەخشەکانی. چین بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دیکە بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە هاوبەشەکان و دەرفەتە هاوبەشەکان، بەشداری کردووە لە دروستکردنی جیهانێکی زیاتر بەیەکەوە گرێدراو و هاوبەش. چین بە دروستکردنی پرد و پردکردنی دابەشبوونەکان ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەرەوپێشبردنی ئاشتی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی لە سەرانسەری جیهاندا.

سیاسەتی دەرەوەی چین تەنها بزوێنەرێک نییە بۆ گەشەکردن و گەشەسەندنی خۆی، بەڵکوو بۆ گەشەکردن و گەشەسەندنی جیهانیش. چین لە ڕێگەی پابەندبوونی بە کراوەیی و هاوکاری و گەشەپێدانی هاوبەشەوە سەلماندی کە هێزێکە کە دەبێت لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی حسابی بۆ بکرێت. چین بە دیدگایەک کە لە سنووری تەقلیدییەکانی سەروەریی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکەوە درێژدەبێتەوە، ڕێگەی بۆ جیهانێکی زیاتر بەیەکەوە گرێدراو و هاوکارتر خۆش کردووە.

لە ئیسرائیل چین هاوبەشێکی باش و گەورە بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و گەشەپێدانی ئابووری دۆزیەوە. چین بە وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای ئیسرائیلدا، ئارەزووی خۆی بۆ بەکارهێنانی داهێنان بۆ بەهێزکردنی ئابووریی خۆی دیاری دەکات. ئەم ستراتیژە گوزارشت لە توانای چین دەکات بۆ دەستنیشانکردن و سوودوەرگرتن لە باشترین بیرۆکە و تەکنۆلۆژیاکانی وڵاتانی دیکە بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەی خۆی.

کەرتی تەکنەلۆژیای ئیسرائیل بە سروشتی دینامیکی و پێشەنگانەی ناسراوە و وەبەرهێنانی چین لەم کەرتەدا دانپێدانانی ئەوان بە تواناکانی نیشان دەدات. چین بە هاوبەشیکردن لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوە توێژینەوە ئیسرائیلییەکان دەستی بە داهێنانە پێشکەوتووەکان بگات لە بوارەکانی وەک زیرەکی دەستکرد، بایۆتەکنەلۆژیا و ئاسایشی ئەلیکترۆنی. ئەم گواستنەوەی تەکنەلۆجیایە نەک تەنها چین بەڵکوو سوودی بۆ ئیسرائیل هەیە لەڕێگەی زیادکردنی وەبەرهێنان و ڕەخساندنی هەلی کار.

دەتوانرێت شێوازی هاوشێوەی هاوکاری لە وڵاتانی وەک سریلانکا و کازاخستاندا (قەزاقستان) بەدی بکرێت، کە چین ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و یەکگرتنی ئابووری. چین بە وەبەرهێنان لە پرۆژە گەورەکانی ژێرخانی وەک بەندەر و ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن یارمەتی مۆدێرنکردن و پەرەپێدانی ئابووریی ئەم وڵاتانەی داوە. ئەم پەرەپێدانە ژێرخانییەش نەک هەر دەرفەتی بازرگانی زیاد دەکات، بەڵکوو هەلومەرجی باشتر بۆ گەشەکردن و گەشەسەندنی ئابووری لە درێژخایەندا دروست دەکات.

چین بە بنیاتنانی هاوبەشی و بەرەوپێشبردنی هاوکاری لە وڵاتانی وەک ئیسرائیل، سریلانکا و کازاخستان(قەزاقستان)دا ، نەک هەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی بەهێزتر کردووە، بەڵکوو بەشداری کردووە لە پێشخستنی گەشەکردن و گەشەسەندنی جیهانی. ئەم نموونانە ستراتیژی چین بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە و لێهاتووییە دەرەکییەکان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەسەر شانۆی جیهانی نیشان دەدەن. لە هەمان کاتدا سوودی هاوبەشی هاوکاریی نێودەوڵەتی و چۆن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پێشخستنی خۆشگوزەرانی و گەشەپێدان لە سەرانسەری جیهاندا.

### فراوانبوونی ئاسۆکان و ئاواتەکانی جیۆپۆلەتیکی چین:

چین لە ڕێگەی پرۆژەکانی وەک "یەک پشتێن، یەک ڕێگا"، دەستی بەسەر ڕێگا بازرگانییە مێژووییەکان گرتووە و دەرفەتی

نوێی بۆ هاوکاری و گەشەکردن ڕەخساندووە. ئاواتەکانی جیۆپۆلەتیکی چین زۆر لە سنوورەکانی خۆیەوە درێژدەبێتەوە و هەوڵێکی سەرنجڕاکێش بۆ گەشەکردن و کاریگەریی جیهانی پێکدەهێنێت. پرۆژەی "یەک پشتێن، یەک ڕێگا"نموونەی ئەم هەوڵەیە بە بووژاندنەوە و مۆدێرنکردنی ڕێگا بازرگانییە مێژووییەکان، کردنەوەی دەرگاکان بۆ هاوکاری و گەشەپێدان لە سەرانسەری وڵاتەکاندا.

چین لە ڕێگەی یەک ڕێگاوە نەک تەنها وەبەرهێنانی لە ژێرخانی ئابووریدا کردووە، بەڵکوو چوارچێوەیەکی گشتگیری بۆ یەکخستنی ئابووری و بازرگانی دروستکردووە. بۆ نموونە دروستکردنی پێکهاتەی سەرنجڕاکێشی وەک پردی هۆنگ کۆنگ-ژوهای-ماکاو وەک هێمایەک بۆ توانا تەکنەلۆژییەکانی چین و ئامادەیی چین بۆ بەستنەوەی ناوچەکان بۆ زیادکردنی چالاکیی ئابووری بووە. جگە لەوەش وەبەرهێنان لە بەندەرەکانی وڵاتانی وەک سریلانکا و کازاخستان نەک تەنها تۆڕی بازرگانی چینی بەهێزتر کردووە، بەڵکوو ژێرخانی وڵاتانی پەیوەندیداری مۆدێرن کردووە و گەشەی ئابوورییان بەرەوپێش بردووە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چین وردە وردە خۆی وەک یاریزان و هاوبەشێکی بەرچاو بۆ وڵاتانی وەک ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و سعودیە جێگیر کردووە. چین بە وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی ژێرخانی و پێشکەشکردنی پشتگیریی دارایی، یارمەتی هەمەچەشنکردنی ئابوورییەکانی ناوچەکەی داوە و پەرەی بە زیادبوونی بازرگانی داوە. چین لە ڕێگەی ئەم هەوڵانەوە نەک هەر پەیوەندییە ئابوورییەکانی بەهێزتر کردووە، بەڵکوو دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە سەرەکییەکان بە تایبەتی نەوت مسۆگەر کردووە کە ئەمەش بۆ بەردەوامیی گەشەکردن و سەقامگیرییەکەی گرینگە.

ئەم فراوانبوونەی ئاسۆی چین لە جیۆپۆلەتیکدا، تەنیا دەربڕینی هێزی ئابووریی چین نییە، بەڵکوو تەماحی ئەو وڵاتەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕێت لە داڕشتنی دیمەنی جیهانیدا. چین بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی ئابووری و وەبەرهێنان لە ژێرخانی ناوچە جیاوازەکانی جیهان، وەک هاوبەشێک بۆ گەشەپێدان و گەشەکردن دەرکەوتووە، هاوکات پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و دەستەبەرکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە گرنگەکان. ئەم ستراتیژە گوزارشت لە دیدگای چین دەکات بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ڕۆڵی مێژوویی خۆی وەک یاریزانێکی ناوەندی لە ئابووری و جیۆپۆلەتیکی جیهانیدا، لە هەمان کاتدا خۆی لەگەڵ داواکاری و دەرفەتەکانی جیهانی مۆدێرن دەگونجێنێت.

## ئاڵنگارییەکان و دەرفەتەکان بۆ داهاتوو:

سیاسەتی دەرەوەی فراوانی چین هەم سەرسامی و هەم نیگەرانی لە سەرانسەری جیهاندا بەدوای خۆیدا هێناوە. فراوانبوونی ئامادەیی چین لەسەر شانۆی جیهانی هەم ئاڵنگاری و هەم دەرفەت بۆ داهاتوو دروست دەکات. زۆر کەس بوونی چین وەک دەرفەتێک بۆ زیادکردنی گەشە و گەشەسەندنی ئابووری دەزانن، هەندێکی دیکەش نیگەرانن لە کاریگەرییە ستەمکارە ئەگەرییەکان و باڵادەستییەکەی. بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی لەم نەزمە جیهانییە نوێیەدا بڕوات، زۆر گرنگە لە داینامیکی ئاڵۆزی سیاسەتی دەرەوەی چین و ئامانجە درێژخایەنەکانی تێبگەین.

یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکان هاوسەنگکردنی زیادبوونی ئامادەبوونی چین لەگەڵ پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی گەلانی دیکەیە. زۆرێک لە وڵاتان ئاگاداری ئەوەن کە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە زۆر پشت بە چین ببەستن، ئەمەش دەتوانێت سنووردارکردنی ئازادی و ئازادییان بۆ مامەڵەکردن بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان سنووردار بکەن.

ئاڵنگارییەکی دیکە بریتییە لە پێشخستنی کرانەوە و هاریکاری و پەیوەندییە سودبەخشەکانی هەردوولا. ئەمەش بە واتای هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان سودوەرگرتن لە دەرفەتە ئابوورییەکانی چین لە هەمان کاتدا پاراستنی بەرژەوەندی و بەها نیشتمانییەکان. بە پێشخستنی گفتوگۆ و دانوستان، وڵاتانی جیهان دەتوانن پێکەوە لەگەڵ چین کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە هاوبەشەکان و دروستکردنی نەزمێکی جیهانیی سەقامگیرتر و ئاشتییانەتر.

سەرەڕای ئاستەنگەکان، کاریگەرییە پەرەسەندووەکانی چین دەرفەتی زۆریش بۆ داهاتوو دەڕەخسێنێت. بە پەیوەندیکردن لەگەڵ چین، وڵاتان دەتوانن سوود لە گەشەسەندنی ئابووری و داهێنانە تەکنەلۆژییەکانی وەربگرن بۆ پێشخستنی گەشەپێدانی خۆیان. دەستپێشخەریی "یەک پشتێن، یەک ڕێگا"ی چین دەرفەت بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و هاوکاریی بازرگانی دەڕەخسێنێت کە دەتوانێت سوودی هەبێت هەم بۆ چین هەم وڵاتانی هاوبەشی.

## ئەنجام:

سیاسەتی دەرەوەی چین گۆڕەپانی یاریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی گۆڕی و دەرفەتی نوێی بۆ هاوکاری و گەشەسەندن کردۆتەوە. چین بە فڕێدانی چاویلکەی نۆرماتیڤی تەقلیدی، تۆڕێکی جیهانی سەرنجڕاکێشی هاوبەشیی و هاوکاریی

دامەزراندووە کە وڵاتەکان و کولتوورەکان دەگرێتەوە. ئەم ستراتیژییە گەورە مەبەستە کە لە ڕێگەی پرۆژەی "یەک پشتێن، یەک ڕێگا" و دەستپێشخەرییەکانی دیکەوە وێنا کراوە، ڕۆڵی چین وەک یاریزانێکی سەرەکی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا چەسپاندووە.

چین بە وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی ژێرخانی جیهان، لە ئەفریقاوە تا ئاسیای ناوەڕاست، ڕێڕەوی بازرگانی نوێی دروستکردووە و یەکگرتنی ئابووری جیهانی بەرەوپێش بردووە. بەشداریکردنی لە گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و گەشەپێدانی ئابووری لە وڵاتان، ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بۆ بەکارهێنانی و داهێنان بۆ بەهێزکردنی ئابووری خۆی و دروستکردنی پەیوەندییەکی سودبەخشی دوولایەنە.

هەروەها بوونی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک هاوبەشێکی گرنگ بۆ وڵاتانی وەک ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و سعودیە یارمەتیدەر بووە بۆ هەمەچەشنکردنی ئابووری ناوچەکە و زیادکردنی قەبارەی بازرگانی. چین بە وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی ژێرخانی و پێشکەشکردنی پاڵپشتیی دارایی، نەک هەر گەشەی ئابووری خۆی بەرەوپێش بردووە، بەڵکوو دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ستراتیژییەکانی وەک نەوت مسۆگەر کردووە.

لە هەمان کاتدا سیاسەتی دەرەوەی فراوانی چینیش هەندێک نیگەرانی لە سەرانسەری جیهاندا دروستکردووە. هەندێک نیگەرانن لە کاریگەرییە ستەمکارە ئەگەرییەکان و باڵادەستییەکەی و گرنگە ئاگاداری ئەو داینامیکی و ئاڵنگارییە ئاڵۆزانە بین کە لەگەڵ پەرەسەندنی کاریگەرییەکانی چیندا دێن.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی چین بە شێوەیەک جێپەنجەی خۆی لەسەر دیمەنی جیهانی بەجێهێشتووە کە پێشتر نەبینراوە. دەستپێشخەری و وەبەرهێنانە ستراتیژییەکانی نەک هەر گۆڕانکاری لە داینامیکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کردووە، بەڵکوو دەرفەتی نوێی بۆ هاوکاری و گەشەکردن لە سەرانسەری جیهاندا کردووەتەوە. لە کاتێکدا کە ئاستەنگەکان هەن کە دەبێ ڕووبەڕووی ببنەوە، بەڵام ڕوونە کە چین ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە دارشتنی نەزمی جیهانیی داهاتوو و لە پێشخستنی ئابووری جیهان. ئەوە کاری هەموو وڵاتانە کە پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی ئەم واقیعە جیهانییە نوێیە بەڕێوەببەن و داهاتوویەکی بەردەوام و ئارامتر بۆ هەموان دروست بکەن.

لە کۆتاییدا ئەوە کاری هەر وڵاتێکە کە بڕیار بدات چۆن مامەڵە لەگەڵ کاریگەرییە پەرەسەندووەکانی چین بکات. بە

تێگەیشتن لە دینامیکی ئاڵۆزی سیاسەتی دەرەوەی چین و مامەڵەکردن بە ئیرادە و ستراتیژییەوە، وڵاتانی جیهان دەتوانن بە سەرکەوتوویی ئەم نەزمە جیهانییە نوێیە بەڕێوەببەن و داهاتوویەکی بەردەوام و ئارامتر بۆ هەموان دروست بکەن.

### سەرچاوەکان:

دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگای چین: پاڵنەرەکان، مەودا و ئاڵنگارییەکانی" لەلایەن کریستوفر باڵدینگ و دۆناڵد سی.
"مۆدێلی چین: شایستەیی سیاسی و سنووری دیموکراسی" لە نووسینی دانیال ئەی بێڵ (چاپخانەی زانکۆی پرینستۆن، ٢٠١٥)
"نوێکردنەوەی ئابووریی چین" لەلایەن بانکی جیهانی.

١٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# دەرفەتدان بە کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی گۆڕینی ڕەفتاردا




**عەلی بداغی**

ڕوانینێکی سەرپێی لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێمان دەڵێ قەیران و ناسەقامگیری و شەڕ و ئاڵۆزییەکان لەو ناوچەیە هەر دێ و زیاد دەکەن. سووریە پاش ١٣ ساڵ شەڕی نێوخۆیی بووەتە گۆڕەپانی شەڕی ڕاستەوخۆ و نیابەتیی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لەگەڵ یەکتری. ئەفغانستان، لوبنان، یەمەن و عێراقیش چ لەڕووی قەیرانی سیاسیی نێوخۆیی و چ لەڕووی ئابوورییەوە دۆخێکی شپرێو و ناسەقامگیریان هەیە و شەڕی نوێی ئیسرائیل و فەلەستینییەکانیش کە لە ساڵی ڕابردووەوە بە هێرشی حەماس دەستی پێ کردوە، ئەوەندەی دیکە دوورەدیمەنەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی سیناریۆ ناڕوونەوەکانەوە لێڵ و نادیار کردوە. خاڵی جەوهەری لە دڵی ئەو هاوکێشانەدا ئەوەیە لە هەموو ئەوانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هۆکاری خوڵقانی دۆخ و هەلومەرجی قەیرانەکانە و، هەم لەو نائارامی و ناسەقامگیرییانە بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆی کەلک وەردەگرێت.

لە نێوخۆی ئێرانێشدا کۆماری ئیسلامی بە پێکهێنانی نیزامێکی سیاسیی تەواو یەکدەست و میلیتاریستی لە بەرانبەر ویستی گۆڕانخوازیی خەڵکدا شمشێری لە ڕوو بەستووە. ئاڵقەی داخراوی دەسەڵات لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەنگاو بە

بەربڵاوکردنی کەشی داخراوی سیاسی و فەرهەنگی، بەرگرتن بە ڕکەبەری و هاوبەشیی سیاسی، ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکان بۆ لادانی خودییە غەیرەخودییەکانی کات و ئێستایان، خالس‌سازی و تەنگکردنەوەی پتری ئاڵقەی خودییەکان لە قووچەکی دەسەڵاتدا، پێدانی دەسەڵاتی ڕەها بە ئۆرگانە نیزامی، ئەمنییەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێبەری و سەرکوتی هەرچەشنە مافخوازی و داوایەکی ڕەوای خەڵکی ناڕازیی وڵات بوونەتە هۆی ئەوەی کەلێنەکانی نێوان حاکمییەتی سیاسی و زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگە بەرفراوانتر لە هەر کاتێک ببن. تەنانەت سەرکوتی خوێناویی خەڵکی دژبەر و ناڕازی، پشتکردن لە هەموو شێوازە ڕەواکانی وەرگرتنی شەرعییەتی سیاسی و بەڕێوەبەریی نێوخۆی وڵات و بردنە پێشێی سیاسەتی دەرەکیی وڵات لەسەر بنەمای قازانجە ئایدۆلۆژییەکانی تاقمێکی زۆر بچووک وایکردوە حاکمییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی نەک وەک نیزامێکی سیاسیی داخراو و دیکتاتۆری، بەڵکوو وەک دەسەڵاتێکی مافیایی دەربکەوێت.

بابەتەکە ئەوەیە لە کاتێکدا کۆمەڵگەی جیهانی و بڕیاردەرانی سیاسیی وڵاتان زۆر باش دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران ماکە و سەرچاوەی هەموو بشێوی، قەیران و ناسەقامگیرییەکانی ناوچەیە؛ هەروەها لە کاتێکدا لانیکەم لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لەدوای بزووتنەوەی ژینا و هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەوە هیچ شک و گومانێک بۆ کەس نەماوەتەوە کە ئەو ڕێژیمە هیچ شەرعییەتێکی خەڵکی و سیاسیی نییە؛ کەچی هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی جیهانی لە سووڕی باتڵی "گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم" لەڕێگەی "دانوستانی بنیاتنەر- وتووێژی ڕەخنەگرانە- سەپاندنی گەمارۆکان" نەترازەوە، بێ‌ئەوەی کەمترین قازانجیان لەو ستراتیژییە دەست کەوتبێت. بۆ نموونە ئەمریکا و ئورووپا گەمارۆی نەوتییان بەسەر ئێراندا سەپاند، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران چ لە ڕێگەی هەرزانفرۆشکردن و پێدانی سەتا ٩٠ی نەوتەکەی بە چین یان دەورلێدانەوەی ئەو سزایە لەڕێگەی وڵاتانی وەک مالیزی و سەنگاپوور و دەڵاڵە نێوخۆییەکانی وەک بابەک زەنجانییەکانەوە توانیویەتی تا ئاستێکی زۆر لە کاریگەریی ئەو گەمارۆیانە کەم بکاتەوە. نموونەیەکی دی سەپاندنی گەمارۆکانی شورای ئەمنییەت، یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا لەسەر بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامییە، کەچی بینیمان کۆماری ئیسلامی بە دەورلێدانەوەی ئەو سزایانەش هەم توانیویەتی بەرنامە ئەتومییەکەی بگەیەنێتە دوا هەنگاوی دروستکردنی بۆمب و هەم لەڕووی تێکنۆلۆژی و چەکوچۆڵی چەشنی درۆن و مووشەکەوە بووەتە هەڕەشە بۆ سەر هەموو وڵاتانی ناوچە.

دنیای چەندجەمسەری و پێکدژیی بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە نەبوون یان لاوازبوونی میکانیزمەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتی لەلایەک و لەلایەکی دیکە پشتگوێخرانی ویست و بەرژەوەندیی خەڵک و پێکهاتەکانی گەلان لە مامەڵەی زلهێزە جیهانییەکان لەگەڵ حاکمییەتی سیاسیی نادێمۆکراتیکی ئەو وڵاتانەدا، دەرفەتی بە نیزامە سیاسییەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە دەسەڵاتی خۆیان بە سەرکوت و زەبروزەنگی نێوخۆیی بەهێز بێڵنەوە. ئەوەندەش کە بۆ سەپاندنی

گەمارۆکان لەدژی ڕێژیم دەگەڕێتەوە، سزا و گەمارۆکان ڕێگر نەبوون لەوەی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی بەئاکام بگەیەنێ و بگرە قورسایی و زیانەکانی زیاتر لەسەر شانی خەڵکی وڵات بووە، ئەگەرچی ئەمە بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی دانارێێت.

قووڵبوونەوەی قەیرانەکان و دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو خۆشبینییەی دروست کردبوو کە وڵاتان و ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا پێداچوونەوە بە سیاسەت و ڕەفتارەکانی هەتا ئێستای خۆیاندا بکەن و چیتر ئامرازەکانی گوشاریان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە سەپاندنی گەمارۆکاندا سنووردار نەکەن. لە دوو دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران جۆرەها سزا و گەمارۆی لەسەر بووە، وەک دەستبەسەرداگرتن و بلۆکەکردنی دارایی، گەمارۆخستنەسەر پیشەسازیی نەوت و گاز، ڕێگری لە کڕین و فرۆشتن و ساتوسەودای ئابووری، گەمارۆکانی پێوەندیدار بە چەکوچۆڵ و تێکنۆلۆژیی مووشەکی، قەدەغەکردنی سەفەری کاربەدەستان بۆ وڵاتان و جۆرەها سزای دی. بەڵام دوای هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل کە دەکرا خاڵی وەرچەرخان لەو ستراتیژییە بووبا، دیسان دەبینین ئەمریکا، بریتانیا، وڵاتانی یەکیەتیی و ئورووپا و کانادا پێکەوە و بەجیا گەمارۆ و سزای نوێی دیکە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێننەوە. خۆ ڕاستە دوو دەیە گەمارۆ و سزادان کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا تەریک خستووەتەوە، بەڵام هەروەک گوترا نەیتوانیوە نە ڕەفتار و سیاسەتەکانی ڕێژیم لەهەمبەر خەڵکی نێوخۆ و کۆمەڵگەی جیهانی بگۆڕێت و نە لە وەستاندنی بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی ڕێژیم و ئەجێندای میلیشیاسازی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەدا سەرکەوتوو بێت.

جا بە سەرنجدان بەوەی کۆماری ئیسلامی لە نیوخۆی وڵاتدا خەڵک و لە دەرەوەی سنوورەکانیدا ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچەی بەبارمتە گرتوە، کاتی ئەوە گەیوەتێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مامەڵە لەگەڵ ڕێژیمدا چیی دی دیکە تەنیا خۆی بە پەروەندە ئەمنیەتییەکانی وەک بەرجام و بەرنامە مووشەکییەکانی ڕێژیم سەرقاڵ نەکات کە هەتا ئێستا ستراتیژییەکی ناکام بووە. کۆمەڵگەی جیهانی بە خستنەبەرچاوی ئەو ڕاستییەی کە هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێت نە ئێران و نە ناوچە ئارامی و سەقامگیری بە خۆیانەوە نابینن، پێویستە پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە جۆری مامەڵەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بکات، ئەویش کۆتاییهێنان بە ستراتیژیی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم و لاکردنەوە و پشتیوانیی جدی و بەکردەوە لە بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بۆ تێپەڕین لەو ڕێژیمە و ڕووخاندنی، و هێنانەسەرکاری نیزامێکی سیاسیی دێموکرات و حاواوە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی.

٢٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

# سەرکوتکارییەکی تاقیکراوەی بێئاکام



سمایل شەرەفی

شەپۆلێکی دیکە لە گرتن و ڕاوەدوونان و دادگاییکردنی بێیاسایی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستی پێ کردوە.  لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا و بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆیەوە شەپۆلێکی دیکە لە فشارهێنان بۆ خەڵکی کوردستانی ساز کردوە و بە بیانووی جۆراوجۆری بێبنەما، ڕۆژانە خەریکی دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنیی کۆردستانن. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەبێ هیچ مۆڵەتێکی یاسایی خەڵک لەسەر کارەکانیان، لە ماڵەوە و لەسەر شەقامەکان دەستبەسەر دەکەن و ڕەوانەی گرتووخانەکانیان دەکەن و بەبێ ئەوەی مافی داکۆکیکردن لە خۆیان پێ بدرێت یان مافی وەکیلگرتنیان هەبێت، حوکمی قورس و ناڕەوایان بەسەردا دەسەپێنن.

بە پێی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە و بە میدیاکانی حیزبی دێموکرات و ناوەندی تەشکیلاتی ئەم حیزبە گەیشتوون. هەر تەنیا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ گرتن و

دەستبەسەرکردنی چەند کەس لە خەڵکی شارەکانی بۆکان، سایینقەڵا، شنۆ و تیکاب، نزیک بە ١٠ کەس لە زیندانییانی کورد بەبێ ئەوەی ڕەوتی یاسایی پەروەندەکانیان و پێڕاگەیشتن بەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵیان، بیپێون، حوکمی قورس و ناڕەوایان بەسەردا سەپێندراوە. زۆربەی گیراوەکان بەبێ ئاگاداریی پێشوو و بەبێ مۆڵەتی یاسایی لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە هەڵکوتراوەتە سەریان و قۆڵبەس و ڕەوانەی شوێنی نادیار کراون. لە بەدواداچوونی بنەماڵەکانیاندا دەرکەوتوە کە زۆربەی نزیک بە تەواوی گیراوەکان بە بێئەوەی دادگا یان هەر شوێنێکی دیکەی یاسایی لێی ئاگادار بێت و حوکمی دەستبەسەرکردنیان دابێت، لە گۆترە و بە بڕیاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان دەستبەسەر کراون.

ئەم ڕەوتە لە گرتن و سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان و جۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ناوەندە ئەمنیەتییە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەرخەری ترسی کۆماری ئیسلامی لە چارەنووسی نادیاری خۆیەتی. چارەنووسێک کە لەلایەک بە هۆی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتییانەوە کە بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی خۆیەوە تووشی بووە و لایەکی دیکەوە بە هۆی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانەوە، ڕوو لە فەوتان و لەنێوچوونە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دۆخ و هەلومەرجی نالەبار و نادڵخوازی خۆیان لە ئاستی نێوخۆ و ناوچەیی و نێونەتەوەییدا بەباشی دەرک پێ دەکەن، ترس و دڵەڕاوکیی خۆیشیان لە ڕەفتار و هەڵوێستی ڕۆژانەی خەڵک کە نیشان لە بوونی بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی بەرهەڵستاریی خەڵکە، ناتوانن بشارنەوە.

سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە کوردستانی ئێران و گوشاری ڕۆژانەی جۆراوجۆری ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردستان کە بێگومان لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بەردەوامە و کۆمەڵگە بەگشتی لەژێر فەزایەکی پۆلیسی دایە، ئەگەر لەلایەک ترس لە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانە کە دوای بزووتنەوەی ژینا چەندین هەنگاوی بەرەوپێش بۆ تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناوە، لە لایەکی دیکەشەوە نیشانەی ئەو پەڕی شپرزەیی دۆخی خودی کۆماری ئیسلامییە. ڕێژیمێک کە نەتەنیا لە بوارەکانی ئابووری، ئەمنیەتی و سیاسییەوە تووشی دەیان قەیرانی جۆراوجۆر بووە و توانای چارەسەرکردنیشیانی نیە، بەڵکوو لە بواری گوتار و ئیدئۆلۆژیکیشەوە بە جۆرێک تووشی دارمان و پووکانەوە هاتووە کە تەنانەت، توانا و زەرفییەتی ڕاگرتنی هێزە وەفادارەکانی دوێنێی خۆیشی نەماوە.

سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران کە ڕێژیم بە هەموو هێزیەوە هەوڵی بۆ دەدات و لێی بەردەوامە، نەتەنیا نیشانەی هێز و "ئێقتدار" نییە، بەڵکوو ڕاست بە مانای ترسەنۆکی و لەرزۆکییەتی. سەرکوتی ژنان لە سەر شەقامەکان بە بیانووی نەبوونی حیجاب و بالاپۆشی، ئەگەر ترس لە خەساربوونی ئیدئۆلۆژییە ویشکە مەزهەبییەکەی نەبێت کە بە

بانەمەڕی: ٢٧٢٤

لابردنی حیجابی زۆرەملی درز و لەرزی تێدەکەوێ، دەتوانێ چ شتێکی دیکە بێت؟ دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانەی کە گوایا دەستیان لە وەڕێخستنی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی کوردستاندا هەبووە، ئەگەر ترس لە گەشەی هەستی نەتەوەیی و مافخوازی لە کوردستان و شکستی سیاسەتی دژیگەلیانەی ئەم ڕێژیمە دەرحەق بە ویستی ڕەوای ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان نەبێ، دەتوانێ چ تەعبیرێکی دیکەی لێ بکرێ؟ ئەگەر گرتنی کەسایەتییە ئاکادمییەکانی وەک عەلیرەزا نووریزادە لە تاران و حەبسکردنیان لە بەندیخانەکان، ترس لە بەتاڵبوونەوەی گوتار و تێڕوانینە کۆنەپەرەستەکانی ئەم ڕێژیمە نەبێ، چۆن دەبێ ئەم ڕێژیمە کە ئیدیعای "بوونی ئازادی" لە پێکهاتەی خۆی و وڵاتدا دەکات، قەڵەم و زاری ڕەخنەگران کپ بکات؟!

ئەزموونی بزووتنەوەی ژینا و ڕەفتارە جەماوەرییەکانی دیکەی وەک بایکۆتی دوایین هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم لە ١١ی ڕەشەمەی ڕابردوو و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵی کوردستان و بەرەنگاریی ژنانی ئێران لە سەر شەقامەکان و بێدەنگنەبوونی چالاکانی سیاسی و کەسانی ئاکادمیک و زانکۆیی بەرانبەر بە ڕیژیم و بەردەوامیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە نارەزایەتیدەربڕین، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە، ئەم سەرکوتکارییانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەهیچ شێوەیەک نە دەتوانێ پاشەکشە بە بزووتنەوەی بەرینی مافخوازانەی گەلانی ئێران بکات و نە هیچ دەسکەوتێکی دڵخوازی بۆ ڕێژیم لێ دەکەوێتەوە.

٢٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

---

# تاک و تەنیا لەنێو ئاڵقەی بەناو دۆستەکانیدا



**عەلی بداغی**

لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی ئێستادا کە ئێران لای وایە بەلای بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا شکاوەتەوە، تەنیا چین و ڕووسیە وەک هاوبەشی ئابووری و هاوپەیمانی سیاسیی خۆی شک دەبات. لەنیو وڵاتانی ناوچەشدا کۆماری ئیسلامی زۆرترین چاوەڕوانیی ئەمەگناسیی لە سووریە و عێراق هەیە، چونکی خۆی بە ڕزگاریدەری سەرەکیی بەشار ئەسەد لە تەنگژەی بەهاری عەرەبی و شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتە دەزانێت و هەروەها لای وایە عێراق سەبارەت بە لەکۆڵکردنەوەی مەترسیی داعش قەرزباری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بەڵام مێژووی ڕووداوە هەستیارەکانی کۆمەڵگەی جیهانی پێمان دەڵێن کۆماری ئیسلامیی ئێران دۆستی ستراتیژیکی نەبووە و نییە و تاک و تەریک کەوتووەتەوە.

کۆماری ئیسلامی هەمیشە لەسەر ئەوە پێداگری کردوە کە بەناو پاراستنی تەواوەتیی ئەرزی بۆ ئەو هێڵی سوورە و لەسەر جوغرافیای سیاسیی ئێران تەعاروفیان لەگەڵ کەس نییە؛ کەچی پێوەندیدار بە پرسی سێ دوڕگەکەی ئەبووموسا و تۆنگی گەورە و بچووک تەنیا لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ڕووسیە دوو جار و چین جارێک ڕوویان لە ئێران وەرسووڕاندوە و

دۆڕینێ و پێریش نۆرەی سووریە بوو پشت لە ئێران بکات و دەنگی بخەنە پاڵ دەنگی ئیمارات، لایەنی بەرانبەری ئێران لەو داوایەدا. بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریە کە یەکێک لە بەشدارانی سیوسێهەمین کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی بوو کە ڕۆژی پێنجشەمم، ٢٧ی بانەمەڕ لە مەنامەی بەحرەین دەستی بە کارەکانی کرد، ڕۆژی هەینی بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەی ئیمزا کرد کە لە یەکێک لە بڕگەکانیدا داگیرکاریی ئێران بەسەر سێ دوورگەی ئەبوومووسا، تۆنبی گەورە و بچووک مەحکووم کرابوو. هەروەها داوا کرابوو کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گوشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران تا خاوەندارەتیی ئەو سێ دوورگەیە بداتەوە بە وڵاتی ئیمارات.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە باسکردن لەوە نییە کە ئاخۆ ئیدیعای ئێران یان داوای وڵاتی ئیمارات لەسەر خاوەنێتیی ئەم دوورگانە کامیان ڕاست یان چەوتن، بەڵکوو مەبەست سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە نەیهێشتووە ئەم وڵاتە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا هەتا ئێستاش هیچ دۆست و هاوپەیمانێکی هەبێت.

مەحموود چەهارباغی، فەرماندەی تۆپخانەی سپای پاسداران لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٨دا و لە وتارێکدا ئاشکرای کرد کە خامنەیی لە کاتی بەڕێکردنی قاسم سولەیمانی بۆ سووریە پێی گوتوە پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریەم لە تۆ دەوێ بۆ ئەوەش دەستت بە هەموو شتێک ئاوەڵایە. هاوینی ڕابردوو لە کاتی هەککردنی بەڵگەنامەکانی نەهادی سەرۆککۆماریدا دەرکەوت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٥٠ میلیارد دۆلار پووڵ و سامانی وڵاتی ئێرانی لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا بەفیڕۆ داوە. چوار ساڵ پێشیش لە خەرمانانی ١٣٩٩دا حیشمەتوڵڵا فەلاحەتپیشە، سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی نیشتمانیی مەجلیسی شورای ئیسلامی گوتبووی لە دە ساڵی ڕابردوو یارمەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد پتر لە ٣٠ میلیارد دۆلار بووە، بەڵام وەڵامدانەوەی بەشار ئەسەد ئەوەیە کە دەبینین!

خۆ جیا لەو پشتکردنەی ئێستای بەشار ئەسەد لە بڕیارنامەی کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتانی عەرەبیدا، کاتی هێرشی مووشەکیی ئیسڕائیل بۆ سەر کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە دەمیشق (١٣ی خاکەلێوە)ش ئەوە گوترا کە بەشار ئەسەد لە سەودایەکدا لەگەڵ ئەمریکا و ئیسڕائیل، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی فرۆشتوە و زانیاریی ورد و دەقیقی دانیشتن و شوێنی کۆبوونەوەکەی فەرماندەکانی سپای پاسداران لەلایەن ڕێبەرانی دەمیشقەوە بە ئیسڕائیل دراوە. هەر ئەوکات ماڵپەڕی "تسنیم" و "بولتن نیوز"ی نیزیک لە سپای پاسداران حاشایان لەوە نەکرد کە لە سووریە خیانەتیان لێ کراوە، بەڵکوو تەنیا پاکانەکەیان بۆ بەشار ئەسەد ئەوە بوو کە لەوانەیە زانیارییەکان لەلایەن کەسانی پلەخواری سوپای سووریەوە دزەی

کردبێت و بە ئیسرائیل درابێت!

پێوەندیدار بە چین و ڕووسیەش لە قۆناغە ناسکەکانی مێژووی چەند دەیەی ڕابردوودا قەت پشتی کۆماری ئیسلامییان نەگرتوە. چین و ڕووسیە وێڕای وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئیمزای "بەڵێ"یان بۆ هەر پێنج بڕیارنامەکەی شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی ئێران و سەپاندنی سزای قووڕسی ئابووری بەسەر ئەم وڵاتەدا کردبوو. بەتایبەت ڕووسیە نەک هەڵوێستەکانی ئەم دوو دەیەی ڕابردووی لە شورای ئەمنییەت و لە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دژی بەرژەوەندییەکان ئێران، لە سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقیشدا بە تەواوی پشتی سەدامی گرتبوو و گەورەترین و گرینگترین سەرچاوەی دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ عێراق بوو. ڕووسیە دواتریش لە ڕووداوەکانی قەفقاز، هەرێمی دەریایی خەزەر، گواستنەوەی وزە بۆ ئەرمەنستان، بەرجام و تێوەگلاندنی ئێران لە شەڕی ئۆکراین و زۆر ڕووداوی دیکەدا پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئێران بڕیاری داوە.

وڵاتی چینیش کە هەموو کاتێک خۆی وەک پشتیوانی سیاسی و ئابووریی ئێران پیشان داوە، لەڕاستیدا پتر لەوەی لە کاتە هەستیارەکانی وەک پرسی بەرجامدا پشتی ئێران بگرێت، بەتایبەت لە پرسی گەمارۆکانی سەر ئێراندا هاوهەڵوێستیی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپا بووە. چین هەر ئێستا زیاتر لە ٢٠ میلیارد دۆلار پارەی دەسبەسەرداگیراوی ئێرانی لە بانکەکانیدا گل داوەتەوە و نەوتی ئەم وڵاتەش بە داشکانێکی خەیاڵی دەکڕێ و لەبری پوڵ و دراو، کاڵای بێکوالیتیی جۆراوجۆری دەداتێ. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە کۆشکی هیوایان لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە لە گرژی و ئاڵۆزیی پێوەندییەکانی نێوان چین و ئەمریکادا پەکەن جامینی ئێرانی بوێت، بەڵام قەت ئەوە وەڕاست نەگەڕاوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەگەر لە ساڵدا بڕی مامەڵە و سەودای ئێران لەگەڵ چین لە ساڵدا ٢٠ میلیارد دۆلار بێت، سەودای چین و ئەمریکا لەگەڵ یەکتری سەرەڕای شەڕی ئابووریی نێوانیان سەروو ٥٠٠ میلیارد دۆلارە. کەواتە چین تەنیا وەک بازاڕێکی بەکارهێنان و دەرفەتێک بۆ قازانجی زیاتر چاو لە ئێران دەکات و لەوە بەولاوەتر هیچی دیکە نییە. وەک چۆن زۆر بە خشکە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکانی پێشوو لە وەبەرهێنان لە مەیدانی نەوتیی "یادئاوەران" و مەیدانی گازیی "ئازادەگان" چووە دەرێ و بەوە دەیان میلیارد دۆلاری زیان لە ئێران دا. چین لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ٦٤ میلیارد دۆلاری لە کەرتی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەبەرهێنان کردوە کە پشکی ئێران تەنیا سەتا ٤ی و ئەویش لە قۆناغی سەرکەوتنی بەرجامدا بووە و ئەوەی دیکەی هەمووی بۆ وڵاتانی ڕکەبەری ناوچەیی ئێران وەک عێراق، ئیمارات و عەرەبستان بووە، تەنانەت ئەندامەتیی ئێران لە "پەیمانی شانگهای"یش نەیتوانی پێشی کشانەوەی چین لە کەرتی وەبەرهێنانی نەوت و گازی ئێران بگرێت.

دوای چین و ڕووسیە دەمێنێتەوە ئەو میلیشیا و گرووپانەی ئێران دەیانژێنێت و ئەوانیش هەم خۆیانی پێ دەوڵەمەند و تەیار هەم جاروبارە شەڕی نیابەتی بۆ کۆماری ئیسلامی دەکەن کە ئەوانیش ناتوانن هەتا سەر گوێڕایەڵ و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئێران بن؛ هەر وەک پێشتریش لە وەرسووڕانی حەماس لە ئێران لە ڕووداوەکانی شەڕی نێوخۆیی سووریەدا بینیمان.

ئێران لە ئێستادا لە هەموو ڕکەبەرەکانی ناوچەیی بەجێ ماوە و تاک و تەریک کەوتووەتەوە. بۆ نموونە پاکستان جیا لەوەی هێزێکی ئەتومییە کەچی بەو حاڵەش لەژێر چەتری پشتیوانیی ئەمریکادایە؛ تورکیە ئەندامی ناتۆیە و وڵاتانی عەرەبییش جیا لە هاوپەیمانییە جۆراوجۆرەکانی نێوان، پشتیوانیی ئەمریکا و ناتۆشیان هەیە و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی تاکلایەنەش پەیماننامەی نیزامییان لەگەڵ وڵاتانی ئوورووپایی هەیە. بەڵام سیاسەتی دەرەکی و قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو وڵاتەی لە لێکگریدانی بە هێز و دەسەڵاتە گەورەکانی دنیا بێبەش کردوە. بێمتمانیی خەڵکی نێوخۆی وڵاتیش بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەکردەوە دەستی ڕێژیمی لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە کورت کردووەتەوە، سروشتییە کە هیچ وڵاتێک ناچێتە نێو پەیمانی ستراتیژیی سەربازی و ئابووری لەگەڵ وڵاتێک کە لە شەرعییەتی خەڵکی و سیاسیی لایەنی بەرانبەری دڵنیا نەبێت.

٣١ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:
## حەق وابوو ڕەئیسی لە مەحکەمەی خەڵکیدا دادگایی و بە سزای کردەوەکانی گەیشتبا




دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ی بانەمەڕ، ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حوسێن ئەمیر عەبدوڵلاهیان، وەزیری دەرەوە و چەند کەسی دیکە لە گەورە بەرپرسانی ڕێژیم بەهۆی بەربوونەوەی هێلیکۆپتێری هەڵگریان کوژران. کاردانەوەکان بە بەربوونەوەی هێلیکۆپتێری هەڵگری ڕەئیسی و شاندی هاوڕێی و کوژرانیان زۆر و جۆراوجۆر بوون، بەڵام ئەوەی لە هەمووان گرینگ و جێی بایەخدانە، شادی و خۆشیدەربڕینی خەڵکی ئێران سەبارەت بەو ڕووداوە بوو.

ڕەنگە ڕووداوی هاوشێوە وەک پێشتریش ڕوویان داوە لە داهاتووشدا بۆ بەرپرسانی وڵاتان ڕوو بدەن، بەڵام لەو وڵاتانەی دەسەڵاتی سیاسی متمانە و شەرعییەتی خەڵکیی هەیە و دەسەڵاتداران هەڵبژاردەکانی ڕاستەقینەی خەڵکن، لە ئەگەری ڕووداوی لەو چەشنەدا خەڵک داوای سلامەتی و پارێزراوبوونی بەڕێوەبەرانی وڵاتەکەیان دەکەن. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەم بابەتە پێچەوانەیە. ئەوەش لەسۆنگەی کەلێن و دابڕانی زۆری نێوان خەڵک و حاکمییەت، دەسەڵاتی دیکتاتۆری و سیاسەتە دژیگەلییەکانی ئەو ڕێژیمەیە کە کۆمەڵگەی وڵاتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵاتی و ئابووریدا تووشی قەیران و تێکڕمان کردوە. بۆیەشە خەڵک نەکەهەر بەدژیان ڕادەپەڕن، بەڵکوو لە حاڵەتێکی لەمجۆرەشدا هیچ بەپەرۆش نین و بە مردنیان خۆشحاڵن. ئەم ڕووداوەش بۆ بیرورای گشتی تازە نەبوو، وەکوو پێشتریش خەڵکی سیاسی و بەهەڵوێستی ئێران لە کاتی کوژرانی قاسم سولەیمانیدا کارناڤاڵی شادییان وەڕێخستبوو.

ئیبراهیم ڕەئیسی یەک لە بەرپرسە مرۆڤکوژ و بێزراوەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. کاربەدەستێک کە ناوی ئاوێتەی جینایەت، سەرکوت، ئێعدام، کۆمەڵکوژی و ماڵوێرانی بۆ خەڵکی ئێران ببوو. ڕەئیسی یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی مەرگ بوو کە گەلاوێژ و خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی بە فەرمانی خومەینی هەزاران کەس لە زیندانییانی سیاسیی دژبەری ڕێژیمیان لەسێدارە دا. هاوکات دەورانی سەرکۆمارییەکەشی بە یەکێک لە ڕەشترین سەردەمەکان لە حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی دادەنرێت. لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)دا بە هەزاران کیژوکوڕی لاوی ئێران بەتایبەت زۆرتر لە کوردستان لە ماوەی دەوڵەتی ڕەئیسیدا کوژران، یان بریندار و کەمئەندام کران و هەزاران دایک و باوک جەرگسووتاو و سەدان منداڵ لە نازی دایک و باوک بێبەش کران. دەیان هەزار مرۆڤی ئازادیخواز خرانە بەندیخانەوە کە دەیان کەسیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا و هەزاران کەسیان حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپا. بۆیە ئاساییە لەوەها حاڵەتێکدا خەڵک کە دەرەتانی دادگاییکرانی ئەو بکوژانە و جیبەجیبونی دادپەروەری لە کۆماری ئیسلامیدا نییە، لە ناچاری شایی و خۆشییان لەدڵدا بگەڕێ و ئەو پیخۆشبوونەش دەرببڕن. هاوکات ئاواتی ئەوە بخوازن کە نەکهەر ئیبراهیم ڕەئیسی، بەڵکوو سەرجەم دەسەڵاتبەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی سێبەری شووم و ڕەشیان لەسەر وڵات و خەڵکی ئێران نەمێنێ و خەڵک لەو دۆخەی کە تێیدان ڕزگاریان ببێت.

بێگومان ویستی سەرەکیی خەڵکی ئیران ئەوە بوو ئیبراهیم ڕەئیسی وێڕای جینایەتکارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی پێش مردن سەبارەت بە هەموو ئەو جینایەتانەی کردوویانە ڕاپێچی دادگا بکرین و سزای تاوانەکانیان وەربگرن. بەڵام بەداخەوە لەسۆنگەی دەسەڵاتی ڕەشی ئیستبدادەوە هەتا ئێستا ئەم ماف و دەرفەتانە لە کیس خەڵکی ئێران دەچن.

خەڵکی ئیران کە قوربانیی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامین شایانی بەدیهاتنی دادپەروەری و گەیشتن بە مافەکانیانن، بەڵام ئەوەش لەگرەوی بەرەوپیشچوون و تیندانی خەبات، گەشەی بزووتنەوەی نارەزاییەکان و سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی و دادگاییکردن و سزادانی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمەدایە. ئەرکێک کە دەبێ هەمووان لەسەری بەردەوام بین.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٣١ی بانەمەڕی ١٤٠٣

٣١ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٤ی کوردی = مای ٢٠٢٤ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، بابەت و دیمانەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

